# بەندیخانەی بۆرسۆئێن

(کۆمەڵە کورتە چیرۆک)

نووسینی

ئازاد کەریمی



وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر

**ناوی کتێب:** بەندیخانەی بۆر سۆئێن

**نووسینی:** ئازاد کەریمی

**پیتچنین:** نووسەر

**نەخشەسازی ناوەڕۆك:** ئاسۆ

**نەخشەسازی بەرگ:** ئامانج ئەمین

**بەگراوندی پشت بەرگ:** کرێس کووچێرا (بەندیخانەی سلێمانی)

**چاپی یەکەم،** بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری – **هەولێر/** 2012

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (546) ساڵی (2012)ی پێدراوە**

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە

ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە

www.kurdistanchap.com

# پێڕست


ئەزموون .................................................... 13

خودات لەگەڵ شازادە خانم .............................. 16

هەڤ پەیڤین ............................................ 23

کوردو کوردستان ...................................... 27

بەندیخانەی بۆرسۆئێن ................................ 41

جەژنی حەنوکا ......................................... 86

میتۆلۆژیای ژیان ...................................... 92

دایە گەورە ............................................. 93





چیرۆکی ئاشقێنی ...................................... 104

تەنیایی .................................................. 109

پیرۆزباییەک لە مافپەروەرانی توونس ................... 112

ئامەدی .................................................. 115

سێوێ .................................................... 121

تێنیای چەکدار ....................................... 124

سەرئێشەی ئینتێرنێت ................................. 133

دەسماڵەکەی نازەنین خانم ............................ 139

پێشکەشە بەدایکی نیشتمان،

هەروەها دیاریە بۆ دایکم...

**یادداشتێکی نووسەر:**

سەبارەت بە خۆم هەر ئەوەندە ئەتوانم بڵێم کە تا ئێستا سێ پەرتووکم لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکردووەتەوە... دووانیان (نامەیەک لە قوبرسەوە/ بووکە بەردینە) کۆمەڵە کورتە چیرۆکن و من لە برگە جیاوازەکانی ژیانمدا نووسیومن. ئەوی تریش (Ezda) زنجیرە چیرۆکە بۆ منالآن و بەزاراوەی کورمانجی چاپم کردووەو کەوتوەتە دەستی خوێنەرە بەڕێزەکان. لە گۆڤار و ڕۆژنامە وێژەیی و کولتووریەکانی سەقزو هەولێر و مەهاباد و سنەو تاراندا بابەتی لێکۆلینەوەی مێژوویی و شێعرو چیرۆکم بڵاوکردووەتەوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم بەڕێز ماجید نووری هاوکاریی زۆری کردوومە لە بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکانمدا هەروەها سوپاسی جەنابییان و کاک شاکر ئەبوبەکر دەکەم بۆ ئەو هاوکارییە دڵسۆزانەیان.

سەبارەت بە کتێبی چوارەم کە لەبەر دەستی جەنابتاندایە، پێویستە بڵێم: چەند ساڵ پێش ئێستا برادەرێکم بەناوی" د. عەلی قلیچ" کە لەفەڕەنسا ئەژی، لە بەرواری سێزدەی ئۆکتۆبری ساڵی 2007دا چەن وێنەی لەبنەماڵەی خۆیان بە دایک و براو خوشک و پوور (وەک هەولێری ئەڵێن: پلک) و خاڵ یەوە بۆ بەڕێ کردم... هەڵبەت لەسەر داواکاری من بوو، من پێم ڕاگەیاند کە خەونم بە ڕەحمەتی، جەنابی "سەید ڕەزا دێرسیمی"یەوە بینیوەو



چونکە دوکتور عەلیش لە کوردانی زازایەو دێرسیمییە پێم ووت حەز ئەکەم لەسەر ماجەرای دێرسیمی 1937ی زایینی، زانیاری و بەڵگەنامەم بۆ بەڕێ بکات. جەنابیان زەحمەتی کێشاو بە ئیمێڵ چەن وێنەو بەڵگەنامەو شێعری بۆ بەڕێ کردم. نووسیبووی: ڕۆژباش بەڕێز ئازاد، سپاست ئەکەم بۆ حەزو عەلاقەت... من ئێستا لە پاریس نیم، ڕۆژی چوارشەمە ئەگەڕێمەوە... هەر وەک وتبووم پێشتر، من خوشکەزای یەکێک لە شۆڕشگێڕان و گیانفیداکانی سەرهەڵدانی دێرسیمم،. خاڵم ناوی عەلییەو بە "عەلییۆ قز" ناوبانگی دەرکردووە. تێکۆشین و خەباتی ئەوان زۆر تراژیکە... لەمەڕ ئەوان هەزاران هەڵبەست هەیە. وێنەی دایکم و مامی دایکم و خوشکم و خاڵم و گوندی ئەوان "خۆز مەراگێ" بۆ جەنابت بەڕێ ئەکەم. من ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی کتێبێکی گەورەم لەسەر مێژووی دێرسم و قۆچگری... ئەم دێڕانەم وا بۆ تۆ نووسی وەڵامی پرسیارەکانی تۆیە، سڵاو و ڕێز...

کاتێک دیسانەوە سپاسم کرد بۆ ناردنی ئەو شتانەو داوای وێنەو شتی تایبەتم کرد بە خۆشحاڵییەوە بۆی ناردم. دیسان دەستخۆشیم کردەوەو ئەمجارە پێم ڕاگەیاند ئیجازەم پێ بدات لەکتێبێکم دا وێنەی دایکی جەنابیان، بۆ بەرگی کتێبێکم بەکار بهێنم... دیسانەوە بە دڵفراوانییەوە ئیجازەی پێدام و بۆ منی نووسیبوو کە "بنەماڵەی دایکم پاکتاوکران و 127 کەسیان لێ

کوشتن... خاڵە عەلیم خۆشەویستی سەید ڕەزا دێرسیمی بوو... تکام وایە ئەم پارچە هەڵبەستەیش بڵاوبکەیتەوە"...

خوێنەری بەڕێز! من زازاکی باش نازانم، بەڵام ئەو پارچە هەڵبەستەی کاک دوکتور عەلی وەک خۆی بە ڕێزمانی لاتین و بە زاراوەی زازاکی لە کۆتایی ئەم یاداشتەدا ئەهێنمەوە... هەڵبەستەکە، هی کەسێکە بە ناوی "حەمێ میرزا سڵی". ..

ئەوەش بڵێم کە ناوی دایکی ئەو بەڕێزە خاتوو "مەلەک" کچی" حەمەدێ میرزاڵی یێ سلێمانی"یەو من لە پشت بەرگی ئەم پەرتووکەمدا وێنەییم داناوە واتە وێنەی سێهەم لە ئاراستەی ڕاست، ریزی یەکەمەوە. یەکەم وێنەش، هی داپیرەی منەو ناوی ئامینە خانم و لەبنەماڵەی مەحموود کازمی خەڵکی قەڵەندەر، سەر بە شاری سەقزە... لە چیرۆکی "دایە گەورە"دا باسی ئەوم کردووە... خانمەکانی تریش بریتین لە: تادۆهیپا ناسراو بە نۆفێرتیتی شاژنی فێرعەون ئاخناتون، دایکی دکتۆر عەلی، رەوشەن بەدرخان، عەدیلە خانم جاف، ژنێکی جولەکەی سەقزی، جەنابی حەفسە خان نەقیب، دوو خانمە جولەکەی رواندزی، خانمێکی ئەزیدی لە ئەرمەنستان، خاتوو مەیرەم خان یەکەم ژنی دەنگبێژی کورد وا دەنگی خۆی تۆمار کردووە،، خانمێکی سنەیی، کچی ئەکرەم جەمیل پاشا نوێنەری ئامەد لە پاڕلەمانی ئەستەمبۆڵدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەم وێنەی ئەو ژنانەی وا لەکوردانی جوولەکەو ئێزدی و فەلە واتە مەسیحی کە نە ناسراون،



بەشێکی گرنگ لە ئەرشیڤی فەرهەنگی کوردن. لە ئاکامدا سپاسی هەموو لاییێکتان ئەکەم کە خەریکن بەخوێندنەوەی بەرهەمی ئێمە، ئەیخەنەوە بیری کەسێکی وەک من کە ئەبێ بنووسم و خزمەت بە وێژەو ئێوە بکەم...

îatoxê lawukê: Piyê Eliyê Qizi - Hemê Mirzê Sil

## LAWUKA ELİYÊ QİZ

vore vora, vore vora
vo nêmeiçhor qal
iliyê mE, iliyê mE
zoino Qiliyê mE
no îbiko Eliyê mi tên
Odêrê koy tênino
îkafir hard kinito miye ra cêr
îleşa Eliyê mi kerda hard
noîbiko Eliyê mi tên
no, Bao qedaîOndêrê koy tên
noî têniliyê mEko, ib
no, Bao qedaîOndêrê hard tên
îto, mi ye ra cêrini hard kîkafir
î, kerda hardiliyê mEleşa
eve weşiye hurdi mena roştia
çhimê Eliyê mi cira vetê
Ax de Bao qedaê cigera ho bijê ro
îDina mi sero biya tengo tar

liyê ho feteliyoEez hore şiyo, cendegê
caede , cendegê Eliyê ho nêdiyoim
Eliye mi , Eliyê mino Qizo
pers kenê, vanê, îranîder u c
ra Hemed tore sebiyo! ib
nêzono iez vano, kês derdê m
ezo biyo phepugê khêngerê verê vay
vore vora, vore vora
vo nême içhor qal
mi ,Eliyê mino QizoêliyE

## ئەزموون

کوڕە گەنجەکەی ناو زیندانە نووتەک و تاریکەکەی بەندیخانەی مۆتەکەی ئاشق کوژ، ئەمانەی بەخۆی ئووت:

گەشتیاری تاریکخانە بووم
بەبێ چرا
دڵم بەرچەی تارمایی خۆش بوو...
لەپم کوتایە دیواری تاریکی
جگە لەورەی خۆخەڵەتێنی خۆم
چیتر
منی بە پێوە ڕانەگرت.
من ڕێبواری شەقامی بێ ڕۆشنایی
شارێکی نا ئاوەدانم
کە هێشتا
نە چاکە سواری نە بەزی بە خۆوە دیوە
نە هەڵاک هەڵاکی
پیادەیەکی ڕاوەدوونراو
لە پاش کێشەیەکی قیناوی...
پێم وانیە ئاسمان برووسکە بدات
لە جەستەی چەقەدارێکی پیرەڵۆک
و ئاگر بکاتە



کاروانی شەو هەڵبڕی تاریکی
تا کوو هەورەگرمە بکات بە زەنگۆڵە و
مژدەی هاتنی ڕێبواران بهێنێ
بە مەشخەڵی نوورەوە
بەڵام من
شارەوانی ئەم شوێنە نادیارەم
وا لە نەخشەدا ناوی وونە...

کوڕە گەنجەکەی ناو زیندانە نووتەک و تاریکەکەی بەندیخانەی مۆتەکەی ئاشق کوژ، ئەمانەی بەخۆی ئەگوتەوە.... زیندانەکەی زۆر تاریک و نماوی بوو. بۆنی تەڕەشۆ ناو لووتی ئەکزاندەوە... هیچی نەووت.... وای زانی کەسێک هاتووەو گوێی لێ شل ئەکات.... بەڵام کەس نەبوو.... هێشتا کەس گوێی لەقسەکانی نەگرتبوو،.... بڕیاریش نەدرا بوو کەس گوێی بۆ شل بکات.... دەنگی ئەو کوڕە گەنجە ئەویندارە لەناو دەنگی تردا وون بوو... هەموو کەس و هەموو شت و هەموو ڕەوت و ڕەوشەکان دەنگیان دابووە دەنگی یەک، سیمفۆنیاییێکی چڕو بێ خەیاڵیان پێک هێنا بوو... لەخەستایی ئەو سیمفۆنیا یەکەکەش و هەوای دا گرتبوو، دەنگی کزی لاوێکی ئەویندار وەک دەرزی یەک لەکایەندا ون ئەبوو...

کوڕە گەنجە ئەویندارەکەی ناو زیندانی مۆتەکەی ئاشق کوژ دڵی بەوەخۆش بوو ئەویندار بووەو ئەزموونی ئەوینی ڕاستەقینەی کردووە... پاساوی ئەداوە: قەیدی ناکا... ئانشتەین قانوونی فیزیکی دروس ئەکرد، منیش ئەزموونی راستەقینەی ئەویندارییم کردووە.... کەم کەس وەک منیان پی ئەکرێ.... ئەدۆڕێن.... بەڵام من وا نیم.... من لەزیندانم، زیندان! .... وەک ئەو کەسانەی وا لەزیندانن و هیچ ناتوانن بکەن....



## خودات لەگەڵ بێ شازادەخانم!

شازادەخانم ئاگای لەدەنگی دوایین سوارکارەکانی گاردی پاشایەتی بوو کە بەدەنگی بەرز پێکەوە هاواریان ئەکرد: خودات لەگەڵ بێ شازادەخانم! ....

دەنگی شۆڕە سوارانی ماریانوو (مارجانوگ/ مەردی جەنگ)ی میتانی تێکەڵی خرۆش و گوڕمەی شەپۆلەکانی فرات ئەبوو، سیمفۆنیاییێکی حەماسی خوڵقاند بوو. "تادۆهیپا" شازادە خانمی وڵاتی میتانی، کچی شاتووش ڕاد، شاەنشای شکۆداری میتانی لەکوردستانی کۆن، ئەڕوات بۆ میسر. تادۆهیپا شووی بە "ئامۆنەۆتەب"ی سێهەم فیرعەونی میسر کردووە و بەبووکی ئەیبەن بۆ "تێبێ" پایتەختی ئەو وڵاتە....

بووک زۆر جوانە..... میترا یەزدانی جوانی و وەفا شتی پێداوە: جوانی، نەرم و ناسکی، بەژن و باڵای ڕێک و پێک و زراڤ و چووزە، پێستێکی سپی و زێوین وەک مانگە شەو، هەستی نیان هەموو و سروشتی نازدار و ڕەفتاری گران و سەنگین، ڕەگەز و نەبەتەری شاهانەو بەشکۆ، دەوڵەمەندی و دەسەڵات و بەگزادەیی و ئێستاش خانمی یەکەمی میسری خاوەن مێژووە.... شاژنی میسرە! ....

تادۆهیپای نازدارو نیان پەردەی کەژاوەکەی هەندێ لادا و سەیری دەرەوەی کرد... سەرۆک و سەرکردەکانی وڵات بەڕێز

ڕاوەستا بوون و گاردی شاهەنشاهی کەبەسپای "ماریانۆ" ناسراون و ناوبردنیان تەز و لەرز ئەخاتە بڕبڕاکەی پشتی دوژمنان، بەجل و بەرگ و کڵاوی سوورەوە ڕاوەستاون، قەڵغانەکان یان و چەک و ڕەختی ئەم شۆڕە سوارە ناودارانەی ئاسیای پێشوو لەبەر تاودا ئەدرەوشانەوە، جموجووڵی هەندێکیان ئاراستەی تیشکەکانی هەندێ جار بەنەرمی ئەگۆڕی و لەدوورەوە بەگزنگی ئەستێرە ئەشوبە....

توش ڕاد، شای میتانی لەپێناوی ئەم خزمایەتییەدا زێڕێکی زۆر و هەروەها دۆسایەتی گەرم و گوڕتری فیرعەونی میسری بۆ خۆی و خەزێنەکەی و وڵاتەکەی بەدەس هێنا بوو....

تادوهیپا دڵتەنگ بوو.... کاتێ لەکۆشکی پاشایەتیدا ژیانی ئەکرد، ئاسوودە بوو.... قەت بیری لەوە نەئەکردەوە ببێ بەژنی فیرعەونی میسر. ئێستا ژنی فرعەونەو دڵتەنگەو دڵە ڕاوکێی هەیە... لەسەر تا سەری تەمەنی پانزدەساڵانەی دا ئەوەندەتووشی دڵەڕاوکی و دڵەتنگی نەهاتووە.... دڵەڕاوکێ بۆ قەدەروچارەنووسی نادیار و دڵەتنگی بۆ کۆشک و باخ و حەوزەکانی، بۆ خانووە ڕەنگنامەکانی "واشوکا" پایتەختی زێڕینی وڵات، بۆ ئەو هەمووە خەمڵ و لەوەندی و بەدەویەی میتانی، وڵاتی شۆڕە سواران و جوانان و گەردەن گازان.... پەردەکەی دا داوە.... فرمێسک لەچاویەوە کەوتەسەر کراسەکەی بەری....



ڕوانی یەفرمێسکەکەی.... هەناسەیەکی هەڵکێشا و هیچی تر.... وا فێر ببوو زوو دڵی خۆی لەگەڵ ڕووداوەکان ڕابەێنێ....

"شەمێران" سەر سپییەکەی، کەنیزێکی ئارامی بوو.... دەستی بەڕومەت و لاجانگی تادۆهیپا داهێنا. تادۆهیپا دڵی حەواوە.... لەهەموو شتەکانیدا تەنیا شەمێرانی بۆ ماوەتەوە.... سەری نا بەلای سەری شەمێرانەوە.... چاوی بەست....

کاتێ دوای چەند ڕۆژ کاروانی شازادە خانم تادۆهیپا گەیشتەتێبێ، تەنیا وشەیەکی بەباشی ئەبیست: جەماوەری پێشوازیکەری میسر بەدەنگی بەرز ئەیانووت: نۆفێرتی تی! .... دواتر زانی خەڵک بەدەنگی بەرز هاواریان کردووە: خانمە جوانەکە گەیشتە پێشەوە.... خانمە جوانەکە هات!

نۆفەرتی تی ئەمانەی لەباوەشی ئاخناتوندا ئەگێرایە.... بیرەوەرییەکانی لەهاتن و گەییشتنی بۆ تێبێ ئەگێڕاوە.

ئاخناتون پەنجەی بەنەرمی هێنا بەساو گەردنی بەرزی ژنەکەیداو ئارەزوومەندانە گوێی لە وتەکانی نۆفەرتی تی گرتبوو... ئاخناتون شەیدای تادۆهیپا بوو....

مانگەشەوی مانگی دووهەمی بەهارو دوایین خرۆشەکانی سەرهەڵدانی بەهارانەی نیل و قیژەو هەرای سۆنەو قازو مراویەکان و جار بە جار دەنگی هەرای ماسیگرەکان و کەڵەکچیەکانی سەر ڕووباری نیل و بۆنی ماسی برژاو و بۆنی لم و لیتەو قەوزەی کەنارەکانی نیل و تارمایی پرامیدەکانی "خۆفۆ" و "خەفرەع "و"

مێنکەو رەع " لەلای سەحراوەو خانووە گڵێنەکانی پایتەخت و لەسەرووی هەموویانە و هەبوونی بتێکی لاو و لاوەندو بەناز وەک نۆفەرتی تی، شاژنی جوانی و کەماڵ، بۆ پیاوێکی شکۆداری وەک ئاخناتون، شای میسر، کەخۆی لەخۆیدا مرۆڤێکی کەماڵخوازو وردبین و بەهەست و سۆزەو هەروەها خاوەنی جەوهەری جوانی ناسی و هەوێنی ماخۆلەیەکی سۆزدارانە لەسروشتی پیاونەیدایە، بەدەربڕینی ئاواتە شاراوەکانی ناو ناخ و دەروونی بەشێوەیەکی سپاسدارانەبۆ ئەو هەمووەخۆشبەختی و کامەرانیەی کەئاتون پێی بەخشیوەو لەهەڵبەستەکانیداو لەبەرپاکردنی شاری نوێی "خۆر بازێر" و لەهونەری شێوەکاری و نیگارکێشی و لەگشت ئەو شتانەی کەبەئیرادەی خۆی هێنا بوویە خولْقاندن تاکو شادبوون و بەختەوەری خۆی بەهەبوونی ئەو شتە نایابانە بدرکێنێ لەسەرووی هەموویانەوە تادۆهیپا و شەش کچەکەی کە تادۆهیپای نازدار بۆی بینیبوو، هەر هەمووی پەسن و وەسفی کەماڵ و پڕبوونی ژیان بەپێی پێوەرو پێوانەکانی فیرعەون ئاخناتون شای خاوەن شکۆیە.... ئێستا ئاخناتون خۆی بەپیاوێکی تەواو ئەزانێ.... چاوی بەست و وشەکان هاتنەناو دەمارەکان و ڕیشۆڵەکانیەوە، ناخ و جەستەی پێکەوە بەڕامان و بەڕستەپەسنی ئەو هەست و ئێحساسە دەروونییەی فیرعەون ئاخناتون، شای شکۆدارو ئەویندارو جوان پەرستیان سەبارەت بەشاژن نۆفێرتی تی دا،



ئاخناتون لەسەر پاپیرۆسێکی زەرد دا ئەم چوارینەی بەم دێڕانە نووسی:

سوێندم بەئاتون، خۆری زێرین بەرگ
خواوەندی نیل و ژیانی بێ مەرگ
هەر کەس ئاشق بێ نەشێتەو نەژیر
ئاگری ئەوینەو ئەبرژێنێ جەرگ....

فرمێسک لەچاوی ئاخناتون تکایە خوارەوە.... کەوتە سەر پەڕەی پاپیرۆسەکە.... تادۆهیپا چاوی بەستبوو، خەوتبوو.... نەدڵەڕاوکێی بوو، نەدڵتەنگ بوو....

خۆر، یەزدانی گەورە تیشکی خستبوە سەر چارەنووسی تادۆهیپا.... نۆفێرتی تی، شاژنی میسر، میسر.... وڵاتی نیل و ئاخناتون....

2011/4/29

1. ماردی یان، واتەمەردی جەنگ، مێرخاس، جوامێرو گیانفیدا شۆرەسوارانی میتانی بەم ناوە، ناوبانگیان دەرکردبوو

2. تادۆهیپا،، شازادە خانمی بەناوبانگی میتانی (1381پ.ز) لەتەمەنی پانزدەساڵاندا شووی بەئامونەۆتەبی سێهەم کرد. پانزدەساڵ دواتر بێوەژن کەوت و شووی کردەوە بەئامۆنەۆتەبی چوارەم کەلەمێژوودا بەئاخناتون مەشهوورەو خاوەنی شەش کچ بوون. تادۆهیپا ژنێکی دڵ ناسک، ئێسک سووک و خۆشەویست و جوان بوو، کەڵەگەتێکی چووزەڵەی تیشکەڵەبوو، چاوانێکی بادەمی و پێستێکی

سپی و ناسکی هەبووە. نۆفەرتی تی بەزمانی قێبتی کۆن بەم واتایە: جوانێ گەییشت! . ئەخناتون داوای لەههونەرمەندانی میسر کرد وێنەی ژنە جوانەکەی و شەش کچەکەی بەدیواردا بکێشن. نۆفەرتی تی یەزدانی خۆر(ئەهوورە)ی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ میسر و ئایینییەکەناسی و تاکپەرستنی وڵاتی میتانی لەمیسردا بەهۆی ئەخناتوونەوە گەشەپێدا. کاهێنەکان و پیاوانی ئایینی مەنف و شاری بیت شاماش/ خۆرباژێر پشتگری خۆیان لەم ئایینە دەربڕی.... هەربۆیە شەڕێکی گەورە لەمیسر هاتەئاراوەو لەپاش مەرگی ئەخناتون ئەم ئایینە لەوڵاتی میسردا لەگەشەکەوت و پشتگوێ خرا.

3. میتانی.... شاهەنشاهی میتانی، لەزمانی ئارامیدا پێیان وتووە مەدیان، کەلەقورئان کتێبی پیرۆزی ئیسلامی دا هاتووەو شوعەیب یەکی لەپیەغەمەران خەڵکی ئەوێیە، هەروەها لەتەوراتدا یەترون دادوەری بەناوبانگی مەدیان خەزووری موسا، پیەغەمەری گەلی جوولەکەبووە.... ئەم دەوڵەتە پێکهاتەی نەتەوەیی ئاری – هووری هەبووەو بەگشتیی کوردستانی جوگرافیایی کە لەزاگرۆس و تاورۆس پێک هاتووەو هەتا کەنارەکانی دەریای سپی لەخۆی گرتووەو لەگەڵ کاشییەکانی بابل و هیتییەکان و بنەمەڵەی هەژدەی میسردا هاوکات بووە. ئاشوورییەکان بن دەستیان بوون و میتانییەکان پاشایەتی 625 ساڵەی کاشیەکانیان لەبابل ڕووخاندووە.

شایەنی باسەکاشییەکان و میتانیەکان و هوورییەکان و هیتییەکان و گشت شارستانیەتەکانی تر وەک گوتی و لولویی و سوباری و ئورارتویی و مانناییی و نایرییەکان زنجیرە شارستانیەتێکی خورت و قاییم یان یەک لەدوای یەک پیک هێنابوو کەپەلکەی مێژووی کوردستان و فەرهەنگی نەتەوەی کوردیان هۆنیوەتەوەو سەر پەلکەی ئەم زنجیرە شارستانیە کۆنە ئێمپراتۆریای مادەکەبە ناوبانگترین



شاهەنشاهیی مێژووی کوردەو لەهەموو دەوڵەتە کۆنەکانی کوردستانی قەدیم گەورەترو شکۆدارتر بووە.

4. توش راتا، توش راد، لەکوردیدا توش بەواتای توانا و هێزە، ڕاد یان ڕات بەواتای بەخشش و بەخشندەییە، یان پێشکەشکردنە، کەواتە توش ڕاد بەمانای توانابەخشە، پەسنێکی یەزدانییە. هەتا ئەوەندەی بزانم وشەی تووش وەک ناوی تایبەت بەسەر گردێکەوەیە لەڕۆژهەڵاتی شاری سنە کەئێستا کەوتوەتە ناوەڕاستی ئەم شارەوەو بەناوی «تووش نۆزەر» بەناوبانگە.

5. ئامۆنەۆتەبی سێهەم یەکەم مێردی تادۆهیپا.

6. پایتەختی میسری خواروو لەسەردەمی فرعەونەکان

7. خواوەندی کۆنی کوردەکانی قەدیم یەزدانی وەفاو جوانی و ئەوین بوو. وشەی مارەکردن بەواتای بەستنی پەیمانی ژن و مێردایەتی یادگاری سەردەمی مەهر یان میترایە...

8. واشوکانی، پایتەختی میتانی، ئەم شارەنە ماوە، بەڵام ئاسەوارناسەکان پێیان وایە لەکوردستانی سوریا و لەهەرێمی سەرێ کانی دایە واشوکا نزیکە لە وشەی زازاکی (وەشک) بەواتای خۆش.

9. ناوێکی ژنانەی ئارامی و سوریانییە، ناوی شاژنێکی بەناوبانگی ئاشوریەکانە لەسەدەی نۆهەمی پێش زاییندا.

## هەڤ پەیڤین

ئەمین بەو پرچ و قژەسوورەیەوە دەوری لێدا بووم پەسای پەس پرسیاری ئەکرد، هەر ئەڵێی پێشبڕکێی تەلەڤیزیۆنیە:

ئەمین: ئەحمەد عارف ناس دکەی؟

من: نا!

ئەمین: سووزان سابانجی؟

من: ....

ئەمین: مووسا ئانتەر؟

من: ئەیناسم.... ئەو پیاوە بە ڕێزە وا تیرۆرکرا؟

ئەمین: با....

من: شێرزاد حەسەن ئەناسی؟

ئەمین: نا، خەڵکی کوێیە؟

من: خەڵکی سلێمانییە. ئەی لەتیف هەڵمەت ؟ شێرکۆ بێکەس؟

ئەمین: نا.... ئەوانیش هەر عێراقین؟

من: بەڵێ کوردی عێراقین.

ئەمین: من تەنیا جگەرخوێن ئەناسم.

من: منیش ئەیناسم.... عیسمەت شەریف وانلیش ئەناسم!

ئەمین: زۆر باشە!

من: تۆ لەوانە گەڕێ... ئازاد کەریمی ئەناسی؟



ئەمین: نا... چکارەیە؟

من: چ کارەیە؟ ... کوڕی باش چۆن نایناسی؟ ... نووسەرە.. نووسەر! هەموو دنیا ئەیناسن... ئێستا تۆ چ کوردێکی نووسەری وڵاتەکەت ناناسی؟

ئەمین: بمبوو رە تا ئێستا کەسی وام نەناسیوە...

من: قەیدی ناکات! بووراوی... ئەی تۆ لەهونەرو ئەدەبیات کامیان ەهڵئەبژێری؟

ئەمین: ئەدەبیات! ... ئەی تۆ؟

من: من هەردووکیان. ...

ئەمین: سینەما؟ موزیک؟

من: گشتیان.... هەموو هونەرەکان.....

ئەمین: ئەی فەلسەفە؟ ... من بۆخۆم زۆر حەزم لەفەلسەفەیە.

من: خۆشە، دەریای بێ بنە... بەتایبەت مۆدێرنیتە...

ئەمین: من حەزم لەفەلسەفەی چەپییە....

لێرەدا ئەمین هەستی کرد وتەیەکی هەرەگرنگی دەربڕیوە، پێی وابوو مانیفێستی بەدنیا ڕاگەیاندوە.... بەگارسۆنەکەی ووت: دیسان ڕاکی!

گارسۆن بەڕێزەوە ووتی: سەرچاوان!

ئەمین: من بەهەموو گیان و ناخمەوە چەپ و ڕێبازی مارکسیم قەبووڵە.

من: منیش وەک تۆ حەزم لەڕێبازی چەپ بوو، بەڵام ئێستا تێگەییشتووم دنیا گۆڕاوە.

ئەمین: ئەی باشە ئەتەوێ لەمەبەدواوە چ بکەی؟

من: پێشترووتم مۆدێڕنیزم و هێرمۆنۆتیک.

ئەمین: دواکەوتووانەیە. لەناخی بورژوازییەوە دەرهاتووە. ئەمپێریالیزم هاتووە بۆ ڕزگاربوونی خۆی ئەم قۆریاتەی داهێناوە.

من: باشە خۆ من ئەمپێریالیزم نیم، ئە مپێریالیستیش نیم. بۆچی حەزو سەرنجم بەلای ئەو باسەفەلسەفی/ کۆمەڵایەتییەدا ئەچێ؟

ئەمین: هەر بەبۆنەی کەسانی وەک تۆیە کەچەپ هاتووەتەئارا.... چەپ بڕوای بەسەرهەڵدان و شۆڕشی هزرو بیری گشتی هەیە. هەبێ کارێکی وا بکرێ کەخەڵک نەکەونە پاش ڕێبازە دواکەوتووەکانی کاپیتالیزم و ئەمپێریالیزم و یۆنیڤێرساڵیزم و ناسیۆنالیزم....

ئەمین بەجۆش و خرۆشەوە قسەی شۆڕش و سوورو سەرهەڵدان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئەکرد.

بیرم لەوە کردەوە ئێمە لەکوێ داین؟ لەدووسەت ساڵی ڕابردوو دا چ دەور و گەشتێکمان بڕی؟ . لەسەدەی بیست دا بەشی کام بڕگەلەجوگرافیای سیاسی جیهان بووین؟ : بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا؟ ئەمریکای لاتین؟ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا؟ باڵکان؟ ئاسیای ناوەڕاست؟ . دەورمان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا چ بووە؟



ئەمین ووتی: ئێمە چیمان لەڤیەتنام، چین، کووبا، شیلی و کوریای باکوور کەمترە؟ .

خۆم پێنەگیرا ووتم: کاکە ئەمین گیان هەر کات ئێمە کەوتینە سەرهێڵی کێ بەرکێی ڕاستەوخۆی دوو زلهێزی دنیاوە ئەوکات پڕۆلتەرو بورژووامان لەبواری کولتوورو فەرهەنگ و ئەدەبی جیهانەوە ئەچنە ئاستی پڕۆلتەرو بورژوای ئەو وڵاتانەی ترەوەکە تۆ وێنەیان پیشانی من ئەدەی...

دەستم بەپێکەنین کرد، جگەرەیەکم هەڵکرد، پەلەم بوو، بۆ کاتژمێر 6ی ئێوارە لەگەڵ برادەرێکم قەرارم بوو.

ئەمین تووڕەبوو، بەدەنگێکی پڕ لەتووڕە ییەوە ووتی: تۆش وەک ڕۆشنبیرانی لیبێراڵ قسە ئەکەی.... هەبێ ڕۆشنبیری بەڕەوتێکی شۆڕشگێڕانە ئۆرگانیزە بکرێ... لەشۆڕشی داهاتوو دا...

چاوم لەدەمی ئەمینەوەبوو، بیرم بەلای قەرارەکەمەوە....

هاوینی 2002

# کوردو کوردستان

**(بۆ بیرەوەری کوردۆلۆگی ڕووس واسیلی نیکیتین)**

واسیلی بەرەو گرامافۆنە کەچوو، بۆ جاری شەشەم یان حەوتەم دەرزیی گرامەکەی هەڵ هێنا و هێنایەوە سەر هێڵی سەرەتای دیسکەمێغناتیسییەکە، کەلەسەری نووسراوە "سێمفۆنیای شارزاد" بەرهەمی "ڕێمیسکی کوورساکۆف".... دەنگی موزیک کەشی ژوورەکەی واسیلیدا گرت.... واسیلی جگەرەکەی لەژێرسیگارەکە (تەپڵەک) هەڵگرتەوەو بەرەو پەنجەرێکەچوو، پەردەتۆڕییەکەی لاداو ڕوانییە ناو کۆڵانەکە.... چەن مناڵ خەریکی یاری و کایەی شەشخان بوون.... بزەیەک هاتەسەر لێوی.... پەردەکەی هێنایەوە سەر جێگەی خۆی و مژیی لەجگەرەکەیدا و هەڵگەڕایەوە بەرەو ناو ژوورەکەی...

لەسەر مێزی نووسینەکەیدا "گۆی زەوی" داناوە.... بەرەو گۆیەکە ئەڕوا، لەمیزەکە نزیک ئەبێتەوە... پەرتووکە تازە چاپ کراوەکەی کەدەخولەک پێش ئێستا لەلایەن چاپخانەوە بۆی هاتووە تاکو دوایین سەرڕاستکردنی لەسەر بکات لەسەر مێزەکەدایە، نامەیەکی "مەلا سەعیدیش" کەئەم بەیانییە لەکوردستانەوە بۆی هاتووە لەناو پاکەتێکدا لەپاڵ پەرتووکەکەدایەو ئەڵبەت قەڵەم، ئەوەندەیتر سیمای کارگەیەکی



نووسینی نووسەرێک، ئەبەخشێ بەمێزی کارەکەی واسیلییەوە. ئەچێتە پێشترەوە، پەرتووکە کەی ناوی "کوردو کوردستان"ە.

.... کوردستان... چ ناوێکی سەیرە....کێ لەفەڕانسەی ئازاد کراوی پاش شاڵاوی "هیتلێر" کوردستان ئەناسێتەوە؟ ! .... ئەو کوردستانەی کەلە "سێڤر"، وەک سوریا، عێراق، لوبنان، عەربستان و ئوردون لەقەڵەم درا، بەڵام لە"لۆوزان" ناوی لەبیر برا....

گرنگ نییە... واسیلی لەسەر گۆی جوگرافیای سەرمێزی نووسینەکەی لەشوێنی خۆیدا بەماژیک پلانی کوردستانی کێشاوە...! ! با لەلۆوزان لەبیری ببەنەوە، بەڵام کاتێ واسیلی نیکیتین لەنەخشەکانیدا دێمۆگرافیای کوردستانی دەستنیشان کردووە ئیتر بۆ هەبێ لەپیلانگێڕی کە تنچییەکانی مێژوو واتە "ئینۆنۆ"، "قەوام سەڵتەنە"و "نوری سەعید" بترسین.....؟ ! ، مەلا سەعید لەنامەکیدا وای نوسیبوو....

پەرتووکەکەی هەڵگرت.... جگەرەکەی کوژاندەوە.... دەنگی بلوور (بلوێر) هاتەگوێی.... دەنگی گۆرانیبێژێکی شکاک هاتەگوێی: فەلەکێ یەمان، خاییێنێ یەمان، بێ بەختێ یەمان....

کەوتە بیری سماییل ئاغا، جافەر ئاغا..... دەنگبێژ ئەیووت: کابنێرن چیایێ ئاگری بگڕودوومانە.... ئاگری خوین دگری، فەلەکێ یەمان، خاییێنێ یەمان...

واسیلی نەیتوانی بەر بەفرمێسکەکانی بگرێ.... بڵەی کوڕەکەی سمکۆ ئێستا لەئەستەمبوڵ چی بکات؟ ... ئەوکات کەلەورمێ

کۆنسوول بوو جارێکیان چوو بۆ چاهری... بۆ پایتەختەکەی سمکۆ، لەوێ لەگەڵ سمکۆ سەبارەت بەڕەوشی ئاڵۆزی کوردستان و کۆچبەرکردنی ئەرمەن و ئاسوورییەکان لەلایەن عوسمانییەکانەوە قسەیان کرد.... سمکۆ لە "مەرشیمۆن" و "پێترۆس ئاغا" زۆری گلەیی کرد بوو.... سمکۆ زۆر دڵی لەم خەیانەتەشکا بوو، "کێ مافی بەوان داوە یەکیان لەئەریوانەوەو ئەوی تریشیان لەجۆلەمێرگەوە چەکدارەکانیان هەڵبگرن و بەرەو ورمێ بێن، بۆ؟ "

واسیلی بۆ ئەوەی هەندێ کەش و هەوا کەبگۆڕێ بانگی لەکوڕە بچووکەکەی سمکۆ کردو ووتی برۆ لەلای باوکتەوە ڕاوەستە با وێنەییەکتان بکێشم.... سمکۆ لەکۆڕەکەی زۆرتر حەزیکرد کە "کەک واسیلی" بەدووربینەکەی وێنەیان بکێشێت.... سمکۆ.... سمکۆ ئێستا لەژێر خاکدایە... شەش ساڵە....

.... بیری مەلا سەعیدی کرد بوو، نامەکەی مەلا سەعید مەیلی تازەوە کردبوو. مەیلی کوردستان.... ئەو سێ ساڵەی کەوا لەکوردستان ئەژیا خۆشترین کاتی ژیانی بوو.... لەگەڵ "لۆرا" ئەچوون بۆ زۆزان، بۆ لای بێریوانەکان کەوا خەریکی شیردۆشین و مەشکەژەندن بوون.

جارێکیان لۆرا ویستی مەشکەبژەنێت، بەڵام ژنەکان لەڕووی میوانداریەوە نەیان ئەهێشت، ئەویش مەشکەبژەنێت، هەر ئەیانووت: ناهێڵین چۆن شتی وا هەبێ؟ جلەکانتان پیس هەبێ... هەتا واسیلی ووتی: لێی گەڕێن! دوایە پێی خۆشەبا تاقیبکاتەوە!



....کاتێ لۆرا گوێی مەشکەی گرت و پاڵی تێوەنا زۆر چووەپێشەوە، بەڵام گەڕانەوەی دۆی ناو مەشکە بەرەو دوا هێزێکی قورسیی بەرەو ئەو هێناو هەندێ فڕیدایە پاشەوە.... ژنەکان دەستیان بەپێکەنین کرد، واسیلیش پێکەنی... لۆرا تووڕەبوو.... مەشکەکەی گرتەوەو لەگەڵ ئەو ژنەی بەرانبەری دەستی بەمەشکەژەندن کرد، ئەم جارە خۆی کۆنترۆڵ کرد... واسیلی بەپێکەنینەوە ووتی: لۆراش ئێستا بوو بەژنە کوردێکی بزێو... لەم قسانەدا بوون یەکێ لەو گەورەکچانە کەجلی کوردی لەبەرکردبوو، بەپەلە چووەپێشەوەو ماچێکی گۆنای لۆرای کردبوو....

واسیلی ووتی: بەڕاستی لۆرا شێرەژنە... ئەو هەمووە ساڵەو ئەو هەموو ژیانە دژوارە بەناوی هاوسەری سەر کۆنسوولی ڕووسیا، ورەی تێک نەدا... لۆرا گیان! مافی خۆتە ئەم پەرتووکەت پێشکەش بکەم....

"شارزاد" بێدەنگ بوو.... واسیلی بەرەو گرامافۆنەکەچوو.... بەڵام پەشیمانەوە بوو.... ویستی لەتەنیایی و بێدەنگیدا بیر لەیادەوەرییەکانی بکاتەوە....: "بەحرا ورمێ".... جارێکیان لەگەڵ لۆرا چوون بۆ مەلە... چەن سواری شکاک لەوێوە دەربازبوون. کاتێ هاتنەپێشەوەو مەرحەبایی یان لەواسیلی کرد وایانزانی ئەو کەسەی تریش کەلەناو ئاوەکەدایە پیاوە، بەڵام هەرکە زانی یان ئەو کەسەی تر کەهەتا ژێرملی خستوەتە بن ئاوەوە لۆرا خانمەبێ ماڵ ئاوابیکردن پشتیان تێکردن و ئەسپیان غاردا....

کاتێ تورکەکان بەزۆرداری ژنانی جوو، ئەزیدی و فلا ئەکەن بەموسڵمان و ئەیانبەنە "حەرەمسەرا"کانیانەوە، ئەم بەگزادە کوردانە چۆنە ئەوەندە حورمەتی نامۆسڵمان و ژن و ناموسدا ئەنێن؟ .... مەگەر ئەم کوردانەش موسڵمان نین؟ بۆ ئەوەندە ڕێز بۆ ناموس دائەنێن؟ ....

کەوتە بیری ئەو ڕۆژنامەی کەدوێنێ کڕیبووی "Le temps".

... ئەڵێ گوایە: کێشەی کورد زیاتر کێشەیەکی تەربیەتییە!....

خوێن هاتە ژێر پێستی گوێ و گۆنایەوە، چۆن هەبێ ڕۆژنامەوانێک بەو جۆرە بیر بکاتەوەو ڕستەیەکی بەو جۆرەسەیر بنووسێت؟

واسیلی ئەیەوێ نامەیەک بۆ سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامە بنووسێ و چەن شتیان بۆ شیبکاتەوە.... دیسان چووە بەر مێزەکەی و گۆی جوگرافیای هەڵسووراند.... جگەرەیەکی تری داگرساند... چووەبەر پەنجەرەکەو پەردەی لادا. مناڵەکان لەناو کۆڵاندا نەمابوون، بەڵام ئەو هێڵانەی کە بەگەچ کێشابوویان لەسەر بەردچنی کۆڵانەکەدا هەرمابوو.... چاوی بەژمارەکاندا خشاند: 1و2و3و3 +1و5... یەکێ لەمناڵەکان بەگاڵتەوە ژمارەی 4ی نەنوسیبوو، لەجیاتی 4، نووسیبووی 3+1.... بزەیەک هاتەسەر لێوی واسیلییەوە.... بیری لەوە ئەکردەوە ڕەوشەکە زۆر خراپە بۆ کورد، بەو جۆرە بڕواتە پێشە و نان خواردنیش لەبیر ئەو خەڵکە بێ بەرگرییە ئەبەنەوە... ئەوە هەر شۆڕشی



کوردستانییەکانەو سەرهەڵئەداو سەرکوت ئەکرێ: سمکۆ، شێخ سەعید پیران، بەدرخان پاشا، حاجۆ، شێخ مەحموود... ئەوە ئێستا نۆرەی "سەید ڕەزا دێرسیمی" یە.... کێ ئەزانێ ئەم جارەچی دێتەئاراوە؟ کەوتەوەبیری قسەکانی مەلا سەعید، ئەو کاتەی کە پێکەوە لەورمێ بوون.... مەلا سەعید بەواسیلی ئەووت: کاک واسیلی کورد دۆستی نییە.... دۆستەکانی کورد هەر بەقەد کوردەکان دەسەڵاتیان هەیە....

.... ڕاست ئەکات.... بەڵام نابێ هیواو ئۆمێد لەدەستبدرێ!

... گەرچی دوژمنەکانی کورد زۆر دەسەڵاتدارو بەقەوەتن چ وەک قوام سەڵتەنەی تەبرێز و سەر لەشکەر حەسەن ئەرفەع یان ئوزدەمیر عەلی شەفەق و گەنەراڵ ئاڵپ دۆغان، بەڵام گرنگ ئەوەیە کورد کۆڵ بەزۆردار نادات، بەگەلاڵەی عابدین ئوزمەن لەخشتەنابرێ و بەتۆمەتی دژایەتیکردنی پەروەردەی مۆدێرن لەگۆ ناچێ....

قەڵەمەکەی بەسەر کاغەزدا ئەهێناو پیتی ئەکرد بە وشەو وشەکانی لەپاڵ یەکدا ئەکرد بەڕستە.... واسیلی خەریک بوو نامەی بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی تایمز ئەنووسی: هەڵەیە ئەگەر پێمان وا بێ کوردەکان لەدێرسم دژ بەپەروەردەن. ئەوان لەمەڕ ئەو پیلانە دژکردەوە ئەکەن کەئەیەوێ ئەوان بکا بەتورک، زمانی کوردی تەنیا ئەو زمانەیە کەهەبێتەهۆی پێشکەوتنی سروشتی و ئاسایی مرۆڤی کورد...

واسیلی سەری ڕاوەشاند لەپێشنیارەکەی عابدین ئوزمەن کەگوایە کوردەکان وا لێ بکەن زمانی خۆیان لەبیر بەرنەوە! ... بەدەنگی بەرز ووتی: چ نەتەوەیەکی بێچارەن ئەو گەلەی کەعابدین ئوزمەن تیوریسیەنیان بێت! ...

بۆنی کۆنەیی و تەڕەشۆ و زۆنگ هات بەلووتیدا.... بۆنی ژێرخان و گۆڕی هەڵکۆڵراو.... بۆنی خاویی و کۆنەیی و تەمی ئێسک و پرووسکی مردووی حەفتا ساڵە....

کەوتەوە بیری مەلا سەعید کە لەنامەکەیدا نووسیبووی: کەسێ ئەنێرم بێ بۆ لات، ئامانەتیێک ئەداتەدەستت....

.... بیری کردەوە بڵەی ئەو کەسەکێ بێ و ئامانەتەکەش چیە کە ئەیهێنێ بۆی؟ ....

دیسانەوە دەستی کردەوە بەنووسین.... بیریکرد بوو بەدوو بەشەوە: یەکیانیدا بوو بەنووسین و بیرکردنەوە لەسەر هەڵبژاردنی وشە باشەکان بۆ ئەم نامە کەئەینووسی بۆ ڕۆژنامەی تایمز، بەشەکەی دیکەی هزریدا بوو بەتاوتوێکردنی ڕووداوەکانی هەرێمی دێرسم لەم ڕۆژانەدا. دیارە ڕەوشی دێرسم و کوردان زۆر ئاڵۆزە.... دەنگی گریان و ڕۆی ژنان و منالان هاتەگوێی... بۆنی گۆشتی برژاو، بۆنی خوێناو، بۆنی تەم و بارووت هات بەبینیدا.... بڵەی لەدارستانە کولۆڵەکانی "چارسنجەخ"دا ئێستا چی هاتووەتە ئاراوە....؟ ! ! بەم هەمووە سانسۆڕەوەکە دەوڵەتی تورکیای مۆدێڕن خستوویەتە سەر مەدیا گشتییەکان هەبێ چ هەواڵێکی ئەو



شەڕە دژوارە بڵاوبێتەوە؟ تورکیای مۆدێڕن، سانسۆڕ، ئاتاتورک، ڕێژیمی کۆماری، ئینۆنۆ، عابدین ئۆزمەن، ئاڵپ دۆغان، سەبیحە گوکچەن، جبەخانە، دادگەی سەربازی و پەروەردەی نوێ و زمانی دایک، تورکە کێوییەکان، پان تورکیزم..... چێشتی مجێوری ئاسیای بچووکە! .... بەڕاستی ئەم دیاردە نوێیەی ئاسیای بچووک بەرەو کوێ ئەچێ؟ ! .... کوردیی هەناسە ساردیش تابلۆی ئارمانجانێی ئەم دیاردەیە.... ئەوەی پەیماننامەی لۆوزان و وێرسای بەسەری هێناونو عەرەب گۆڵمەزی پێی گێڕاون بەکوردی ئەبژێرن! ... ئای لەو هەمووە بێ شەرەفییە! .....

واسیلی قەڵەمی دانا.... دەست و دڵی یەکگیرنەبوو لەوە زیاتر لەو نامەدا بکڕووزێتەوەو بۆ مسۆگەرکردنی زوڵمی تورکانی کەماڵیست لەسەر کوردەکان، سیمای کورد بەبێ دەسەڵات بڕووشێنێ..... تازە خەریکە بەبنیایەتی کەماڵیزم و فاشیزم و نازیسم و ئێستالینیزم و ماکیاوێلیزمی چەرچیلی گەرم هەبێت، کێ ئاوڕ لەباسی کوردایەتی و هەست و بیروڕای کوردەکان ئەداتەوە؟!! بۆ مەگەر وەڵامی نامەکەی "سەید ڕەزا"یان داوە تاکو وەڵامی واسیلی نیکیتین بدەنەوە....؟

لەکۆڵانی "ژۆرژ ساند" باران بەردچنی بن کۆڵانەکەی تەڕکردبوو. بەڵام هێڵی بەگە چ کێشراوی کایەی منالەکانی ناو کۆڵانەکە هێشتا نەسڕابوویەوە. لەدوورەوە "ئیڤێل"دیاربوو.... ئاسمانی پاریس گرژو مۆن بوو.... باران لەیەکەم ڕۆژی

سێپتەمبەردا بەسەر پاریسدا ئەباری و لووتکەی "ئیڤێل" و سەربانی "وێرسای" و بەردچنی کۆڵانی ژۆرژ ساندی تەڕئەکرد.... بەڵام هێشتا هێڵە سپیە بەگەچ کێشراوەکانی کایەی مناڵەکانی ناو کۆڵانەکە، کەپێش لەباران بارین لەکۆڵاندا یاری یان کردبوو، بەهۆی ئاوی بارانەوە نەسڕابوونەوە....

واسیلی ڕوانییە ناو کۆڵانەکە.... دڵی پێوەبوو بڕواتە خوارەوەو ژمارەی چوار بکاتەوە بەخۆی، ڕقی لە"3+1" هەستابوو.... کەی ئێستا درێژدڕی باوی ماوە.؟ ... جیهانی لاتین وشەکان بەرەو کورتبوون ئەبەن دوکتور بە.Dr ئەنووسن، ئاغا بە.Mr و خانم بە .Ms، پرۆفێسۆر بە.Pr و ئەمریکا بەU.S.A و بەریتانیا بەu.k و فەڕانسا بە.fr بەڵام 4 بۆ وەکو خۆی نانووسن؟.... حەزی کرد بچێتە خوارەوەو 3+1 بگۆڕێ و بیکات بە 4 بەڵام ترسی لەباران بوو تەڕی بکات... ئەوەندە لەگریپ ئەترسا قەت لەمەرگ نە ئەترسا!

چووە سەر سەندەڵیەکەی و بەشێوەیەکی نەرم خۆی بەپشتدا خست.... چاویلکەکەی دەرهێناو دەستی خستەچاوی. چاوی ماندووبوو. چاوی بەست و پاڵی داوە بەپشتیی سەندەڵیەکەوە.... بڵەی سەید ڕەزا لەدێرسم چ بکات؟ .... دەنگی لۆراو شڵقەشڵقی مەشکە ژەندنی بێری وانەکانی ورمێ و تفەنگە ماوزەڕەکانی سوارکارەکانی سماییل ئاغای سمکۆ لەمێشکیدا تێکەڵی دەنگی بارانی دەرەوەی پاریس بوو....



لەدەرکیان دا... کاتێ دەرکی کردەوە گەنجێکی بەجل و بەرگی کوردییەوە بینی کەلەپێشی دەرکیماڵەکەیدا وەستا بوو.... جلێکی سپی خوێناوی لەبەر دابوو... پێی پەتی بوو، بەگوریس هەردوو پێی بەسرابوو.... سەری گوریسەکەش بەدەستی خۆیەوەبوو.... سەرو سمێڵی تۆزی لێ نیشتبوو.... خەریک بوو ئەیڕوانییە "3+ "ی بن کۆڵانەکە.... لای کردەوە.... لەچاویدا دیاربوو حەز ئەکات بچێت و ئەو نووسراوە پاک بکاتەوە.... واسیلی لەبەر دەرکەکە هاتە ئەو لاوە تاکو ئەو میوانە کوردە پاوەندکراوەی بێتە ماڵەوە.... ووتی: با نەیێم! ماڵەکەی پیس نەکەمەوە... لۆرا خانم تازە خاوێنی کردووەتەوە با تووڕە نەبێت! ....واسیلی باسکی گەنجەکە ی گووشی و هێنایە ژوورەوەو وتی: گرنگ نییە تەپ و تۆزی کوردستانت پێوەیە، پیرۆزە! من و لۆرا خەریکە دڵمان بۆ ئەو تەپ وتۆزە تۆق ئەکات.... هەر ئێستا خەریک بووم نامەم ئەنووسی بۆ ڕۆژنامەیەک سەبارەت بەکوردستان..... گەنجەکە ووتی: منیش نامەم پێیە... واسیلی ڕوانییە کوڕەکە... خۆ هەر ئەو گەنجەیە کەئەمڕۆ نامەکەی "مەلا سەعید"ی هێنا..... ووتی: نامەکەی مەلا سەعیدت خۆ هێناوە بۆم؟ ! گەنجەکە ووتی: نازانم..... من نامەی سەید ڕەزام هێناوەبۆ ئێوە.... واسیلی بەبیستنی ناوی سەید ڕەزا هەر ئەتووت بروسکی ئاسمانی لێی درا، ئەمجار بەهەر دوو دەستی باوەشی بەگەنجەکە دا کردو بەدەنگی بەرز ووتی:

بەخێرهاتی....سەرچاوم.... دەمێکە چاوەڕوانی هەواڵێکی جەنابی سەید ڕەزام... خێر هەبێ....

گەنجەکە هەر لە بەدەرکی ماڵی واسیلیدا ڕاوەستابوو، واسیلی ووتی: ڕاوەستەبا جووتێک قۆندەرەت بۆ بێنم لەپێی بکە، زەوییەکە ساردە با نەخۆش نەکەویت..... چاوەڕوانی وەڵامی گەنجەکەی نەکرد، بەپەلە چوو قۆندەرە بهێنێت، کاتێ گەڕایەوە کوڕەکەی بینی کەلەبەر دەرکەکەدا ڕاوەستاوە , بەڵام وەک "کۆڵەکەزێڕینە" ئەدرەوشێت و بارینی باران لەپاشیەوەو دەنگی تکە تکەی باران خەیاڵێکی جوانی خوڵقاندوە.... قۆندەرەی کردەپێی گەنجەکە.... کوڕەکە ووتی: نامەکەت ناوێ؟ واسیلی خێرا ووتی: با! کوا؟ بۆ بەمنی نادەی؟ گەنجەکە ووتی: سەید ڕەزا ووتی "ئەم قسانەم بۆ باڵوێزی بەریتانیا نووسیوە، بەڵکو ئەوان لەڕەوشی ئاڵۆزی کوردستان ئاگادار بکەمەوە".... واسیلی بەپەلە ووتی: کام قسە؟ چ قسەیەکە با بزانم؟ ! .... گەنجەکە بەزمانی فەڕانسی دەستیکرد بەقسەکردن گوایە خەریکە دەقی پەیامی تەلگرافەکەی سەید ڕەزا ئەخوێنێتەوە: لەدێرسمی کوردستانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی....

ساڵانێکی زۆرە دەوڵەتی تورکیا ئەکۆشێ گەلی کورد پاکتاو بکات و بەم مەبەستەش خەریکی سەرکوتکارییەو ڕۆژنامەو بەلاڤۆکە کوردییەکان و زمانی کوردیی قەدەغەکردووە.... ئەوە سێ مانگە شەڕێکی دژوار لەهەرێمەکەی مندا بەرپایە و خەریکە



تەشەنە ئەکات.... سەرەڕای ئەوەی کەدەوڵەتی تورکیا بەفڕۆکەی بۆمب هاوێژ بۆمبای ئاگردەرو گازی مرۆڤ خنکێن خەریکی شەڕ لەگەڵ ئێمەدایە، من و هاوڵاتیەکانم تێکۆشانی سەربازە تورکەکانمان پووچەڵ کردووەتەوە , هەربۆیە ئەوانیش لەتۆڵەدا خەریکن بەفڕۆکە بۆمب هاوێژەکانیان گوندەکانمان بۆردومان ئەکەن و ژن و منداڵەکانمان ئەکوژن.... گرتووخانەکانیان پڕە لەو کوردانەی کەهیچ تاوانێکیان نەکردووە، خوێندەوارەکانمان ئەدەنە بەر ڕێژنەی گوللە، یان لەسێدارەیان ئەدەن یان دووریان ئەخەنەوە بۆ ناوچە پەرتەوازەکانی تورکیا.... کوردەکانی کوردستان داواکارییەکیان نییە جگە ژیان لەئاشتی و ئازادی و پاراستنی نەژادو زمان و کولتوور و کەلەپوور و شارستانیەتی خۆیان و سکاڵانامەیان ئاراستەی جەنابتان کردووە، خوازیاری ئەوەن ئێوە وەک نوێنەری دەوڵەتی خۆتان چالاکیە ئەخلاقی و مرۆڤیەکانتان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی پشتگری گەلی کورد بکەن لەمەڕ کۆتایی هێنان بەئەم بێدادییەی دەوڵەتی تورک....

سەرۆکی هێزی دێرسم سەید ڕەزا.....

واسیلی لەقسەکردنی ئەو گەنجە کوردە پاوەندکراوە سەری سووڕمابوو، هەر ئەتووت کەسێکی فەڕانسییەو بەزمانی فەڕانسی قسە ئەکات.... ووتی: بیبەم بۆ وەزارەتی دەرەوە؟ .... گەنجەکە سەری ڕاوەشاند.... بەمەراق و داخەوە ووتی نازانم! سەید ڕەزا فەرمووی ئەم راسپاردەیە بدەم بەئێوە.... با بڕۆم....

دره‌نگه‌..... سه‌ید ڕه‌زا ووتی هه‌تا نه‌ییته‌وه ناچم بۆ هیچ شوێنێک... ئه‌زانم چاوه‌ڕوانمه‌.... سه‌ید ڕه‌زا له‌سه‌ر قه‌ول و سۆزی خۆی به‌رده‌وامه‌! .... به‌منی ووت ته‌نانه‌ت هه‌تا تۆ نه‌ییته‌وه ناچم بۆ به‌هه‌شتیش! ...

واسیلی ووتی: ئه‌ی من چی بکه‌م؟ ... گه‌نجه‌که‌ خه‌ریکبوو له‌ده‌رکه‌که‌ بچێته‌ ده‌ره‌وه‌.... سه‌ری هه‌ڵهێناوه‌ به‌ره‌ودوا ووتی: نازانم! .... کاره‌کانی خۆت بکه‌! چۆنت پێ باشه‌ هه‌روا بکه‌.... سه‌ید ڕه‌زا فه‌رمووی به‌تۆ بڵێم: هه‌موو کوردێک هه‌تا ماوه‌ له‌دنیادا دۆعای به‌خێر بۆ تۆ ئه‌کات.... تۆ خۆشه‌ویستی گه‌لی ئێمه‌ی....

واسیلی به‌خۆشحاڵییه‌وه‌ ووتی: سپاست ئه‌که‌م.... سپاسی جه‌نابی سه‌ید ڕه‌زا ئه‌که‌م.... من خولیای کوردستانم، من کوردم خۆش ئه‌وێت! من بۆ کورد ئه‌نووسم.... من واسیلی نیکیتین کونسوولی پێشووی ڕووسیا له‌ورمێ، بۆ کوردستان ئه‌نووسم.... به‌ڵام سوێندت ئه‌ده‌م به‌سه‌ری سه‌ید ڕه‌زا، ئه‌ی کوردی لاو ناوت چیه‌؟ زۆر شێوه‌ت ئه‌که‌م... به‌و جله‌ سپییه‌ت هه‌ر ئه‌ڵێی سواری سماییل ئاغای سمکۆیت! نه‌کا کوڕه‌که‌ی سمکۆ بیت؟ .... گه‌نجه‌که‌ چووه‌ ناو کۆڵانه‌وه‌... هه‌نگاوی بۆ هه‌ڵ نه‌ئه‌هات، به‌نده‌که‌ی پێی نه‌ی ئه‌هێشت به‌باشی هه‌نگاو هه‌ڵ بێنێت. چاوی بڕییه‌ به‌ردچنی کۆڵانه‌که‌، کۆڵانی ژۆرژ ساند، ووتی: من ناوم عه‌لییه‌.... له‌لاوژه‌ کوردییه‌کاندا پێم ئه‌ڵێن: عه‌لییۆ قز....



واسیلی داچڵه‌کا.... عاره‌قی کردبوو، سڕببوو، ووتی: سوێند ئه‌خۆم له‌دادگه‌ی سه‌ید ڕه‌زا و هاوڕێکانیدا بووم له‌ئه‌لعه‌زیز....

2007/11/19 سه‌قز

1. (واسیلی نیکیتین کۆنسوولی پێشووی ده‌وڵه‌تی تێزار نیکۆلای له‌ورمێ.)

تێبینی: له‌به‌ر دڵی Dr.Eli kilic خوشکه‌زای «عه‌لییۆقز» شه‌هیدی شۆڕشی دێرسیم1937ز. ئه‌م چیرۆکه‌م نووسی.

## بەندیخانەی بۆرسۆئێن

ئەم چیرۆکە لەسەر بنەمای ڕاستییەکان نووسراوە، ناوی هەموو ژنەکان ڕاستەقینەیە...

هەموو گوندەکانی دەوروبەری ئۆربیلۆمیان[1] بەخودی شارەکەوە سوومەرییەکان سووتاندبوو، دووکەڵ و ئاگر کەشێکی تراژیکی خوڵقاندبوو، دەشتی ئۆربیلۆم پڕبوو لەجەنازەی کوژراوانی ژن و منداڵ و گەنج و سەرباز و پیاوان...

بۆنی خوێنی مرۆڤ ئەهات، بۆنی گۆشتی برژاویش ئەهات، دیار بوو هەندێ لە خەڵکەکە بە زیندوویی یان بە کوژراویی خەریکن هەڵئەقرچێن.... ئاگر کەوتبووە زۆربەی خانووەکانی شارەوە. پیرێژنێکی پشت کووڕیش، کۆمەکۆم بەناو ئەو هەمووە جەنجاڵەدا ئەهات و ئەچوو....

"ماما" ئەم پیرێژنەی ئەناسی، لەبازاڕی سەوزی فرۆشەکاندا سواڵی ئەکرد.... کەس نەیئەزانی چەن ساڵە خەریکی سواڵکردنە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێ لەم شارەدا هاتبوەسەر دنیاو چاوی بە ژیان پشکوتووبوو ئەم پیرێژنەی بینیبوو، بەزاراوەیێکی تێکەڵ لەهووری و لولویی قسەی ئەکرد.... خۆی ئەیوت خەڵکی زیمریم، بەڵام دوای ئەوە مێردەکەم کوژرا و دوو کوڕەکەمیان بەیەخسیری

(1) ئۆربیلۆم: هەمان هەولێری ئێستا. لەزمانی سۆمەریدا وا هاتووە.



بردووە بۆ باشوور هاتوومەتە ئۆربیلۆم و خەریکی سواڵکەریم.... زۆر چرچ و نابووت بوو، پشتی وەک گۆچان چەماوەبوو. چاوی سۆمای تێدا نەمابوو، سپێنەکانی چاوی پڕبوون لەوردەڕەگی سوور، ئەتووت بروسکەی ئاسمانین کەدەیان لەق و پۆپی لێ بووەتەوە. دەستەکانی ئەتووت چەقڵی دارن، وشک و برین و زراف و بێ هێز.... نینۆکەکانی هەر وەک نینۆکی داڵ چەماوەبوون، جارێکیان، ماما، لەگەڵ باوکی دەرباز ئەبوون بەو ڕێگەدا، باوکی ماما ووتی: ڕۆژت باش بێ ئازاتە! ... ژیان چۆن ڕائەبووڕێ؟ !. ئەزانی هەر بەهارەو دێت و لە تەمەنی بەفر کەم هەبێتەوە؟

ئازاتە، هەمان پیرێژن، وەڵامی داوە: هی تۆ باشتر شۆڕەپیاو!... ئەوەش باش ئەزانی، ئاوی ڕووباری بن نەواڵەکان ناگەڕنەوە سەر ئەو چیایەی کەلێوەی شۆڕبوونەتەوە؟ ئەگەر بیانەوێ ببنەوە بەبەفر هەبێ سێ وەرزی تر بژین، تاکو ببنەوە بەهەڵم و هەور و باران و هەبێ زەمهەریر لێیان بدا تاکو ببنەوە بەزوقم و تەرزەو بەفر؟ ! ! !

باوکی "ماما" دەستی بەپێکەنین کرد ویستی هەندێ لەگەڵ ئازاتەدا جەفەنگ بکات... ووتی: ئەوە خۆ بوو بەچوار وەرز، تۆ ووتت سێ وەرز بێ بەسەردا تاکو ئاوی ڕووبارەکان ببنەوە بەبەفری سەر چیاکان؟ !

"ئازاته" بەدەنگێکی ساردو بێ هەست ووتی: تۆ قەت بەقەد من ئەزموونت نەبینیوە! پێت وا نەبێ ئەژمارم لەدەس دەرچووە! ... من باسی سێ وەرزم کرد بۆ ئاوی ڕووباران، تۆ ئەڵێی چوارە هەر وەکو جاری جاران، بەڵام پێت ئەڵێم چوارەکەی تۆ، ژمارەی چەسپاوەو ڕواڵەتی گەشتیی وەرزەکانی دەورانە، ئەگەر بۆ ئەوە بڵێیت ئەوەی من مەبەستمە پێنجە: سیانیان وەرزی خودایانەو لەو دوانەی تر وا مەبەستمە یەکیان پیری و بێ کەسیە و ئەوی دیش مەرگ لەکراسی غەریبانە....

باوکی "ماما" دەستی خستەبن شاڵەکەی پشتی و لەتەمسێکی دا بە "ئازاتە"و بەپێکەنینەوە ووتی: باشە ئازاتە باسی مەرگت کرد، پێم بڵێ ئاخۆ کەی ئەمری؟ !

ئازاتە دەستە لەرزۆکەکەی لەژێر دایەنی کراسەکەیەوە دەرهێناو پارچە مسەکەی وەرگرت و تێی ڕوانی و ووتی:

داپیرەیەکم بوو خەڵکی گوندێکی دەوروبەری "دەریای خوێ "بوو هەموو کات ئەیووت: بەهار نەمرم وەرزی گوڵانە، هاوین نەمرم گۆشت گەندانە، پاییز نەمرم گەڵاڕێزانە، زستانیش نەمرم بەفر و بۆرانە!

باوکی ماما پڕ بەگەرووی پێکەنی و قاقای کێشا و ووتی: خواوەندەکان نەتمرێنن ئازاتە وا ئەو قسانەت ئەڵەی زێڕە!

ئازاتە ووتی: دۆعای وا بۆ من مەکە! من بەوەڕازی نیم! ئیتر پیر بووم! خوداکان ئەوەی ئەزموون لەبەر دەستیاندا بوو بەمنیان



کرد، تەنیا مەرگ نەبێ..... ئەویش ئەگەر ئەوان نەیدەن ئەم دڵەچرچەم کەماندووبوو ڕا ئەوەستێت و پرس بەکەسیش ناکات...

باوکی ماما دەستی بەڕدێنی دا هێنا و ووتی: ئازاتە! هەبێ بڕۆین.... ئەمەوێ بۆ کچە تاقانەکەم شتی جوان بکڕم! ئازاتە خێرا ووتی: ئەوەندە مەیڕازێنەوە با بەر تەماحی ڕۆژگاری ناپیاو نەکەوێ... باوکی ماما وەڵامی داوە: چ بکەم لەکوڕ و لەکچ هەر ئەوەم هەیە! ئازاتە هەناسەیەکی هەڵکێشاو ڕووی کردە دەشتەکانی باشوور، ووتی: ڕەشەبای زاڵم درا لەشارم داڵدەم ڕووخاوەو پەکی کەوت کارم ئەگەر بمبەنە پەردێس و بەهەشت شێرێکی زەبوون بەگەستەی مارم.

باوکی "ماما" دەستی کچەکەی گرت و بەهەندێ ئازارەوە کەلەدەنگیدا بەدی ئەکرا ووتی: کچە شیرینەکەم وەرە با بڕۆین!

ماما لەگەڵ باوکی ڕۆیشتن.... ئەو لەهیچ ئەو قسانە تێ نەئەگەیشت..... لەگشت ئەو گفتوگۆیانەی باوکی و ئازاتەدا تەنیا بیری لەیەک شت ئەکردەوە: کڕینی شتەجوانەکان.....

. ..ماما هەموو گیانی لەترسدا ئەهەژا، هەر وەک شۆڕەبی.... سەربازێکی سوومەری گەیشتەسەری.... دەستی دایە قژی و بەرق و قینەوە هەڵیساندە دە سەر پێ.... بنی قژەکانی ئەیچریکاند.... بەڵام ماما لەترسدا هیچی نەدرکاند.... سەربازە سوومەریەکە بەزمانی سوومەری شتەکی ووت، بەڵام تێ نەگەییشت، واقی وڕمابوو، هەموو گیانی سەربازەکە خوێناوی بوو، خوێنی لێ

ئەتکا.... سەربازەکە نەڕاندی لەوەئەچوو جوێنی ئەدا.... کاتێ ماما وەڕەێ کەوت سەربازەکە بێ دەنگ بوو.... دەنگی زیڕەو قیژەی ژنان ئەهات. گریانی منالّ و هاواری پیاوان و نەڕەنەڕی سەربازە سومەرییەکان دنیای گرتبوەبەر.... شەڕ لەهەندێ شوێندا تەواو ببوو، بەڵام جاروبار زرنگەی دوو شمشێر ئەهات کەلەیەک ئەدرا.... هەندێ جارێش خرەی شمشێرێک ئەهات کەئەدرا بەسەر زەویدا: یا خاوەنەکەی لەدەستی داکەوتووەیان خۆی داویە بەزەویدا، ئەوەیان مەرگی پەسەند کردووەو کوژراوە، ئەمەی تریش لەمەرگ ترساوەو بایەخی بەژیان داوە.... یان بەهیوای ڕزگاربوونە یان بۆ چوار ڕۆژی تری ڕزگاری لەمەرگ....

ئازاتە بەو ناوەدا ئەهات و ئەچوو... بەڵام کەس هیچی پێ نەئەوت..... بەناو مەیتەکاندا ئەهات و سەیری ئەکردن و سەر و دەستی ڕائەوەشاندو هەندێ جار بەڕانی خۆیدا ئەکێشاو دەرباز ئەبوو.... بەڵام ئیتر شێعری نەئەوت. بێ دەنگ بوو.... ئەڵێی قاوت کراوەتە دەمی! ....

ماما فرمێسکی وشکابوو.... هەستی بەپیری ئەکرد.... پێی خۆش بوو بمرێ... ماما تەنیا کەوتبوو..... دایک و باوک و ئاژۆ کوژران.... "ئاژۆ" چوار ڕۆژ پێش ئێستا کوژراو ئەمرۆ کاتێ چبوو ئاو ببات بۆ سەر دیواری قەڵا تاکو سەربازەکانی هێزی بەرگریکردن تینوو نەبن دایک و باوکیشی کوژرا بوون.... کاتێ گەڕاوە بۆ گەڕەکەکەیان کەلەلای دەروازەی باشوورەوەبوو



کەوتبوونە بەرەێرشی توندی سوومەرییەکان و هەموو کەسیان لەو گەڕەکە دا قڕ کردبوو....

لەدەرەوەی شار کۆیان کردنەوە.... زیاتر لە40 ژن ئەبوون.... دوو کەس لەژنەکان دوو گیان بوون. زگیان هاتبوە پێشەوە..... بە ڕەس دەستی هەموویان بەستن. دەستی ماماش هەر وەها.... سەربازەکان ئەوەندە ماندووبوون هیچ هەستێکیان نەئەبزواند.... ڕەفتارەکان زیاتر دژوار و ڕەق بوو.... پاڵەپەستێ و سیخورمە و نەڕەو جوێن بوو.

هەتا "تاکریتاین" بەپیادە ڕێگەیان پێوا... بن قامکەکانی ماما بلۆقیان کرد بوو.... پاژنەی پێی قەڵەشا بوو... ئەو نینۆکانەی کەگوڵباخی پێوە ئەنووساند ئێستا ڕەش و شکاو بوون.... چەن ژن لەڕێگەدا ژیانیان لەدەسداو کەلاکەکانیان بەجێ هێشتن. چەن سەگی دڕ لەگەڵ کاروانەکەدا ئەهاتن....هەر کات لاشێکی ئەو ژنانەیان فڕەئەدا، ئەو سەگانەتێی بەر ئەبوون و هەڵیان ئەدڕی... بەشەویشدا دەنگی چەقەڵ و لووورە لووریان پانتای ئەو دەشتەی ئەگرتەوە....

کاتێ گەیشتنە بەر چەمی تیگریژ سواری گەمی بوون و ڕێژاوی ڕووبارەکە بەرەو باشووری ئەبردن... بۆ "ئوور".... بۆ پایتەختی سوومەریەکان.... شاری زەلکاوەکان.... وارگەی قامیشەڵانە چڕەکانی باشوور.... لەسەر ڕووباری تیگریژدا شەش گەمی کەدوانیان پڕبوون لەژنە دیلەکانی ئۆربیلۆم و ئەوانی تر سەربازە

سوومەریەکانی تێدابوو، نەرم بەرەو باشوور ئەچوون بۆ وڵاتی سوومەر.... پانزدە بیست ژن لەو گەمیە بچووکە دا چۆن جێگەیان بووەوە بۆ خۆی چیرۆکێکە.... دەم لەسەر پشت ڕیز کرا بوون....چۆن بوو ئەو گەمیە هەڵنەئەگەڕاوەو نووقم نەئەبوون نەگبەتی ئەو ژنانەبوو، ئەگینا ئەگەر لەتێگریژدا بخنکاییێتن گەلێ لەو ئاکامە باشتر بوو کەلەئوور ببن بەکڵفەت و کارەکەری ژنانی سوومەری و ئەوانیش بەقامچی لێیان بدەن و ڕەش و شینیان بکەنەوە....

ئەو چەن سەربازە سوومەریەکە نزیکەی 30 کەس ئەبوون بەشێک لەسوپای سوومەربوون کەهێرشیان کردبووە سەر ئوربیلۆم، زیاتر لەچوار هەزار سەربازی سوومەر لەڕێگای وشکانییەوە ئەهاتنەوە بۆ باشوور.... ئەم 30 کەسە چاودێریی ئەو دوو گەمیەیان ئەکرد.... لەگوندێکی کەناری ئاو ڕاوەستان.... چوار سەرباز گەمیەکەیان بردە قەراغ ڕووبارەکەو بازیان دایە ناو ئاوەکەوە، شڵپ و هۆڕ بەرپا بوو، ئەتووت نقەن و بەقولاپەوە کراون و پەلەقاژێیانە و ماسیگر ڕایان ئەکێشێتە دەرەوە.... ژن و مناڵی ئەو گوندە بەقیژەو هەرا خۆیان شاردەوە، یەک دوو پیرەپیاوی ژارو لاواز کەمێش تەمموورەی دەموچاوی دابوون بێ ئەوەی جووڵە بکەن ڕەوتی خۆیان تێک نەدا و لەئاستی خۆیانەوە هەڵترووشکا بوون.... سەربازێکی کۆسەکاری ڕەشتاڵەی سوومەری هەڵی کوتایە سەریان و بەدەنگی بەرز ووتی: شەرابمان ئەوێ!



...لەکوێدا شاردووتانەوە ئەی قربۆقە بۆ گەنیوەکانی زەلکاو! ؟
یەکێک لەو دوو پیرە زەلامە هەستاو بەرەو ناو گوندەکە ڕۆیی.... چوار سەربازەکەش بەدوایدا چوون. بەڵام دیاربوو ترس دایگرتوون.... شمشێرەکانیان دەرهێنا بوو، هەستیارانە ڕێگەیان ئەپێوا....

دوای چەن خولەک سەریان هەڵداو گەڕانەوە.... پیرە پیاوەکە لەپێشیاندا دەرکەوت. .... دوو دیزەی سەربەسراوی بەدەستەوەبوو، ئەو پیرە پیاوە چەق و بێ گیانە ئێستا دوو دیزەی گەورەی پڕ لەشەرابی هەڵگرتبوو.... سەربازەکانیش پڕ دەستیان بوو لەمریشک و مراوی... باقەو قووقەی قازو مریشک کەشەکەی گرتبوو...

سەربازەکانی تر کاتێ ئەم دیمەنەیان بینی کەوتنە جموجۆڵەوە، هەر وەک هەڵۆ چۆن پەلاماری نێچیر ئەدا خۆیان گرژ کردو هەندێکیان خۆیان فڕەدا ناو ئاوەکەوەو بەمەلەکردن خۆیان گەیاندە گوندەکە...

ژنەدیلەکان هەر بەسەر گەمیەکانەوەبوون.... برسیتی زۆری بۆ هێنابوون.... بۆنی گۆشتی برژاو ئەهات..... سەربازەکان خەریکی داکرۆژتنی جمگەی ڕان و سینگ و باڵی پەلەوەرە برژاوەکان بوون..... "پووش" ووتی: ژان ئەمگرێ، زگم خەریکە ئەتەقێ! ...
"ئانیتۆم" ووتی: هی برسیتییە....

"ماما"ش ژانی کردبوو، ئەوە دوو ڕۆژ زیاترە هیچی نەخواردە.... ئەڵبەت دوو ڕۆژ لەو دەمەوە کەدیل کراوە هیچی نەخواردوە پێشتر لەوەش لەبیری نایەشتێکی ئەوتۆی خواردبێ.... "لالا" ووتی: هەر ئەوەندە خولیای گۆشت خواردنن! ئەڵەی لەم دنیا پان و بەرینەدا تەنیا هەبێ گۆشت بخۆن! دوو شەو و دوو ڕۆژە بەسەر ئەم ڕووبارە نەحلەتیەوەین ئەگەنە هەر کوێ، بەر ئەبنە گۆشت خواردن! ....

ماما کەوتەبیری باوکی.... باوکی ئەیووت: جوانترین خواردنەکان کەشیاوی مرۆڤە لەزەوییەوە ئەڕوێ! ئەوەی لەهەواو دەریاو وشکانیدایە هی مرۆڤە، بەڵام کامی پەسەند بکەی بۆ خواردن شەرتە.... بۆ داڵ و سەقرو قەل ناخۆین، لەبەر ئەوەی گۆشت ئەخۆن.... بەڵام کۆترو پۆڕو کەڕەواڵە ئەخۆین لەبەر ئەوەی بەرهەمی زەوی ئەخۆن.... زەوی، خەڵاتی ئاسمانییەو بەخەڵکی شاخستان دراوە... خەڵکی شاخستانیی شانازی بەخۆیەوە ئەکات کەبەرهەمەکانی زەوی بۆ تێرکردنی خۆی بەکار ئەهێنێ و کێڵگەکانی ئاوەدان و بەپیتن و گەنم ئەچێنێ.... بۆ نان..... خۆراکی خواوەندەکان....خواوەندەکانی هەرێمی شاخستان "نان" ئەخۆن.... لە بەر ئەوەیە نان و گەنم بەڕێزن....

بۆنی گۆشتی برژاو ئەهات، ماما کەوتەوە بیری گەڕەکەکەی خۆیان کەسەربازە سۆمەریەکان ئاگریان تێبەرداو خەڵکەکەیان



بەزیندوویی سووتاند... فرمێسکێک بەچاویدا هاتەخوارەوە.... بنەماڵەکەیان لەناو چبوو....

کاتێ بەندییەکانیان گەیاندە ئوور، پێنج ڕۆژبوو کە بەسەر ئاوەوەبوون... سەربازە سوومەریەکان بەنەڕەو قیڕەوە، خۆشحاڵی خۆیان بۆ بینینی شارەکەیان دەربڕی... شاری ئوور پایتەختی سوومەر.... بەڵام ژنەدیلەکان هیچیان نەخواردبوو... ڕەنگ بەڕوویانەوە نەمابوو.... ئەتووت جەنازەن و هەڵتساندوونەتە سەرپێ... لەڕولاواز و ژار.... خەفەت و برسیتی زگیانی بەپشتیانەوە نووساندبوو.... هیچ جیلوەیەکی شەهوانییان پێوەدیار نەبوو....

سەربازە سوومەریەکان بەبینینی ئوورو ئەو خەڵکەی کەهاتبوونە کەناری ڕووبارەکەوە، ئەوەندەیتر هارو بێ بەزەیی بوون. بەنەڕەو پاڵەپەستێ و سیخورمە ژنەدیلە بێهێزە نیوە گیانەکانیان لەگەمی هەستاند... دوو ژن لەکاتی هەستاندا، درانەوەبەبنی گەمیەکەدا.... کەس لێیانی نەپرسی..... ماما وای زانی مردوون.... دەستی بزواند، بەڵام دەستی لەپشتەوە بەسرابوو... هەر دوو قۆڵی لەوانەبوو لەیەک بەربن....

کاتێ دابەزانە سەر وشکانی، دەیان کەس هاتبوونە سەیریان... ژنانی ئوور بەجلی ڕەنگنامەوە خۆیان ڕازانبوەوە.... کاتێ چاویان بەژنەدیلەکان کەوت بەچرپەو سرتە سەیریان ئەکردن و قسەیان ئەکرد...

ژنێکی ئووری کەجلێکی ئەرخەوانی لەبەردابوو بەدەنگێکی بەرز ووتی: ئەم دێڵەگورگانەی "ئومان ماندا" ئەهێنن بۆ ئێرەو سبەینێ ئەبن بەکەنیزو منالّیشیان هەبێ لەمێردەکانمان... گەرچی کوڕەکانیشیان کوڕی باوکانی ئووری ئەبن، بەڵام هەر وەک دایکە شاخستانیەکانیان دڕو بێ ئەخلاق و داوێن پیسن.... ئەبن بەبرابەشی کوڕەکانمان و چاوی خەیانەتیان کچەکانمان ئەپێکێ!....

سەربازێکی ئووری ئەم قسەی بیست، لەبەر ئەوەی هزری خەڵک لەژەنگاویی قسە ژاراویەکانی ئەو ژنە بشواتەوەو نیشانی بدا پیاوانی ئووری لەو تۆمەتە بەدوورن و ژنانی ئومان ماندا تەنیا یەخسیرو قولەن، پەلاماری ژنێکی دوو گیانی دیلیدا کەبەهەڵکەوت بەپێشیدا ڕۆییشت، ژنەدیلەکان بەڕیز ئەبرانە ناو شارەوە... پاڵێکی لەو ژەنەوەنا بەواتای ئەوەزووتر بڕوات، ژنەدووگیانە یەخسیرە هوورییەکە هەر وەک ئەوەی فڕوجێکییەک کیلۆیی فڕە بدەی فڕەدرایە سەر زەوی. بەدەستی بەسراو و زگی برسی و زێدانی پڕو قژی ئاڵۆزو جلی شڕو لاقێکی بریندارو دڵێکی بریندارتر بکەویتە دەستی خەڵکێکی شەڕخوازی بەدفەڕ، بەو حاڵەشەوە زەبوونی دەستی پیاوێکی زڕی قەڵب بکەوی.... مێردەکەی خۆی بەزەیتوون وەسفی ئەکردو بەماسی ناوی ئەبردو شەوانە شێعری دڵداری بۆ ئەووت، پێی ئەوت: ئەی پەریی جوانکیلەی چەمی خابوورو زێ، ئەی سەیرەی چیاکانی شاخستانی "گیزین کیسی"،



ئەی کەروێشکی دەشتەکانی "ناوار"... دەنگیشی بەقاسپەی کەوی "تۆزی" ئەزانی و نیگای بەنەرمایی تاڤگەکانی هەرێمی شوبارتو... کاتێ قسەی ئەکرد بەشێعری شاعێرەکانی وڵاتی ئیرزیرا لەقەڵەمی ئەدا، ئێستا سەربازێکی بێ بایەخی بێگانە بەزەبرو قینەوەفڕەی ئەداو جوێنی پێ ئەدا. ژنێکی سوومەری وەک دێڵەگورگ پەلاماریداو قژی دەسکەندەکردو سەری هەڵێنا... سەروچاوی "لالا"ی بەستەزمان خوێناوی ببوو.... ژنەکە تفێکی لێ کردو سەری دایەوە بەزەویدا...

ماما ئەمانەی هەموو بینی.... بەڵام مانای ئەم هەموو دوژمنی و دژواریەی نەزانی... مێشکی ئەوەندە ماندووبوو کەفریای ئەو پرسیارە نەئەکەوت بپرسێ: ئەم خەڵکە بۆ وا ئەکەن؟ بۆ وامان لێ ئەکەن.... لەمێشکیدا ئەم وشە پەنگی ئەخواردەوەو دەنگی ئەدایەوە: ئوومان ماندا!... ئەم وشەی لەدەمی خەڵکی ئوورەوە ئەبیست... بەنەفرەتەوە ئەم قسەیان ئەکرد.... ماما نەیئەزانی ئومان ماندا بەمانای چیە، بەڵام ئەیزانی جوێنێکی زۆر پیس و خراپە....

هەتا ئۆردووگەی بۆرسۆئێن ئەم ڕەوتە بەردەوام بوو... لەناو کەمپەکەدا هەندێ حەوانەوە.... زیندانی بۆرۆم سۆرئێن.... کاتێ ماما و ژنەکانی تر گەیشتنە ناو کەمپەکە، جەژنەکانی ساڵەیادی پێنجەمی پاشایەتی "بۆرۆم سۆئێن" شای سومەر دەستی

پێکرد.... بۆرۆم سۆئێن دوژمنی ژمارەیەکی خەڵکی شاخستان بوو...

سوومەریەکان بەبینینی ئەو ژنە بەندکراوە گۆتی و هوری و لولوبی یانەهەستی پیاوانەیان ئەبزوا.... بەوەشادبوون کەتوانای تێک شکاندنی قەڵاکانی شاخستانیان بووەو پیاوانی چیانشینیان کوشتوەو ژن و منداڵەکانیان بەئەسیری هێناونەتە پایتەختەکەیان...

هەوای ئور گەرم بوو... مێشوولەو مۆزو زەڕگەتەوەک تیرێژی ئاسمانی ویرەیان ئەهات.... ماما دوو ڕۆژ برسی بوونی خۆی لەبیر چووتەوە، خووی بەم ڕەوتەگرتووە... بەڕاستی خوو گرتن و ڕاهاتن نەبوایە مرۆڤبیانوویێکی بۆ درێژە پێدان بە هیوایەتی "چاوەڕوانیی هیوا" نەئەما.... لەو چاوەڕوانیە بەهیوابوونەش، ئاواتی وەرچەرخان و ڕزگاری لەەزردا درووس نە ئەبوو....

بۆنی ئاردی برژاو یان باشترە بووترێ بۆنی نان بەسەریدا هات... هیوای تێدا درووس بوو، هەر وەک بروسکەیەک هات... دەمارەکانی مێشکی کەوتنە بزاڤەوە.... خوێنی کەوتە شۆڕشەوەو دڵیشی گەرمای پێداهات.... لەشی ماما کەوتە سەماوە...

چاوی گەڕاند بەدەورو بەریدا.... لەهیچ شوێنێکدا تەنوور یان کوانوویەک بەدی نەئەکرا... دەشتێکی کاکی بەکاکی کەبڕ دراوەو ئەم بەشەی کراوە بەکەمپ... بە بەندیخانە... ئەی ئەو بۆنەهی چیە؟ ! ... لەکوێوەدێت؟ لەم بیرانەدابوو دیسانەوە بۆنی گۆشتی



برژاو هات... تێگەیشت سەربازەکان خەریکن گۆشت ئەبرژێنن... کەوتەبیری قسەی یەکێ لەژنەکان کەوتبووی: ئەمانە هەر وەک داڵ وان! گۆشت نەبێ نازانن چی بخۆن؟ !

لەپڕ سەربازێکی سوومەری لێیان ڕاست هات ووتی: هەستن کۆبنەوە.... ماما پێش لەهەموویان هەستاو بەرەو ناوەڕاستی مەیدانەکە ڕۆییشت.... کاتێ کۆبوونەوە دوو سەرباز بەسەبەتەیێکەوە هاتن و بەدەست ئاماژەیان بەئەو پۆلە ژنەدیلە شاخستانیەکرد کەوەرنە پێشەوە... کاتێ هاتنە پێشەوە ئەو دوو سەربازە ڕایان کردو دوورە پارێز وەستان. لالا بەزگی پڕەوەو سەروچاوی بریندارەوە نەرمەنرمە بەرەو سەبەتەکە ڕۆییشت.... ماما لەدڵی خۆیەوەووتی "نەکا مەترسییەک لەئارادا بێ؟ ! "... ژنێک بەدەنگی بەرز ووتی: "تەشوب" ئەی خواوەندی نەبەز فریامان کەوە!... نەکا ماری تێدابێ؟ !... لەپڕ هەموو کەمپەکە بێ دەنگیەکی سامناکی بەسەردا زاڵ هات... لالا چووە سەر ئەو سەبەتەوە کەبەزەل چنرا بوو.... تێیڕوانی و لەپڕ قیژاندی ووتی: خواردنی تێدایە.... گۆشتی برژاو! ئەو بیست سی ژنە دیلە ئەتووت مژدەی بەهەشتیان بیستوە، بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە سەر سەبەتەکەوە... هەموویان دەستیان کەلەبچەکرابوو... کاتێ کەوتەوەبیریان کەبەدەستی لەپشتەوە بەسراو هەبێ چ بکەن؟ چۆن گۆشت دەربێنن؟ دیسانەوە بێ دەنگی زاڵ بوەوە، لەپڕ لالا شەقێکی بەسەبەتەکەدا کێشاو گۆشتەبرژاوەکان پرژو بڵاوی سەر

زەوی بوون. ژنەکان بەرەو گۆشتە برژاوەکان چوون... بەڵام ئەمجارەش دەستیان بەگۆشتەکان نەئەگەیشت.... هەندێ لەژنەکان دانیشتن و پشتیان لەگۆشتەکان کردو بەهەندێ جووڵەی پەنجەکانیان ئەیانویست سووچێ لەگۆشتەکە بگرن... چەن کەسیان توانییان ئەم کارەبکەن، بەڵام دەستیان وێڵ نەبوو کە هەڵسوورێ و بگاتەوە بۆ دەمیان... لالا هەر بەچۆکەوە دەمەو رووکەوت و بەدەم گۆشتکەی هەڵگرت، گۆشتەکەی خۆڵاوی بوو، بەڵام بەقەد چاو ترووکاندنێکی خایاند، لالا گۆشتەکەی قووتدا.... ژنەکانی تر ئەم کارەیان کرد... تەپوتۆز بەرپابوو.... ئەو ژنانە بەزگەخشکە خۆیان بەو گۆشتانە ئەگەیاند... ماما پلەگۆشتێکی بەرکەوت.... بەڵام سارد و سڕ و خۆڵاوی بوو...

کاتێ گۆشت نەما ژنەکان ویستیان هەستنەوە سەرپێ... لالا خۆی بەپشتدا خست، دەستی بەکەلەبچەیی لەژێریدابوو، چەن جار کۆشای هەستێتەوە، خۆی خست بەپێشداو دانیشت.... خۆی گرتەوە، هێزی دایە سەر پێی و هەستاوە... ئەوانی تریش وایان کرد... سەربازەکان سەیریان ئەکردن...

لای ئێوارەش ئەم بەزمە دووپات کرایەوە... ئەم جارە "گیم نی نورا"، یەکێ لەژنەدیلەکانی ئۆربیلۆم، پێش لەهەموویان خۆی گەیاندە سەر سەبەتەکەوە، پاڵێکی تێوەناو خستی و گۆشتەکانی بڵاوکردەوە، هەمان ڕەفتاری نیوەڕۆی دووپات کردەوە، ژنەکانی تریش هەمان ڕەفتاریان نواندەوە.... ماماش بیەوێ و نەیەوێ



مەجبوور بوو خۆی بتلێنێتە ئەم کردارەوە.... ماما لەژیانیدا ڕقی لەوەبوو کەبکەوێتە ئاویلکەوەو بەزەییان پێیدا بێتەوە، بەڵام لەکەمپی زیندانیەکانی بۆرسۆئێن لە ئوور پایتەختی سوومەردا، بەزەیی پێداهاتنەوەو بەزەییکردن و ڕەفتاری بە بەزەیی لە ئارادا نەبوو، چەمکێکی نادیاربوو، ئەوەی ڕاستی بێ بەزەیی لەم کەمپەدا شتێکی دوور لەهزری مرۆڤەکان بوو...

ئەوەی کەجارجاریش هەندێ لەسەربازەکان ئێسک و پرووسکی کڕووساوەی پاشخوانی خۆیان ئەخستەبەر چەن سەگەبەڕەڵدای دەوروبەری ئەو کەمپە، جۆرە ڕابواردنێکی بەشێوازی ئەو سەربازانەبوو، لەبەر ئەوەی کەئەوان بەکووچی کووچیکردن ئەو گەماڵە کلۆڵانەیان ئەخەڵەتاندو پێشەکانیان (ئێسقانەکانیان) فڕەئەدا بۆیان پاشان بەرد بارانیان ئەکردن و پاش ئەوەی سەگەکان ئەکەوتنە قرووسکە قوروسک و هەڵدەهاتن، پێکەنین دایئەگرتن و بەدەنگێکی بەرز قاقایان ئەکێشاو گاڵتەیان بەسەگەکان ئەکرد.... دیسانەوە سەگەکانیان بەکووچی کووچی بانگ ئەکردەوەو هێشتا سەگەکان نەگەییشتبوونە سەر پێشەو پەڵانەکان ئەمان بەبەرد تێیان ئەکەوتن و ڕاویان ئەنان....

ماما لێرەدا نەیئەتوانی چاوەڕوانی بەزەیی ئەو سەربازە دڕدۆنگانەنە بێ، لەبەر ئەوەی ڕەفتاریان لەکردەوەی بەشەر نەئەچوو، ئەوان ئەسیریان شیاوی ئازار دیتن ئەبینی... بەسەر ئەوەشدا ماما حەزی نەئەکرد ئەو سەربازانە لەکاتی "گۆشت

خواردن"دا بەزەییيان پێیدا بێتەوە، بەڵام ئەو بێ دەنگییە سامناکەی ئەو سەربازە سەر ڕووتانەی لەو کاتە ناخۆشەدا لەهەموو شت پێ ناخۆشتربوو لەبەر ئەوەی ئەوان بەردیان پێدا نەئەکێشان و پێیان پێنەئەکەنان، بەڵام جۆریی ئەو ڕوانینە زاقەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوەبوو، ئەشکەنجەی هەرە گەورەی دەروونی و بەدەنی بوو....

... ئەم گشتە ڕۆژو شەوە دەرباز هەبێ، خۆر هەڵدێت و مانگ خەرمانە ئەداو با هەبێتە هۆی کەروێشکەی گەنمەکان و لەرەی گەڵا شۆڕەوەبووەکانی دەرختەکان.... ماما کەوتەوەبیری لەرەزێوینەکەی دایکی... دایکی "لەرە"ی ئەژەند..... بەو پەنجە زێڕینانەی کەئەتووت هەنگەژاڵەیەو لەگوڵ ئەنیشێ و نێرکەکەی ئەگەزێ، تەلەمسینەکانی ئەو لەرەزێوینەی بەنقورچکێکی ناسک ئەلەرزاندەوەو جارجار لەگەڵ ژەندندا نەرمەنەرمە گۆرانی ئەووت، بەهەندێ شەرمەوە کەتایبەتی خۆی بوو دەنگی هەڵئەهێنا و ئەیستراند:

گەر غەزاڵی کوموخم، تۆش
هەڵۆی کوێستانی نیسیت
ئەگەر سەیرەی شاخی کورخیم
ئەتۆ ڕاوچی و دڵت بۆسەم
بۆسەی دڵت ڕووبارەو من
ماسیم بەتۆڕەوە ئالاو



سینگت شاخەو سەرت بەرزە
قووڵکەی ملت هێلانەی من
ئەبرۆت تیرەو وزەی چاوت
پارێزەری عەشقی منە
لەدەستی ناپاکی نەیار
قسەت ڕەزە، شێعرت شەراب
باسکت هەڵۆ، پەنجەت کۆتر
دەستت جووتێ پۆڕی سرکن
گۆی مەمکەکانم لەچنگتدا وەک هەرزنن
بەدەنووکیان هەڵی ئەچنن
نا! نا! دەستت کوڕە لاوەو
بەدوای ڕەشکەی خاڵی سینگم
بن نەواڵان ئەپشکێنێ!
تۆ وێنە کێشێکی بزێو
سینگم بەچاو ئە نەخشێنی...

ماما زۆرجاران ئەم سترانەی لەدایکی بیستبوو، گەرچی لەسەرەتادا بەلایەوە سەرنج ڕاکێش نەبوو، لەبەر ئەوەی ئاماژەکانی یەکجار بێ پەردە ئەدرکاند.... بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ ئاژۆ بڕیارو پەیمانیان دەرکرد حەزی لەوەبوو ئەو سترانە بۆ ئاژۆ بڵێتەوە، هەر چەندە ئاماژە جنسییەکانی زۆر ئاشکرابوون....

ئاژۆ زۆر جوان و قۆز و ڕێکوپێک بوو.... ئێستا ئەو ئەندامە پیاوانە دافەتراوەو کرم تێیداوە.... ئەو چاوەڕەشە بەشەرم و حەیا پیاوانەی بووەتە هێلانەی مێرووله... ئەو لێوەگەرمە، ئەو قژەڕەشە چین چینەی ژەنگی هێناوە....

بەدەنگی بەرز دەستی کرد بەگریان، کاتێ ڕوانییە دەوروبەری، لەو ژێرخانە تاریک و نووتەکدا چەن ژنی وەک خۆی بێچارەو بێ دەرەتان بەزنجیرو ڕەسەوەکرا بوون ئەوەندەی تر دڵی تەنگ بوو...

ماما بەدەنگی بەرز ئەیووت: ئای.... دەردو کەسەر بەناو دەرونیدا ئەهات و ئەچوو، پەنگی ئەخوارد.... ڕێگەی دەرچونی نەبوو، گریانیش قورسایی ئەو خەمەی سووک نەئەکرد.... لالا هات بۆ لای، لاواندی....

– مەگری کچە جوانەکەی شاری ئۆربیلۆم! مەگری خانمە نازدارەکەی شاخستان!

سەربازێکی سوومەری شەقێکی لەدەرکەکەدا. ماما داچڵەکاو بێ دەنگ بوو.... دوای چەن خولەک بەسەر شانی لالاوەخەوی لێ کەوت.... لالا پاڵی خست.... چاوی بەزگی خۆی کەوت کەئەوەندەی تر بەرز بووەتەوە دڵی ژانی کرد. دڵی بۆ ئەو مناڵە ڕەبەنەی ناوزگی سووتا، کەبێ باوک کەوتووەو دایکی یەخسیرەو بۆ خۆیشی کە هێشتا لەدایک نەبووە، دیل و یەخسیرە....



هەوای ئور گەرم و لینجە.... بۆنی قەوزەو قامیشەڵان، بۆنێکی ئاساییە، بینینی مڵەو قربۆق و مێشوولەو گڵەخۆرکە لەئوور هەر وەک بینینی مێرووله وان لەئۆربیلۆم....

هەموو شت فەراهەم هاتووە بۆ ئەوەی مرۆڤ، مرۆڤێکی یەخسیری ژن یان پیاو لەم کەشوهەوادا تووشی ناهومێدی، پیربوون، چارەڕەشی و قوڕبە سەری بکات! ماماو هاوشاریەکانی ئێستا لەو دۆخەدا ئەژین. ماما هەست ئەکات مرۆڤێکی بێ بەزەیی و بێ ڕەحمە! .... ئەوانی تریش کەلەگەڵیدا لەبەندیخانەی "بۆرسۆئێن " دیلن تووشی هەمان هەست هاتوون.... ڕقیان لەهەموو کەسەو دڵیشیان بۆ هەموو کەس ئەسووتێ. چاوەڕوانی بەزەیی و مێەرەبانیەکی کەم خایەنن تەنانەت بۆ یەک چرکە. تەنانەت لەو کەسانەش کەوا دیلیان کردوون تەمەنای بەزەییان هەیە. ئەو ڕقە سەرکوتکراوە لەبەر ئەوەی ڕێگەی دەربڕینی ئاسایی خۆی بەشەڕ و نەفرەتەوە نابینێت، چونکە ڕێگەی لێ گیراوە، لەناو دەروودا پەنگ ئەخواتەوەو خۆی لەگەڵ بێ دەسەڵاتیدا یەک ئەخات، ڕێک ئەخات و سەرەتا وەک ترس، ماخۆلیایان کردەوەی بەرەنگارانە دەرئەبڕێت، بەڵام هێدی هێدی خۆی ئاداپتەئەکات و هەبێ بەهەستێکی خۆشەویستی، یان تەمەنای خۆشەویستیکردن لەزۆر دەست. ئەوەش بەڕێگەی ئاسایی ئیمکانی نییە لەبەر ئەوەی هەستی بەرانبەرت هەستێکی ڕەگەزگرتوو لەورەی سەرکەوتوویی و باڵادەستیدایە. ئەو هەستەش

ئاستی بەرانبەرت ئەباتە سەرەوەو لەپەنجێرەوە یان لەسەکۆوە ڕاوەستاوەو سەیری خوارەوە ئەکات و ئەتۆ کە ژێردەستەیت، تکا ئەکەیت بۆ ئاوڕدانەوەیەک....

بە پێچەوانەی ئەم کەسانەوە، ئەو کەسانەی کەوا لەزینداندا ناڕووخێن ناتوانن هەستی پڕ لەنەفرەتی خۆیان لەگەڵ بێ دەسەڵاتی ناو زینداندا بگونجێنن بۆیە بەشێوەیەکی سەیرو خولیاوی و ڕەمزاوی بەرەنگاری زۆر دەست یان باڵادەستیان ئەبنەوەو کۆڵ نادەن. بەڵام ئەم هەستەلە ئەو کەسانە ئەوەشێتەوە کەخۆیان لەقوماری شەڕو بەرەنگاری لەبەرانبەری دووژمنیاندا کردووەتە هەوێن یان مەرجی مامەڵەو قومار بەگیانفیدایی لەبەر ئەوەی بەبیرو بڕواوە ئەیانەوێ بەرەنگاری ئەو باڵادەستانە ببنەوە وا هەستی بەرانبەرایەتی لە هەموواندا ئەپڕووکێنن بۆ ئەوەی نایانئەوێ دنیا لە ئاسوودەییدا کات بباتە سەر. من وەک نووسەری ئەم دێڕانە یەک پاساو بۆ ئەم نەهامەتی و نەگبەتییە ئە دۆزمەوە ئەویش ووتنەکەی هەندێ بەلامەوە قورس و دژوارە: مۆتەکەی فیتنەیی و شەڕەنگێزی باڵی وەیشوومەیی خۆی کێشاوە بەسەرچارە نووسی بەشەری ماڵوێرانیی ئەم چەرخە بێ ڕۆشناییەدا. ئاواتم وایە ڕۆژگارێک بێت و ئەم دێڕانەی من وەک ئەفسانەو چیروانۆکی لێ بێت و خوێنەرەکانم تەنیا وەک چیرۆکێکی فانتاستیک بڕواننە نووسراوەکانی من. پاشان



سپاسداری یەزدانی ڕووناکاییەکان ببن و بڵێن خۆزگەم بە خۆمان وا لەسەردەمی تەناهی و متمانە و ڕۆشناییدا ئەژین.

پێشبینیکردن سەبارەت بەڕە وشینەوەکانی داهاتوو دژوارە، بەڵام تکا لەقەدەرو چارەنووس ئەکەم داهاتووی مرۆڤایەتی گەش و خۆش و ڕەنگین و ئاسوودە بکات و ناخی هەموو کەس لەجیاتی پەروەردەکردنی هەستی ڕەق و داڵپەروەری ببێ بەکولووی پەپوولەی باڵ نەخشین و شانۆی سریوەی سەیرەو چۆلەکە...

جار واهەیە دیل هیچ دوژمنایەتیەکی لەگەڵ زۆردەستدا نییە، بەڵام زۆردەست خۆی و تەخت و تاجەکەی زۆر خۆش ئەوێ و هەموو کەس بەدوژمنی تاج و تەختی خۆی ئەزانێ.... ئەو هەتا ئاخر چرکەی ژیان بۆ پاراستنی تاج و تەختەکەی شەڕ ئەکات. کاتێ تاج و تەختی لەدەس ئەدا، ئیتر ژیان بەلایەوە گرنگ نییە، بۆیە ساراک دوایین شای ئاشوور خۆی ئەخاتە ئاگری کۆشکەکەیەوە، هیتلێر خۆی ئەکوژێ و سەددام حسێن بەپێی خۆی ئەچێتە بەردەم سێدارە....

بێ گوناهەکان لەدیلییدا تەمەنای بەزەییيان هەیە. تاج و تەختی ئەوان ئەو ئاواتانەی دنیای سنوورداری خۆیانە.... دیل بە گوێرەی کاروباری خۆی مەراقی بۆ ئەرکەکانی دەرەوەی زیندانی هەیە. دووکانداری دیل خەفەتی دەفتەرو قەرزدارەکانی ئەخوات، مامۆستای زیندانی بۆ وانەی دواکەتووی منداڵەکان، نەکا پەکی

بکەوێ، ڕۆژنامەوانی زیندانی بۆ ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانەی کەناتەواون و کاتیان بەسەر ئەچێت، چالاکوانی مافی مرۆڤ کاتێ ئەخرێتە زیندانەوە بۆ مافی ئەو کەسانەی کەمافیان پێشێل ئەکرێ داڵغەی هەیە، نووسەری دیل بۆ چیرۆکی ناتەواو یان ئەو پەرتووکەی کەبڕیار وایە بەم زووانە بێتە بازاڕی بڵاوکراوە وێژەییەکانەوە خەفەتی هەرە گەورەشیان بۆ خۆیان ئەوەیە کەنگێ لە زیندان ئازاد ئەبن؟

.... ئەڵبەت دەوڵەمەندەکانیش تەنیا ئەو چینە لە کۆمەڵگادان کەلەکاتی وادا خەفەت بۆ هیچ ناخۆن، لەبەر ئەوەی ئەوان دڵنیان بەزووترین کات سەربەست ئەکرێن... پارە ئەوان ڕزگار ئەکات، لەبەر ئەوەی پارە تەنیا شتێکە لەم جیهانەدا داڵغەیەکی دڵفڕێنە بۆ زۆردەستان... زۆردەستان بەهۆی پارەوە سەر ئەکەون و ئەبن بەباڵادەست و ئەبن بەبکەر، کردەوە لەوانەوە سەرهەڵئەدا، ئەڵبەت کردەوەی وەک سێکس، قاچاخ و ترانزیتی هەموو شت وەک نەوت، مادەسڕکەرەکان، ماکە ناووکیەکان و ژن و مناڵ و چەک و تەقەمەنی.... ئەوان بازەرگانی ئەکەن و هەر ئەوەندەش لە بازرگانیکردن تێئەگەن...

بەڵام سیاسەتوانان و مافزانەکان خەریکن چوارچێوەی دەسەڵات هەڵئەسووڕێنن! باشە ئەی بۆ خۆیان ناتوانن ببن بەدەسەڵاتدار؟ لەبەر ئەوەی ئەوان ناتوانن لەشانۆدا دەرکەون.... ئەوان ناتوانن خەون و خولیاکانیان دەرببڕن. ئەوان مامەڵەگەری



باش نین. ئەوان هەر بەکار ئەوەدێن ڕێگەنیشان بدەن و ئامۆژاری بکەن.... چۆن خەرج بکرێ، چۆن بکوژرێ، چۆن مامەڵە بکرێ، چۆن سنوورەکان دیاری بکرێ، چۆن شێوازە سیاسییەکان، دەسەڵات، بەرەی دەسەڵات و بەرەی دژە دەسەڵات دەستەبەر بکەن و چۆن بەئاشکرا درۆبکرێ بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوەو چۆن پێچ و پەنای یاسایی بۆ زۆڵیەتی و چەفتەڕۆیی دەسەڵاتداران بدۆزرێتەوە! (هەرکات ئەکەومە بیری چارەنووسی پێشەواو لایەنگرەکانی یان تێکشکاندنی شۆڕشی 50 ساڵانەی مەلا مستەفا بارزانی ناتوانم خەفەت نەخۆم، ناتوانم بیرنەکەمەوە)... کاتێ ئایدیۆلۆژیاییێک بچێتە سەرووی ئەم سێ چەمکەوە بزانە چ کۆمەڵگایەکی خواروو، دەسەخوار، هیچ و خۆڕایی و بێ بایەخ دێتەگۆڕێ و دەربازبوونی زەمانیش ئەوەندەیتر ڕەوتەکە قوڕبەسەرو ئاڵۆز ئەکات و ڕێگەخۆشکەرە بۆ ڕمبازێن و هەڵاک هەڵاکی هەموو خراپییەک وەک مازۆژیسمی فکری و سادیسمی عەقیدەتی کەلەشۆڤینیزم دا بەشێوەیەکی هیستریک ڕەنگ ئەداتەوە... هیستریکێکی پڕ لەترس، ڕاڕایی، شک، خۆپەرەستی و نەفس نزمی.... هەڵوەشاندنەوەی ئەم دابونەریتەش چ کارێکی دژوارە، بەڵام باشتر وایە کارت نەبێ بەسەر کۆمەڵگەیەکی بەم شێوەوە، لەبەر ئەوەی دار بەکونی هەنگەژاڵەداکردنە... دۆعا بکە لەتۆ نەکەون، ئەگەر لێت بکەون بەحوکمی ئەوەی کەلەمانگای ئاوس ئەچن و لەهەرحاڵدا بار و دۆخیان ناسک و هەستیارە، هەتا

کۆتایی زەمان ئەگەر خەسارێک بکەن هەبێ تۆ لەبژاردنی بەهای خەساردا بەرپرس بی! ئیتر ئەگەر شانس لەگەڵ تۆدا یار بێت لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی بەم جۆرەدا نابیتە هاوخوان و هاوڕێ، چ بگا بەوەی ببی بەدراوسێ. لەحاڵەتێکی ناجۆردا ئەوەیەکە تۆ چارەنووست بەچارەنووسی ئەوانەوە گرێ بدرێت! تاک و کۆمەڵی کورد ئەوە سەدان ساڵە لەو ڕەوشەدا ئەژیت...

بەڵام قوڕبەسەری و نەهامەتییە ئەگەر چارەنووست بەتەگبیرو ڕای ئەوان ڕەچاو بکرێت، بۆ وێنە ئەسیری هەتاهەتایی بی (ژێردەستە) یان ئەسیری کاتی بیت(دیل). کەدیل کرای خاوەنەکەت کەکۆمەڵگەی تۆیە لەسەرت بەرپرسە، بەڵام کە ژێردەستەکرای، هەژار و قوڕبەسەری، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەکەت بەگشتی یەخسیرە، کێ لەسەرت وەڵام ئەداتەوە؟ کێ مافت ئەپاریزێ؟ کێ هاوارت بۆ ئەکات؟ کە ژێردەستەبوویت، چارەنووست دیلە، بەزنجیرەوەکراوە تۆ لەوکاتەدا، لەزیندان هەڵدێت یان لەچارەنووسی دیل کراوت؟ لەخۆت هەڵدێت یان لەزیندان؟ بۆ کوێ ئەڕۆی؟ بۆ بن بردی وڵاتەکەشت ڕابکەی جێگەی متمانەنیە! نەک تەنیا لەبەر ئە وەی دارو بەردو خاکت یەخسیرە , بەڵکو ئەوانەی وا ژێردەستەن وەک تۆ، گەرچی بەڕواڵەت لەزینداندا نین , بەڵام بەهۆی یەخسیربوونی وڵاتەکەیانەوە، حوکمی دیلیان هەیە، هەر وەک پێشتر ووترا دیل کاتێ شت نازانێ و بیری لەئامانجێکی دیاریکراو نەکردبێتەوەو



بەهۆی بێ شانسییەوە تێکەوتووەو گلاوەتە ئاویلکەو زیندانەوە، هەست ئەکا هەبێ بەزەیی پێبکرێ.... هەستی پەنگ خواردووی نەفرەت لەژێردەستەیی خۆی و باڵادەستبوونی بەرانبەر، ڕقی لەخۆی هەڵئەستێنێ و هەستی خۆشەویستییەکی درۆیینی سەبارەت بە باڵادەست پێ ئەبەخشێ. دیل حەز ئەکا "ق×د تقرب" بکات بۆ ڕازیبوونی باڵادەست. بەڵام ڕق لەبێ دەسەڵاتی و ڕۆژەڕەشیی خۆی، هەبێ بەڕق لەخۆی و هەر شتێک کەلەچەمکی ئەودا پێناسەئەکرێ....

کەواتە خەیانەتکردن بە"هاوژێردەستە" شێوەیەک دەربڕینی هەستی سەرکوتکراوی سەربەخۆیی و خۆدەستبوون یان ماف بەدەستبوونە، خەیانەت دەربڕینی داخ و زامە بەشێووەیەکی زڕ، قەڵب، چەفت و ناڕاست. پێچەوانە و بێ ئە قڵانە.

ماما.... خەونی بە ئاژۆوە بینی. ئاژۆ خۆڵاوی و خوێناوی بوو. جلێکی سپی لە بەریدا بوو.... چاوی پڕبوو لەتانەو تەشەر! .... ماما داچڵەکا.... چاوێکی بەدەوروبەری خۆیدا خشاند.... سەری لەسەر ڕانی لالا دابوو.

زگی لالا بەرزەوەببوو. هەبێ بەم زووانە مناڵەکەی لەدایک ببێ.... هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و هێدی هەستایەوە سەرخۆی.... یادی ئاژۆورەی پێ بەخشیبوو... کەوتەوەبیری ئەوین، خۆشەویستی، دایک و باوکی، ئۆربیلۆم، ڕەزەکانی دەوروبەری شار، هەواڵەکانی، خزمەکانی، مامۆستاکەی و هەموو

کەس.... زانی کەبیری هەموویانی کردووە.... ئێستا لەو هەمووە یادگارییانەی وڵاتەکەی تەنیا چەند ژنێکی دیل کە"هاوژێردەستەی" بوون ماونەتەوەو پێکەوە لەزیندانی بۆرسۆئێن لەئوری سومەردا ئەژین، ئەوە چەن ڕۆژێکی تر هاوڵاتیەکی تازەش لەدایک هەبێ.... با "هاوژێردەستە"ش بێ... بەڵام خۆشەویستە.... لەبەر ئەوەی گەرچی ئیتر یادگاری یادەوەریەکانی ڕابردوو نییە، بەڵام وزەبەخشە، لەکاتە ڕەشەکانی دیلی و ژێردەستەییدا وزەبەخشە.... بەڵکو ئەم تازە لەدایک بووە هێمای ڕزگاری بێ یان هەبوونی ئەم منداڵە تازە لەدایک ووە"موسا"یێکی تر بێ بۆ هاوژێردەستەکانی کۆمەڵگەکەی....

«ماما» هەستایە سەرپێ.... برسێتی لەبیرەوەچبوو. دەستێکی هێنا بەسەر قژی لالادا، جوانی کرد.... دەستی کرد بەووتنەوەی شێعرێک کەباوکی فێری کردبوو، باوکی زووتر لەسوپای دەوڵەتی گۆتیدا سەربازی کردبوو، سروودێکی سەربازی ئەزانی و جار جار چەن بەیتێکی ئەوتەوە:

هەرکەس وڵاتی خۆی خۆش بوێ
پاک و بەڕێزە وەک
سەرباز
من سەربازم و تەرمەکەم
کفنی باڵای دار وبەردو خاکی
وڵاتەکەمە



سەرفەرازم بەچاوەکانمەوە
لەبەر ئەوەی لەئاسۆدا
ئازادبوونی خۆم ئەبینم ئەگەر تۆ پێت وایە
خۆر و مانگ و ئەستێرەو ئاسمانیت!
بەڵام من مرۆڤم و توانام هەیە
ئەگەر ئاسمان و ئەستێرەو خۆر و مانگم نەبێ
لەخانووەکەم دا بەخەیاڵ
ئاسمان و ئەستێرەو خۆر و مانگ بۆ خۆم بخوڵقێنم!
ئەو خەیاڵەی من لەخانووەکەمدا
ڕاستەقینەترە لەواقیعی تۆ!
کەواتە من تۆم بەزاندووە
لەبەر ئەوەی ناتوانی خەیاڵی من زنجیر بکەی!

سەرانسەری ناخ و هەناو و هەستی ماما پڕبوون لەشادی و خۆشبەختی. شادی لەوەی کەڕابردووی هەیە، یادگاری هەیەو خۆشبەختی بۆ ئەوەی کەخاوەنی شادی و یادگاری و ڕابردووە... شێعری هەیە، سەربازی هەیە، شێعری سەربازیی هەیە.... باسی خانوو لەشێعرە سەربازییەکانیدا هەیە.... کەواتە ئاسۆی ئەو سەربازە ئێستا، "خانووە"!. کەواتە "ماما"ش سەربازە لەبەر ئەوەی وڵاتەکەی خۆش ئەوێ... لەبەر ئەوەی خاوەنی خەیاڵە... خەیاڵی ئازادیی و خانوو... تەنانەت ئەگەر نەشگەڕێتەوە بۆ

خانوو، یان دەیان و سەدان و هەزاران فرسەق مەودا لەنێوان تۆ و وڵاتەکەتدا لەگۆڕێدا ببێ!

لالا ووتی: ماما گیان! تۆ مانگ و خۆر و ئەستێرەو ئاسمان و ئاسۆیت.... وەرە با ناوێک بۆ منداڵەکەم بدۆزینەوە! ماما وەک سەیرەیەکی شادو بەختەوەر هەڵفڕی و هاتەوە بۆ لای لالا... چۆکی نا بەچۆکیەوە، ووتی ناوی بنێ: ڕۆژ! یان تەزوو! نا! نا! ناوی بنێ تیرێژ..... لالا ووتی: نا! ماما گیان! ئەگەر کچ بێ ناوی ئەنێم ماما ئەگەریش کوڕ بێ ناوی ئەنێم ئاژۆ.... بەیادی عەشقی "ئاژۆ" و "تۆ" وە....

ماما هیچی نەووت.... دانیشت و چووە ناو فکرێکی قووڵ و بێ سنوورەوە.

سەربازێکی سوومەری دەرکی کردەوە ڕووناکایی ڕۆژ هاتە ناو ئەو بەندیخانە تاریکەوە.... ڕاوەستا.... دەنگی کەسێکی تر هات.... کەسێکی تر هاتەبەر دەرکی زیندانەکەوە.... سەرۆکی کەمپەکەبوو... ئارام و هێوربوو... سیمای، ڕەفتاری و تۆنالیتەی دەنگی پڕبوو لەهێمنی و متمانە.... هەندێ وەستا تاکو چاوی بەتاریکایی زیندانەکەدا هات، چاوی بە"گیم نینۆرا" کەوت.... بەدەنگێکی هەندێ نەرم ووتی: تۆ ناوت چیە؟ گیم بەترسەوە ووتی: گیم نینۆرا!

ووتی: بۆ ئەوەندە پەلەی خواردنت بوو؟ گیم نینۆرا خەریک بوو دڵی ئەتۆقی.... ووتی: نازانم! ...



سەرۆکی کەمپ ووتی: فێری زانینت ئەکەم! .... ترس و ناڕەحەتی و مەراق و پەژارەکۆی ئەو چەند ژنەداماوەی گرتبوو.... بە سەربازەکەی ووت: بیبە دەرەوە! سەربازەکە هاتەژوورەوە، بەرەو ڕووی گیم نینۆرا هات.... گیم خۆی کۆکردەوە کز هەڵهات! خۆی برد لەچیڕەوە. بەڵام سەربازەکە پەلکێشی کردو بەدوای خۆیدا ڕای کێشا! ... کاتێ گهیشتنە بەر دەرکی زیندانەکە سەرۆکەکە لەوێدا ڕاوەستابوو، بەنووکی پێی شەقێکی نە زۆر قورسی کێشا بەقوونی گیم نینۆرادا ووتی: هەستە! با نەڵێم بەقامچی بتبەن! گیم نینۆرای کوڵۆڵ لەترسدا هەستا سەر پێ و چووە دەرەوە.... سەرۆکی کەمپەکەش بەدوایدا.... سەربازەکە دەرکی داخستەوە.... دیسان تاریکایی و بێ دەنگی ڕووی کردەوە ناو بە ندیخانەی بۆرسۆئێن. لالا ووتی: دڵم ژان ئەکات.... ژنەکان لەدەوری کۆبوونەوە.... کەس لەبیری گیم نینۆرادا نەمابوو.... لەبەر ئەوەی لالا خەریک بوو ژانی ئەبژاردەوە، ژانی منداڵ بوون....

"ئیلاسۆ" ژنێکی پەنجا ساڵان بوو، خۆی نەدۆڕاندبوو، ڕووی کردە یەکێ لەو ژنانەکە هاوڵەسەر و چاوی کون کون کردبوو، ووتی: "ئاربی تۆم"! هەستە بە ئەو سەربازە بڵێ: ئاومان پێویستە! .... ئاربی تۆم ویستی بڵێ: ناوێرم... بەڵام ئیلاسۆ چاوی تێ بڕیبوو.... هەستاو چووە پشتی دەرکەکە! هاواری کرد.... دەرکی کوتا.... سەربازەکە دەرکی کردەوە نەڕاندی ووتی چیە! ؟ ئاربی تۆم زمانی شکا.... بەڵام ئیلاسۆ ووتی: ئاومان

ئەوێ... ئەو ژنە خەریکە منالّی هەبێ..... سەربازەکە دەرکی داخست، دوای چەن خولەکی درێژخایەن گەڕایەوەو سوراحیەکی هێنا، ووتی: ئیتر داوای هیچ مەکەن! فەرماندە تووڕەبووە!

ئیلاسۆ ووتی: بڕۆ! دەرکەکە داخە! شەرم بکە!

سەربازەکە داچڵەکا! بەڵام مەجبور بوو بەقسەی ئیلاسۆ بکات، لە لایێکی تریشەوە قیژەو هەرای لالا کەئێستا بەرزو ئاشکرابوو مێشکی سەری مرۆڤی ئەبرد... دەرکی داخست و چووە دەرەوە...

لالا دوای چوار کاتژمێر منالّی بوو، کوڕێکی جوانی هێنایە دنیا... ئیلاسۆ هاواری کردەوە ووتی: ئاربی تۆم بەسەربازەکە بڵێ ئەو خنجێرەی خۆی بدا بەمن با ناوکی منالّەکەمان ببڕین... ئەمەوێ ناوکی کوڕەکەمان بەخنجێری سەربازی بالّادەست ببڕم نامەوێ کوڕی ئێمە چارەنووسی بەژێردەستەییەوە گرێ بدرێ...

ئەم جارە هەرچەندە دەرکیان کوتا وەڵام نەدرایەوە..... .. ئیلاسۆ: ووتی بەبەرد ئەیبڕم! ناوکی منالّەکەی بەبەرد بڕی... بەگۆشەی داوێنی کراسەکەی خۆی برینی ناوکی منالّەکەی بەست و پاشان بەداوێنی کراسەکەی دایکی سڕییەوە...

مێش لەمنالّەکەو کراسەخوێناویەکەی دایکی و لف و هەروەها لەش و بەدەنی لالا نیشتبوو... هەم منالّەکەو هەم دایکەکە ئێستا ڕووت و قووت بوون... جلیان لەبەردا نەبوو... ماما ئەمانەی ئەبینی و تێک ئەشکا... نەفرەت هەموو گیانی داگرتبوو... لالا ئەگریا، ئیلاسۆش هەر وەکتر، ماماش دەستی بەگریان کرد سەرو



قژی لالای خستەسەر ڕانی... لالا ئەتووت مۆتەکە سواری دڵی بووە... لەپڕ دەرکی زیندانەکەیان کردەوە... سێبەری گیم نینۆرا دەرکەوت... هاتەژوورەوە... شەرم و پەشیمانی و ترس و خەفەت بەسیمایەوە دیاربوو... کاتێ چاوی بەو شانۆیە کەوت چۆکی هەڵداو بەدەنگی بەرز دەستی بەگریان کرد... هەموویان زانییان چی قەماوە! فەرماندە دەستدرێژی پێکردبوو... گیم نینورا قژی خۆی ئەکێشاو خۆی ئەتلاندەوە... ئیلاسۆ هەستاو چوو بۆ لای دەستی گرت. لاواندی، دڵداری دایەوە ووتی: لالا کوڕی بووە!!! شاد بە!!!

گیم نینۆرا بەدەنگی بەرز نەڕاندی: چاوی دەرهات! چاوی هەموو پیاوەکانمان دەرهات! ئەگەر دلێر بوایێتن من بۆ هەبێ لەلایەن گۆڵە چەقەڵێکی سومەرییەوە دەستدرێژیم پێبکرێ! ؟ ها؟! پیم بڵێ بۆ هەبێ پیاوەکانی ئێمە بدۆڕێن! ؟ بۆ ئەبێ پیاوەکانی سومەر ببەنەوە؟ بۆ هەبێ سەرکەون! ؟ بۆ هەبێ پیاوەکانی ئێمە لەسەر خاکی خۆیاندا لیاقەتی پاراستنی خانوو و مافی خۆیان نەبێ، بەڵام سەربازەکانی داگیرکەر سەدان فرسەق ڕێگە بپێون و پیاوانی ئێمە ببەزێنن و کەسیش دەستدرێژی بەژن و کچیان ناکات؟ من بەلەدایکبوونی پیاوی بێ خێر و بێر شاد نابم! ... شاد نابم! شاد نابم! ... ئای چەندە ناخۆشبوو کاتێ بەسووکییەوە منی کرد بەئامێری حەوانەوەی خۆی... ئای چەندە پیسم!... لێم گەڕێ باخۆم بکوژم...

ماما چووه پێشەوه... ووتی گیم! گیم نی نۆرا! ... ئارام ببەوه بەقوربان!

گیم دەستی فڕەدا ووتی: لێم گەڕێ! بەتۆچی؟ تۆ وەک من نیت! لا بە! بۆ هەبێ فەرمانده تەماح نەکاتە تۆ! ؟ بۆ هەبێ من ببم بەتیری قەزاو بەلاوه! بێزارم لەتۆش!... لەخۆت و لەدەسگیرانەکەت و شێعرە سەربازەیەکەی باوکیشت...

ماما هیچی نەوت! مەسخ ببوو...

لالا کەوتە هەناسەبڕکێ... چاوی سپی هەڵگەڕابوو... خوێن لەبەر چوون و لاوازیی گشتی لەش، تێکی دابوو... لالا بەرەو مەرگ و نەمان ئەچوو...

گیم نینۆرا ئیتر نەئەگریا! ژیرەوەببوو... حاڵەتی لالا هەموویانی هەراسان کرد بوو... هەرچەندە ئاربی تۆم دەرکی کوتا، دەرکیان نەکردەوه.... لەنیوەشەودا لالا مرد... مناڵەکەی لەبرسیتیدا هەر ئەگریاو ئەکڕووزایەوه... ئیلاسۆ، هەر ئەوەندەی پی ئەکرا قامکی لەئاوی سوراحیە گلێنەکەدا هەڵبژەنێ و ئاوبدا لەلێوی مناڵەکەوه... مناڵەکە هەدای نەئەدا... ماما و ئاربیتوم بەنۆره، کۆرپەکەیان ئەکردە باوەش... ماما جارێکیان ووتی: ئاژۆ گیان! ... کوڕەجوانەکەم مەگری! . لایەلایە... دایک و باوکت تۆیان خۆش ئەوێ... منیش تۆم خۆش ئەوێ... کوڕە جوانەکەم لایەلایە... تۆ ئەبی بەکوڕی خۆم... ئاژۆ گیان. .. ئاژۆی بەژن بەرز! ئاژۆی دلێری من... کەوانەکەت ئەدەی بەشانداو تیردانەکەت



پڕ ئەکەی لەتیر... و ئەسپە ڕەشەکەت زین ئەکەیت و ئەچی بۆ ڕاوی شێر! ... ئەسپە ڕەشەکەت ڕەسەنە، دایکی مایینی دەریایەو باوکیشی ئەسپی باڵداره... لایەقی سوارێکی وەک تۆیە شۆڕەسوارەکەم ئاژۆ... لایەلایە... مەمکم شیری تێدا نییە , بەڵام بەخوێنی دڵ و بەفرمێسکی چاوم گۆشت ئەکەم... لایەلایە کۆرپەکەم لایە... ساواکەم لایە... پێکەوه سواری ئەسپە ئاسمانیەکەت ئەبین و لە دوو دەریای سۆڵ و تاڵەوه ئەپەڕینەوەو باز ئەدەین بەسەر تیگریژو فەراتیز و زێ و خابوور و ئاراس داو ئەڕۆین لەلووتکەی ئاگریدا ئەگرسێینەوه... تۆ هەورەکان بەتیر بپێکەو منیش بەخەندەکانم هەڵبەستت بۆ ئەهۆنمەوه...

مناڵەکە بێ دەنگ ببوو... قامکی دەستی خۆی بردبوو بەدەمداو ئەیچەکاند...

ئەو شەوه شەوێکی ناخۆش بوو...

بەیانی زوو، کاتێ دەرکیان لێ کردنەوه سەربازەکە خۆی دۆڕاند، بەبینینی جەنازەی ماسیوی لالا هێڵنجیداو قاپە چێشتەکەی فڕەداو ڕای کردە دەرەوەو بەهاوار و بانگ چوو بۆ ژووری سەرۆکی کەمپەکە! ماما تەنیا ئەوەندەی پێکرا دەستی هەڵژەند لەئەو چۆڕە چڵکاوە کەناویان لێ نابوو چێشت! یەک دوو جار لەلێوی منداڵەکەیدا...

چەن سەرباز هاتنە ژوورەوه، کەلاکی لالا یان بردە دەرەوه... ژنەدیلەکان بەدەنگی بەرز دەستیان بەشین و ڕۆکرد... دەنگی

گریـانێکی پـڕ لـەبـێ دەسـەڵاتـی و بـێ دەرەتـانی کـەشـوهەوای بەندیخانەی بۆرسۆئێنی گرتبوو.

بەدبەختی و نەگبەتی و نەهامەتی لـەشـین و ڕۆی ئـەو ژنانـەوە ئەتکا... لەفرمێسکی خوێنینی ئەو ژنانەوە ئەچۆڕا... ئـەو ژنانـەی کەوا بەفـەرمـانی بۆرسـۆئێن شـای سـۆمەر لـەئۆربیلـۆمی سـووتاو، ئۆربیلۆمی داگیرکراو ڕاپێچ درا بوون بۆ پایتەختی وڵاتی سۆمەر بۆ یەخسیری.

خوێنی لەشـی لالا لـەپـاش گواسـتنەوەی جـەنـازەکـەی لـەسـەر خـاکی زیندانـەکـەدا گـۆلاوەی بـەسـتبوو، مـێش تێیـدا بـوو. پـاش ماوەیەک دیسانەوە سـەربـازەکـان هـاتن و دەرکـی زیندانـەکـەیـان کردەوە... سەربازەکە نەڕاندی: هەمووتان بۆ دەرەوە بۆگـەنیوانـە! دێڵـەسـەگـە پیسانە! هـەبوونتـان هـەر دەردەسـەری و مـەینـەتـە! ئێوەبەکاری هیچ نایێن! پیاوەکانتان بۆ حەماڵی و نۆکـەری باشـن، ئێوەش بۆ کڵفەتی! وەک سـەگ خێـرا خێـرا ئـەتـرەکـن! ... خێـرا دەرکەون! خێرا!

ژنەکان گرین و شینیان لەبیـر برایـەوە! بـێ دەنگبـوون ! بـەڵام لەپڕ ئیلاسۆ دەستی کردەوە بەگریان! فرمێسک بـەچاویـدا ئـەهاتـە خوارەوە، دەستی هەڵپێکابوو، قژو ئەگریجەکانی تێک شێوابوون... بەرچاوی ڕەشدا کەوتبـوو، "مامـا" کـەوتـەوە بیـری دایکـی. ئـاژۆی لکاند بەسینگ و بەرۆکیەوە... ئەویش ئەگریـا... ئـاژۆش ئـەگریـا، برسی بوو... منالّی تـازە لـەدایکبـوو هێـشتا شـیری نـەخواردبـوو،



دایکی مردبوو، کەسیش نەبوو شیری پێبدا... ئاربیتۆم کەتا ئێستا نەگریابوو، پڕماندی... گیم نی نۆرا ترسابوو... نەئەگریا...

کـاتێ بـەڕیـز چوونـە دەرەوە تیـشکی خـۆر درا لـەچاویـان... هـەموویـان وەک کوێریـان لێهـاتبوو، کـوێرە کـوێر ئـەڕۆییـشتن، سـەربازێـک لـەو چـەنـد سـەربـازە بـەدەنگـی بـەرز هـاواری کـرد: بوەستن!...

ڕاوەستان... نەرمە نەرمە چاویان خەریـک بـوو لـەگـەڵ ڕەوتـی دەرەوەی زیندان ڕائەهات... سەرۆکی کەمپەکە هات... ئێستا ئـەو ژنانە ئەیانتوانی سیماو قەڵافەتـی فـەرمانـدەی کـەمپـی بۆرسـۆئێن ببینن. فەرماندە کڵاوێکی پەپاخی سپی کردبووە سەری. نـووکی کڵاوەکـە بـەرەوپـێش هـەڵگـەڕابـوو. کـەڵپۆسـێکی درێـژی بـەڵـەک بەڵەکی لەبەرکردبوو، پێڵاوەکانی لەڕەنگی کڵاوەکـەی سـەری بـوو، ڕمێکی سوور کەلـەکـانزای مـس درووس کرابـوو بـەدەسـتیەوەبـوو، سەربازەکـانی دوای فـەرمانـدەش بـەڕم و قـەڵغـانی مـسەوە بـەرەو ژنەکان ئەهاتن... سەرۆکی کەمپ،لەچاویدا تەنیا بێ هەستی و بـێ ڕۆحی بەدی ئەکرا... ڕاست بەرەو ماما هات.

منالّەکەی لالا هێشتا بەباوە شیەوەبوو... ئاژۆ بـێ دەنگبـوو... جارجار کۆخە یان پژمەیەکی ئەکرد" بەڵام ئەوەندە بـێ هـەسـت و برسی بوو کەهێـزی گریـانی نـەمـابوو... فـەرمانـدەووتـی: تـۆ! ... ئەتوانی شیر بدەی بـەو منالّـە؟ ! . مامـا ووتـی: نـا! مـن ئـەگـەر

هەندێ ئاوی گەرم و چۆڕێ شیری ئاژەڵم پێ بدەن ئەتوانم وەک گوڵ بەخێوی بکەم! ئاژۆ بەخێو بکەم! وەک منداڵی خۆم!

فەرماندە ووتی: ئاژۆی ناوە؟ کێ ناوی ناوە؟ ماما وەڵامی داوە: دایکی ووتی! فەرماندە پێکەنی ووتی: دایکی قسەی خۆڕایی کردووە... ناوی شتێکی ترە... من ناوی لێ ئەنێم... ناوی "بۆرسۆئێن خگاڵ"ە بەواتای بەندەی بۆرسۆئێن... ئەوەش بڵێم تۆ کاتێ ناتوانی خۆت بەخێو بکەی چۆن ئەتوانی منداڵێکی شیرەخۆرە گەورە بکەی؟ بۆرسۆئێن خگاڵ هەبێ خزمەتی شای گەورەی سۆمەر بکات... بۆرسۆئێن خگاڵ بەختەوەرە لەبەر ئەوەی ئەیبەنە کۆشکی سوڵتانی و پێی ڕائەگەن و گەورەی ئەکەن و پەروەردەی ئەکەن بۆ خزمەتی ژنانی فەرمانڕەوای گەورە... ئەوە ڕەسمێکی هەتا هەتایی سۆمەربووە...

ماما خەریک بوو ئەتۆقی. دڵی بەئاژۆ خۆش بوو، ئەوە خەریکن لێی ئەستێننەوە... هەستی کرد لەکاتی مردندایە. دڵی کەوتبوە تەپە تەپ، داڵغەیەکی شووم بەرۆکی پێ گرتبوو... لێوی ئەبزواند کەقسە بکات، بەڵام قوڕگی لەکار کەوتبوو، قوڕگی کەڵکی نەمابوو... ڕیشۆڵکەکانی گەرووی دەنگیان درووست نەئەکرد بەپیت و بزوێن... جووڵەیان لێبڕابوو... ماما ڕووخایەوە... ئاژۆ بەندی دڵی بوو... بتێک بوو، هێمایەک بوو بۆ هەموو شت... ئێستا ئەو هێما هەڵپرووکابوو، ئەو بتە شکابوو. بەندی دڵی پسابوو...



فەرماندە، ئاماژەی کرد بەیەکێ لەسەربازەکان... هاتەپێشەوە. لەناو لەپیدا پەڕۆیێکی سوور و ئەرخەوان قەدکرابوو، قەدی قوماشەکەی کردەوە، منداڵەکەی لەماما وەرگرت و پەڕۆکەی ئاڵاندە منداڵەکەوە. ماما ووتی: ئاژۆی من تۆ ڕۆحی منی!

کەس وەڵامی نەدایەوە. فەرماندە پشتی تێ هەڵکردن و بەرەو بنکەی خۆی ڕۆییشت. سەربازەکانیش بەدوایدا چوون... بەڵام سەبەتەیەکیان لەپێشی ئەو چەند ژنەدیلە دانا و خۆیان دوورکەوتنەوە... خواردن بوو... کەس ئیشتیای خواردنی نەمابوو، ئیلاسۆ ووتی: بخۆن! بخۆن! تەنانەت با ئەوەندە هێزتان تێدا ببێت بۆ خەفەت خواردن! کاتێ دەرکی بەندیخانەیان لەسەر ئەو ژنانە داخستەوە، دیسانەوە تەنیایی و قوڕبەسەریەکی تاریک و بێ نوور، ڕووی کردەوە ئەو کۆڕە ژنە یەخسیرەی شاری ئۆربیلۆم...

ماما ووتی: ئیلاسۆ! ئاژۆ ئیتر هەبێ بەکارەکەرو خوڵامی کۆشکی پاشای سۆمەر؟ هەتا کەی؟ بڵەی ئازاری بدەن؟ بڵەی ئەشکەنجەی بدەن؟ !

ئیلاسۆ ووتی: شای سۆمەر بۆ ئەوەی ئاگاداری ڕەوتی ژووری ژنەکانی ببێتەوە، هەبێ کەسانێکی لە بەردەستدا ببێ کەئەرکەکانی نێوان ژووری ژنان و شوێنەکانی تری بارەگای پاشایەتی ڕابگوێزن و هەموویان بگۆزنەوە بۆ نووسینگەی شا... لەم کەین و بەینەدا ڕێگەی هەڵفریواندنیان لەلایەن ژنانەوە زۆرە. ئەوەیە ژنان قەت ناکەن بەئەرکداری ئەم کارە گرنگە، بەڵام لەبەر

ئەوەی زۆر سرو ڕەمزو ڕاز لەژووری ژناندا هەیەو هەبێ "شا" لێیان ئاگادار بێت و نابێ کەسێکی تر بیزانێت مەجبوورن کەس یان کەسانێک بکەن بەئامرازی پەیوەندی نێوان ئەم شوێنە گرنگانە... پیاوانیش نابێ ئاگەداری ڕەوتی ژنانی شابن، کەواتە کەسیک پێویستە کەهەم پیاو بێت و تەماحی تێ نەکرێ و ئەرکی ژنانەش لەحەرەمسەرای ژنان بەجێ بهێنێت، کەواتە هەر لەسەرەتاوە منالآنی کوڕ، پەروەردە ئەکەن بۆ ئەم ئەرکە... بەو واتایە ئەیانخەسێنن، کەرستەی پیاوانەیان ئەپسێنن و ئەیانکەن بە "پساگ" یان پسێنراو، ئەم کوڕانەکاتێ گەورە ئەبن پیاون بەڵام ناتوانن هەستی پیاوانەیان ببزوێ و هیچ هەستێکی مێرانەو پیاوانەیان، بۆ ژنان نییە. ماما ووتی: ئەی ئاشق نابن؟ ئیلاسۆ ووتی: هەستی عاشقانەی پیاو لەهەستی غەریزەی پیاوانەیانەوە دێت، کاتێ غەریزەیان نەبێت، هەستی ئەوین لەناو دڵی ئەواندا چۆن پیک دێت؟ ! ... پساگەکان وەک منالْ وان کەتوانای کاری سێکسی یان نییە، بەڵام مانای هەموو شت ئەزانن، بەڵام منالْ نەتوانای کاری سێکسی هەیەو نەمانای هەموو شت ئەزانێ... هەر بۆیە مرۆڤی "پساگ" ئاگەداری هەموو کاروباری دامودەزگای پاشایەتی هەبێ، بەڵام دژ کردەوەیەکی بەرانبەر شای نییە. شا بایەخی پێ ئەداو ئەو بایەخەش بۆ پساگ هەموو شتە. ئەگەر لەژووری ژنانی شا دەری بکەن چ کارێکی لەدەست دێ؟



ماما دەستی گرت بەپێشی چاویەوەو هەنسکیدا... ئەگریا.. گیم نینورا وەک شێت دەستی بەپێکەنین کرد... ماما سەری هەڵهێنا و دەستی لەپێشی چاوی لابردو بەسەر کۆنەو سەرزنشتەوە ووتی: بەچی پێ ئەکەنی؟ ! گیم نینۆرا وەڵامی دایەوە: بەئاژۆی تۆ! ماما زانی کە گیم نینۆرا لە پاش ئەوەی فەرماندە دەسدرێژی پێ کردووە جۆرێک ڕق و قین و داخ لە دڵیدا سەبارەت بە ئەو دروست بووە... بە خۆی ووت : بەڵام بۆ من؟ ! مەگەر من چیم کردووە؟ زانی کە ئەو قسەی گیم نینۆرا، ئاژۆی تۆ! ، پڕە لەتانە. قسەیەکی ناوئاخنداره! ...

هەموو خوێنی لەشی دایە سەرو چاوی... وەک شێرێکی مێوینە هەڵی کوتایە سەر گیم نینۆرا و هەموو پرچ و قژی ئالآند لەهەر دوو دەستیەوە...گیم پڕ بەگەرووی نەڕاندی: لێم گەڕێ شێتی لەش فرۆش! ...بەڵام ئاگری ڕق و نەفرەتی ماما بڵێسەی بەست و بەردرایە گیانی گیم نینۆرا...

ماما قەت بیری نەئەکردەوە کەسێک لەجیهاندا پەیدا ببێت و جوێنێکی پیس و بێ ناموسی بەدەسگیرانەکەی، بەتەنیا ئەوینی ئەو، بەئاژۆی جوامێری بدات! باشە بۆ جوێن بەئاژۆ بدرێت؟ مەگەرچی کردووە؟ چی لەگیم نینۆرا کردووە؟ تاوانەکەی ئاژۆ هەبێ چی بێت؟ ... هەموو سەرو چاو و لاجانگ و مل و سینگ و بەرۆکی گیم نی نورا لەخوێندا گەوزا! ماما بەچڕنوک و نینۆک هەڵیکەند... گیم نینۆرایان بەپەت پەتی لەژێر دەستی ماما

دەرهێنا، ماما پەلاماری دایەوە... گیم خەریکبوو لەترسدا ئەمرد... ماما ووتی: خۆفرۆش! لەشفرۆش! خایین! لەژێر بێگانەدا خەوتوو! تۆ هەناسەی بۆگەنیوی داگیرکەر لەلووتت کەوتووە! ئیتر تۆ خێر نادەیتەوە! تۆ قوربانییت! قوربانیی هەوەس و بەدفەڕیی فەرماندەی ئەم کەمپە کاول کراوەی! تۆ بێ بەزەییت! مرۆڤ نیت! چاوی دیتنی منت نییە لەبەر ئەوەی قەت ئاشق نەبوویت... تۆ ئاشقی خواردنی گۆشت و خۆراکیت... ئاشقی گۆشتی برژاویت! تۆ زگت حوکمت ئەکات، هەربۆیە فەرماندە لەناو هەمووماندا تۆی هەڵبژارد بۆ دەستدرێژی و حەواندنەوەی لەشی خۆی! برۆ بمرە... بمرە... بێزارم لەتۆ! بۆگەنیوی پەست...

گیم نینورا وەک مۆمی داگریساو توایەوە... هەر یەک لەو قسە ناخۆشانە وەک بەردێکی قورس و گران ئەدرا لەسەر چاوی... وەک قەڵاییێکی ڕووخاو... داڕووخا...

ئیلاسۆ ووتی باشەبێ دەنگ بن! نەهامەتی خۆمان کەمە هەر شەڕی ئێوەمان ناتەواو بوو! گیم نینۆرا ڕووی کردە ماما،لەپڕ ووتی: تۆ زۆر شانازی بەخۆتەوە ئەکەی! زۆر لەخۆ باییت! پێت وایە هەر تۆ بنیادەمی! هەر تۆ بۆت هەیە دەرکەوی! تۆ چیت؟ کێیت! هەرچی ببی ئێستا وەک من وایت! ژنێکی بێ کەس و کارو دیلیت! هەر ئەوەندە! ... ئەگەر خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت ببوایی ئێستا پۆل پۆل خەڵکی سۆمەر ئەهاتنە پێشوازت! ... لەهەمبەر ئەو کچە خاتوونە ناسک و نازدارانەی کەلەشاری ئوردا



ئێستا دێن و ئەڕۆن تۆ هیچ نیت! وەک پەڕۆی لووتی ئەوانیش نیت... لەماڵی باوکتدا هەرچی بوو، ڕابوورد ئێستا حیسابی هیچت بۆ ناکرێ... تۆ ژنێکی دیل و یەخسیری... هیچ نیت... بەیانی یان دووبەیانی یان هەر ئێستا هیچ دوور نییە تۆ ببەن بۆ "کەیفخانە"یەک و وەک ژنێکی لەشفرۆش کەهەر کات لەژێر پیاوێکی بێگانەدا ڕائەکشێت و هەناسەی پیاوانی بێگانەئە درێ لەلووتیدا، بەسەر تۆشدا بێت! ئەی تۆ کەڵکت چییە؟ ئەی تۆ قوربانیکراو نیت قور بەسەر...؟ ! ئاخ... تۆ زۆر مناڵیت هیچ نازانیت! هەر ئەڵێی ئاژۆ! ئاژۆ! ... هەر تۆ ئاژۆت لەدەست نەداوە... هەمووومان ئاژۆمان لەدەستداوە... ئاژۆی من بەردتاش بوو. .. پەیکەری ئەتاشی بەوێنەی مرۆڤێکی زیندوو... پەیکەری منی تاشیبوو، لەخۆم جوانتر و نازدارتر... خۆم حەیران بووم کە چۆن هەبێ لەبەردێکی ڕەق پەیکەرێکی وا جوان لەمن درووس بکات کە لەمن ناسکتر و لاوتر بێت؟ ئەو هەمووە هونەرو ڕامان و هەستە ئێستا چی بەسەردا هاتووە؟ ها؟ ! ... ئێستا مردووە... خۆم جەنازەکەم بینی... لەپێشی دووکانەکەیدا... سۆمەرییەکان لینچیان کردبوو... ئێستا تۆ دڵت بۆ مناڵێکی ساوا ئەسووتێ کەئەیبەن بۆ کۆشکی سوومەرییەکان و تۆش دڵت ئەسووتێ ئاخۆ ئاشق هەبێ یان نا؟ ...

کەس هیچی نەووت... ماما بێ دەنگبوو... تەنیا سەیری خوێنی ژێر نینۆکەکانی ئەکرد... خوێنی گیم نینۆرا بوو... ماما

پەشیمان نەبوو. لەدڵیدا شەپۆلی ڕق ئەهات و ئەچوو... هەر ئەیووت: بۆی نییە جوێن بەئەشقەکەی من بدا...بۆی نییە جوێن بەئەشقەکەی من بدا...

بەیانی کاتێ ڕۆژهەڵهات و سەربازە سۆمەرییەکان دەرکی زیندانی بۆرسۆئێنیان کردەوە... پاش ئەوەی ژنەیەخسیرەکانی شاری ئۆربیلۆمیان هێنا دەرەوە بۆ ئەوەی خواردنیان بخۆن، فەرماندەی کەمپەکە هەر وەک خواوەندێک لەبنکەکەی هاتە دەرەوەو بەرەو ژنەکان هات... چەند سەرباز لەپاشیەوە هاتن. لەسەر داشقەیەک کەبەکەرە کێوییەکەوە بەسرابوو چەند خشتە نووسراو هەڵچنرابوون. فەرماندە بەدەست ئاماژەی کرد بوەستە. داشقەکەیان وەستاند. فەرماندە ووتی: ئەمە بڕیاری شای گەورەی وڵاتی سۆمەرە... شای بەشکۆ بۆرسۆئێن سەبارەت بەژنەیەخسیرە ئۆربیلۆمیەکانی کەمپی بۆرسۆئێن" هەمووتان پێشکەش ئەکرێن بەپەرستگەی گەورەی سۆمەر لەپایتەختی هەمیشە ئاوەدانمان ئور بۆ ئەوەی خزمەتی خواوەندەکانی سۆمەر بکەن، هەمووتان خزمەتکاری خواوەندی جوانی و ئەشق و خۆشەویستی "ئەشتار"ن... ئەشتار هەمان کەسەوا پڕە لەهەستی ژنانەو ئارەزو، حەزو ئاواتی ژنانە... ناوی ئەم ژنانە ئەخوێنمەوە، نوێنەری پەرستگەی گەورە شایەتحاڵی ئەم گواستنەوەیە: ئیلاسۆ بەدەنگێکی نزم ووتی: هەبێ ببین بەئامرازی حەوانەوەی هەستی پیاوانەی هەموو ئەو کەسانەی کەئەچن بۆ زیارەتی پەرستگەی



ئەشتار لەبەر تاسەی هەستی جنسی... با تاسەی هەستی پیاوانەی خۆیان بەلەشی ئێمەبشکێنن...

سەرۆکی کەمپەکە کاتێ بێ دەنگی و کشو ماتیی ژنە دیلەکانی بەندیخانەی بۆرسۆئێنی بینی ورەی گرتەوەو ووتی: لەمە بەدواوە ناوتان ئە گۆڕدرێ و بەناوێکی سۆمەری بانگ ئەکرێن. نەخەڵەتابێتن بەناوی کۆنتان بانگی یەک بکەن... زمانی ئێوە زمانێکی شاخستانییەو شاخستان دووژمنی ژمارە یەکی وڵاتی سۆمەرە... هەر کەس لەهەمبەر سۆمەردا بووەستێت بە چارەنووسی ئۆربیلۆمی سووتاو دووچار ئەبێتەوە... ناوەکانتان بەزمانی سۆمەری ئەمانەن: پووش– ئۆربابیلۆ،گیم نینۆرا، ئانی تۆم، ئاخاتی، بۆزاتۆم، ئیلی ئەشتار، ئاربیتۆم، ئیلاسۆ، زاکنی تۆم، بلووم ئەشتار، ئەبانیا، ماما...

ماما هێشتا بڕوای بەو هەمووە بێدادییە نەئەکرد... ئاژۆ لەپێشێ چاویدا بەرزبوو... لەدڵی خۆیدا هەر هاواری ئەکرد من هەبێ خۆم ڕزگار کەم...

کاتێ فەرماندە خشتەکانی خوێندەوە، بەدەستی ئاماژەی کرد کەداشقەکە بڕوات... جیڕەجیڕی چەرخی دارینی داشقەکە لەکاتی ڕۆییشتنیدا هەستی ڕزگاری لەمێشکی مامادا بەهێزتر ئەکرد... ماما هەستی بەهیێزو توانا کرد. توانای ڕزگارکردنی خۆی... ژنەکانی تر ئەوانەی کەلەگەڵیدا بەیەخسیری هاتبوون، هەستێکی ئەوتۆیان دەرنەبڕی... ئاربی تۆم ووتی: ئیتر لەدەست ئەم زیندانە

تاریکەو برسیتی و پیس و چەپەڵی ڕزگاربووین... ماما گوێی نەداین... بیری لەلای ڕزگاری بوو... بەڵام نەیئەزانی چۆناوچۆن؟ ... ماما بیری ئەوەی ئەکردەوە... لەوکاتەدا بیری لەهەموو کەس بڕابوو... تەنانەت لەخۆی! ...

سەقزی کوردستان 2008/01/27

ئەم چیرۆکە لەسەر ڕاپۆرتی: کەمپی ژنەیەخسیرەکان لەسۆمەر VDI،1952، ژمارە3 لەلاپەڕەی 12 بەدواوە، کتێبی: مێژووی میدیا A.M.Diakonov/ بەشی یەکەم لاپەڕەی 118 نووسراوە... ناوەکان ڕاستەقینەن، ئەم ڕووداوە لەساڵی پێنجەمی دەسەڵاتداری بۆرسۆئێندا (ساڵی 2051ی پێش زایین) قەوماوە. ئەسیرەکان گۆتی و لۆلۆبین. ئامانج لەم شەڕە گرتنی یەخسیربووە. ڕەوشێکی ترسناک و ناخۆش بەسەر ئەم کەمپەدا زاڵ بووە، برسێتی و مردن و قاتوقڕێکی سەیر لەم کەمپەدا هاتووەتە ئاراوە...پێویستە بڵێم کوموخ و کورخی و نیسی، ناوی هەردوو هەرێمە جیاوازەکانی کوردستانی کۆنن... ئەوانەی وا حەزیان لە مێژووی کوردستانی کۆنە بڕۆن موتاڵا بکەن...



## جەژنی حەنوکا

ئێوارە کاتێ لەزانکۆ هاتمەوە ئەوەندە ماندوو بووم لەوانەبوو ببورێمەوە. دایکم بەپەلە بەرەو ڕووم هات ووتی: کوا؟ مۆمەکانت هێنا؟ ! وەڵامم داوە: نا! لەبیرم نەبوو!

دایکم زۆر پێی ناخۆشبوو، دیارە چاوەڕوانی ئەوەی نەئەکرد وەڵامێکی بەو جۆرەی بدەمەوە... لەپێشم دەربازبوو، ڕۆییشتە ژووری بەرانبەر ساڵۆنەکەوە، ئەو ژوورەی کەوێنەی باپیرە گەورەی تێدا هەڵواسراوەو لەقاپێکی داریندایەو لەو کاتەوە چاوم کردووەتەوە ئەو وێنە لەناو ئەو قاپەدایەو بەدیوارەوە هەڵواسراوە. چ ئەو کاتەی کەماڵمان لەسەقز بوو، چ ئێستا کەلەتارانین، ئەم وێنە لەم قاپەدایەو بەدیواری ئەو ژوورەوەیە کەباوکم تێیدا ئەحەسێتەوە. هەڵبەت حەسانەوەی باوکم تەنیا لەکاتی نووستنیدایە، ئەگینا هەتا باوکم بەخەبەر بێت هەر خەریکی ئەو کارانەیە کەبەپێویستی ئەزانێ، وەک خوێندنەوەی پەرتووکی مێژوویی، ئۆتووکردنی جلەکانی، پرواندنی قوڕی دەرلنگ و تەکاندنی پانتۆڵەکەی، تەلەفوونکردن بۆ چاپخانەکان و کارخانەی کەرستەو کەلوپەلی پێداویستییە نووسینەکان وەک نووسینگەی قەڵەمی بیک، کۆمپانیای کاغەزە جۆرواجۆرەکان و دەفتەرو ئێستەنسێل و دەرزی و کاغەزی ڕەنگنامە و....

لەو کاتەوە مۆبایلی کڕیوە هەندێ ماڵەوە هێور بوەتەوە، بەڵام قەیران کاتێ ڕوو ئەدا کەهێڵی مۆبایل ئەبچڕێ و باوکم لەنێوان گفتوگۆدا تووڕەهەبێت و بەتووڕەییەوە، بەڵام بەهەستیاریەکی دیارەوە مۆبایلەکەی فڕە ئەداتەسەر نەرمایی دۆشەکی مۆبیلیاکەوەو لەژێر لچەوە دەسئەکا بەپرتەو بۆڵە...

هەموو کاتێکیش "دینێ"، کەکچی خوشکە گەورەکەمەو ئەوەبۆ دوو ساڵە لەلای ئێمەیەو بەتەمەن شەش ساڵانە بەپەلە ئەچێ و مۆبایلەکە هەڵئەگرێتەوە، بەڵام باوکم خێرا وریای ئەکاتەوەو ئەڵێ: مەکە ڕۆڵە! دەستی لێ مەدە! کایەی منالان نییە! ... دینێی فەقیریش تەریق هەبێتەوەو هەندێجار مان ئەکاو لەسووچێکدا هەڵئەتروشکێ و هەتا دایکم بانگی نەکا نایێتەوە ناو کۆڕەکە.... سەرکۆنە بەدەنگی دایکمەوە دیارە ئەبێ و ئەڵێ: بۆ لەو بەستەزمانە ڕووش هەڵدێی؟ ... ئەگەر وەهات ئەزانی بتداییێتەوە بەماڵی پووری.... باوکم کز هەبێ و ئەچێتە ژوورەکەی و هەندێجار دەرکی هۆدەکەی بەدوای خۆیدا دائەخات. زۆرجار گوڵۆپەکە ئەکوژێنێتەوەو لەسەر تەختەکەیدا ئەخەوێ و هەندێ جاریش دەنگی ئەگاتە ساڵۆنەکەوە کەخەریکە دۆعای "مەزامیر" ئەخوێنێتەوە یان پەرتووکێک ئەخوێنێتەوە یان خەوی لێکەوتووەو وڕینەئەکا...

دایکم هەموو کات دینێ ئەدوێنێ و دەستی بەسەردا ئەکێشێ و ماچی ئەکا... زۆرجاران بینیومە فرمێسکەکانی سڕیوەتەوە. دایکم



لەو کاتەوە "شادی" مردووە خەمۆکی تووش بووەو هەندێ خەڵەفاوەو شتی لەبیر ئەچێتەوە.... بەڵام هیچ کات مەرگەساتی "شادی" لەبیر نەچوەتەوە. شادی خوشکی گەورەمەو پێرار لەگەڵ مێردەکەیدا لەڕووداوی ئۆتۆمبێلدا گیانی لەدەسدا. بنەماڵەی "یۆمتۆب"ی زاوامان کەبرێتیە لەخوشکەکەی، بەمەمنوونیەوە مافی بەخێوکردنی دینێ یان بەباوکمدا. لەبەر ئەوەی یۆمتۆب تەنیا خوشکێکی لەتاراندا هەبوو، بنەماڵەکەی لەئەمریکا ئەژیان. جارجار تەلەفوونیان ئەکردو هەواڵی دینێ یان ئەپرسی. دایکم هەرکات دەنگی تەلەفوونی ئەبیست دائەچڵەکاو ڕەنگی ئەبڕوسقا. ئەمزانی لەوە ئەترسێ ئەوان بێن و پێی بڵێن: دینێمان پێ بدەنەوە.... یان بهێڵن بیبەین بۆ ئەمریکا...

دایکم پەرداخێ ئاوی بۆ هێنام، ووتی: باش بوو هەر بەیانی زوو بە تۆم ووت مۆمت لە بیر نەچێ! ئەوەنیە چەندە لەبیر ڕاسپاردەکانی دایکت دا بووی! ! !

ئـاوەکـەم خـواردەوە... دایکـم هـەر تـەمـەشـای ئـەکـردم، پەرداخەکەم دایەوە دەستی و ڕووم کردە ژوورەکەی بـاوکم، ووتـم: دایەگیان! خۆت تەنگەتاو مەکە! سبحەینێ ئێوارە شەوی یـەکـەمـی جەژنی حەنوکایە. مۆمت بۆ ئەکڕم. بەڵێنی شەرەفـت پـێ ئـەدەم! باشە؟ ....

دەستم بەپێکەنین کرد، پێکەنینم بەخۆم هات کەبەقورسییەوە بەڵێنم بەدایکم داوە! دایکم پێ نەکەنی، بەڵام دەنگی هاتەگوێم:

تۆ هەموو شت بەفشەبگرەو پێی پێبکەنە! تەنانەت ئەگەر ڕاسپاردەی دایکت بێ! کێ ئەزانێ بەیانی چی دێتە ئاراوە، یان دیسانەوە لەبیرت ئەچێ یان دووکان دائەخرێ، یان چووزانم هەزار گۆڵمەزیتر بەرپا هەبێ... جاران شادی مۆمی هەنووکای ئەکڕی و ئەیهێناوە، بەڵام دایکەکەی بمرێ ئێستا لەخاکدایە...

هاتمەوە ناو ساڵۆنەکەو بینیم دایکم ئەگری. بەلکەی دەسماڵەکەی سەری خەریکە فرمێسکەکانی ئەسڕێتەوە. نازانم دایکم ئەم هەمووە فرمێسکە لەکوێوە ئەهێنێت؟ شادی بەشێکە لەبیانووی فرمێسک داوەرانی دایکم... باوکم ناوی ناوە "مامەخەمێ"... گریانی دایکم هەمووکات لەلێواری دڵ و چاویدایە. بۆ هەموو شت دڵی تەنگ هەبێ و ئەگری. تەنانەت بۆ زۆر شت ئەگری کەخەڵکی تر بەلایەوە گرنگ نییەو بیری لێ بکاتەوە. لەبیرم دێ شادی بۆ منی ئەگێراوە" شەوی نەورۆزی 1988 دایکم لەبەر تەلەڤیزیۆندا خۆی مراند ئەوەندە گریا"...

من ئەو کاتەم لەبیر نایە لەبەر ئەوەی مناڵ بووم، بەڵام شادی ئەیووت: دایکم بەبینینی چۆنیەتی ڕەوشی هەڵەبچەییەکان لەتەلەڤیزیۆنەوە ئەوندە خەفەتی خواردو گریا کەچاوی سووربوو وەک گۆمی خوێنی لێهات. هەر وەک ئەو کاتانەی کەئەچێ بۆ کەنیسەو "ڕابی" بەدەنگی بەرز باسی پەت پەتیەکانی "بەنی ئیسرائیل" لەمیسر ئەکاو تەورات ئەخوێنێتەوە.



داخی گرانم! شادی نەماوە تاکو بۆی بگێڕمەوە دایکمان ئێستا لەجاران دڵی ناسکتر بوەتەوەو مەرگی ئەویش هۆکاری ئەم دڵتەنگییە بێ کۆتاییەی دایکمانە... چاوم بەشەمدانە حەوت لقە زێوەکەمان کەوت کەدایکم هەر لەئێستاوە لەڕە فەکەدەری هێناوەو لەسەر مێزی ئاشخانەکەدا دایناوە...

لە بیرم دێ کوردێکی خەڵکی باشوور جارێکیان هات بۆ دووکانی باوکم و کاغەزی سپی ویست. برادەرێکی سنەیی باوکم لەوێ دانیشتبوو و لەگەڵ باوکم بەکوردی قسەیان ئەکرد.

ئەو کابرا کوردەش بەخۆشحاڵیەوە ووتی منیش کوردم... باوکم کاتێ زانی کەئەو کابرا کوردە پەنابەرەو لە "کەرەج"ەوە هاتووە بۆ دڵنوایی ووتی: ژنەکەی من زۆر بۆ حاڵی ئێوە گریا، شەوی نەورۆز نەهات ئاگربکاتەوەو باز بەسەر ئاگرەکەدا بدا. ئەو لەبەر دڵی ئێوە شەمدانی حەنوکای هێناو لەژووری چێشتلێناندا مۆمی پێوەناو دایگرساندو بەدیاریەوە دانیشت هەتا مۆمەکان توانەوە. کاتێ هاتینە ناو ماڵەوە سەیر ئەکەین مۆمەکانی ناو شەمدانەکە خەریکن ئەکوژێنەوەو ژنەکەم سەری ناوەتە سەر دەستی و بەسەر مێزەکەدا خەوی لێکەوتووە. خانمەکەم سەرکۆنەمانی کردو ووتی ئێستا کاتی پرسەیە جەژن مانای نییە...

دایکم هەر ئەگری... دڵم تەنگبوو... ووتـم: دایـەگیـان مـەگـری ئـەوە ئـەچـم مۆمـت بـۆ ئـەهـەێـنم بـۆ سـبەی شـەو، بـۆ شـەوی حەنوکا... دایکـم سـەری هـەڵێنـاو تێمڕوانـی، پێـی خۆشـبوو ئـەم

قسەم کرد... کاتێ هاتمە دەرەوە دایکم لەپەنجەرەکەوە سەری هێنا دەرەوەو بانگی لێکردم "دەیوید! " کاتێ سەرم هەڵێنا دایکم ووتی: بڕوانە! ووتم: چی؟ دایکم هیچی نەووت، بەڵام بەهەر دوو دەستی بەمنی ئاماژەدا 7 ! واتە حەوت مۆم بکڕێ! ...

دەستم بەپێکەنین کرد، ووتم باشە! و ڕێگەم گرتەبەر...

کابرایێکی ڕێبوار بەناو کۆڵانەکەدا ئەڕۆیی، بەمەراقەوە سەیری من و دایکمی کرد... دایکم سەری بردەژووەرەو پەنجەرەکەی داخست. دەنگی ئەم داخستنە هاتەگوێم... زەلامەکە بەتەنیشت مندا دەربازبوو، بەڵام بە چاویەوە دیاربوو حەزی ئەکرد لەمن بپرسێ دایکت چ شتێکی ویستووە کەبۆی بهێنی و حەوت دانەبێ؟ ! ... بەڵام هەتا باسی مۆم و حەنوکا و بنەماڵەی "حەشمونایی" و حەوت کوڕەکەی بکەم، نیوەشەوەو هیچ دوور نییە دەرکی داخراوی دووکانان گاڵتەشم پێ بکا...

30/Dec/2005

بنەماڵەی حەشموونایی برێتی بوون لە باوکێک و حەوت کوڕەکەی کە دژ بە دەسەڵاتی یۆنانیەکانی دوای ئەسکەندەری مەزن شۆڕشیان کردو هەر بەو یادەوەرییە، جوولەکەکانی کورد زمان و جیهان لەسەرەتای مانگی بەفرانباری کوردیدا بۆ ماوەی حەوت شەو و ڕۆژ جەژن ئەگرن و لەشەمدانی "حەوت لک"ی تایبەتی ئەم جەژنەدا هەموو شەوێک هەتا حەوت شەو، هەر شەوێک و مۆمێک، دائەگرسێنن.



# میتۆلۆژیای ژیان

ژیان هەناسەیەک بوو. مرۆڤ هەڵیمژی و بەهی خۆی زانی.
بەڵام نەبوو بەخاوەنی، لەبەر ئەوە مەرگ گەمارۆی ژینی دابوو.
هەتا مرۆڤ ویستی بیر لەژیان بکاتەوە، نەمان بەمەڵەغانە ناودارەکەی دەستیەوە هات و سەری هەناسەی مرۆڤی پەڕاند. هەناسە لەگەرووی مرۆڤدا بوو بەهەنسک.... ئەوەیە مرۆڤ هێشتا دڵتەنگەو ئەزموونەکانی ژیان ڕیشۆڵەکانی هەستی مرۆڤی بریندار کردووە...

2007/02/18 سەقز

# دایەگەورە

(بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنەوە)

بیست ساڵ پێش ئێستا دایەگەورەم واتە نەنکم لەشەوێکی ساردی زستاندا ماڵ ئاوایی لەژیان کردو پێش هەموو کەس منی بەجێ هێشت. لەبەر ئەوەی دۆستایەتی و خۆشەویستییەکی قووڵ و گەرم و بەتین لەنێوانماندا هەبوو... ئەوەندەی کەخۆی شەوێک کە لەتەنیشتی یەکدا ڕاکشابووین و خەریک بوو ئەخەوتین پێی ووتم: من و تۆ بەینمان زۆر خۆشە، من و تۆ ڕەفیقی یەکین... پاش هەندێ ووتی: من و نەنکیشم هەر وەک من و تۆ نێوانمان خۆش بوو، پێکەوە ڕەفیق بووین... ئێستا پاش ئەم هەمووە ساڵانە بەڕای من ئەم دۆسایەتی و خۆشەویستییە وەکوو خۆی ماوەتەوە... هەرگیزای هەرگیز یەکمان لەبیر نەچووەتەوە، لەبەر ئەوەی مردنی نەنکم مەیلی هەر دووکمانی نەناوەتە تاریکایی فەرامۆشییەوە: من هەموو کات بیری ئەکەم ئەویش زۆر جاران دێتە خەونی منەوە...

تکایە مەڵێن باسی زیندووەکان بکەین... بەڕای من مردن تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کەوا لەبیر ئەکرێن... هەر کات زیندوویێک لەبیر ببەینەوەو ناوی بۆ هەمیشە لەلای خۆمان لەبیر بکەین بەدڵنیاییەوە ئەڵێم ئەو کەسەمان مراندوە یان بۆمان مردووە....



هەزاران هەزارو بگرە زیاتریش گوڵی بۆن خۆش پشکووتوون و ژاکاون و سیساون و هەڵوەران، بەڵام بۆنی خۆشی ئەو گوڵانە بەناوبردنیان لەهزرو یادماندا ئەبووژێنەوە... کەواتە مردن بۆ ئەوانەیە وا ناویان نابەن و لەبیر ئەچنەوە...

سپێدەی ئەمڕۆ نەنکم هاتەخەونم، دایکم پێی ووتم: نەنکت هاتووە بۆ ماڵی ئێمەو لە ژوورەکەدا نووستوە، وریا بەخەبەری نەکەیتەوە، بەڵام برۆ دەست و پێی ماچ بکە! ... نەنکم خەوتبوو، سەرتاپا جلی سپی لەبەر کردبوو. جلی "ئەحرام" واتە جلوبەرگی ئەو کەسانەی کە وا ئەڕۆن بۆ زیارەتی "کەعبە" لەعەرەبستان... دانیشتم و سەیرم کرد... حەزم ئەکرد ماچی بکەم، بەڵام دایکم ووتبووی ڕای نەچڵەکێنم.... خۆم لەخەو ڕاچڵەکام. .. لەلای خۆم ووتم: نەنکم هیچ کات لەخەونەکانمدا بەئاسوودەیی پشووی نەداوە، بەڵام ئەم جارە نووستبوو... بڕوا بکەن لەشەوی دووهەمی مردنیەوە بەم لاوە دەیان و سەدان جار نەنکم هاتووەتە خەونم... زیاتر لەهەموو کەس هاتووەتە خەونم... ئەو فریشتەی منە، ئاگای لەمنەو هەر کات دێتە خەوم ئەزانم شتێکی ناخۆش بەرێوەیە کەڕووبدا. ئەو ڕەفیقی تەنگانەو ناخۆشی منە... ڕۆحی نەجیب و پاکی نەنکم بیست ساڵە پەرۆشی منە...

جارێکیان هەردووکمان لەژێر قورسی دانیشتبووین.... مەراقی ناخۆشی ژیانمان ئەکرد. بەڕاستی ئەو ڕۆژانە زۆر تاڵبوون و من حەز ناکەم بەگێڕانەوەیان ئێوەش خەمبار بکەم... نەنکم دەستی

بەگریان کردو ووتی: خەفەتم هەر تۆیت... ئەزانم تۆ هەر ناحەسێیتەوە! ... دەنگی پڕ لەهەنسک و گریان بوو... فرمێسکەکانی بەڕوومەتە سووره جوانەکانیدا بۆ من ئەهاتنەخوارەوە...

ئێستاش حەز ئەکەم بزانم چۆن ئەیزانی من ڕووبەڕووی ڕۆژە سامناکە ناخۆشەکان ئەبمەوە؟ ... نەنکم بۆچی منی ئەوەندە خۆش ئەویست؟

من پاش دە دوازدە نەوە هاتبوومە دنیاوە، پاش منیش دە پانزدە نەوەی دیکە هاتبوون، من بۆ نەنکم چی بووم وا ئەوەندە سەبارەت بەمن هەست و خۆشەویستی و مەرحەمەتی هەبوو؟ نازانم... تەنیا ئەتوانم بڵێم ئەوە خۆشبەختیی من بوو، هەروەها ئەوپەڕی هەست و خۆشەویستی و مەرحەمەتی "خودا" سەبارەت بەمن بوو کەبەختی هەبوونی دایەگەورەیەکی ژیر و جوان و بەڕێزو زاناو میەرەبانی بەمندا.

داپیرەم زۆرجاران سەرو چاوی منی شتووە، منی بەکۆڵ گێراوە، منی لەسەر ڕان و لاقی خۆی داناوەو گۆرانی بۆم ووتوە، دەستی خستوەتە ناو قژم و سەری ماچ کردووم. ڕوومەتمان ناوە بەلای ڕوومەتییەکەوە، باوەشمان بەیەکدا کردووەو هەستی خۆمان دەربڕیوە. زۆرجار لەکاتی ڕۆیینماندا پێم هەڵکەوتووەو کەوتووم... بەسینگی خۆیدا داوەو خێرا ووتوویەتی: ئەی نەنکەکەت بمرێ! ...



زۆر بەدەگمەن ناوی خۆمی ئەبرد، هەموو کات بە"ئازیز گیان" بانگی ئەکردم... هەندێ جار بێ ئەوەی لێم تووڕە بێ و سەرکۆنەی کارە خراپەکانم بکات تەنیا ئەیووت: بۆ وا ئەکەی "کاپیتان خان"؟ ... نازانم ناوی کاپیتان چۆن کەوتبوە سەر زاری کەوای بەمن ئەووت؟ !

ئەڵبەت هەر یەک لەم کردەوە دڵسۆزانەی نەنکم ببوە هۆی درووستبوونی هەستی حەسوودی و بەرچاوتەنگی کەسانی تر... بەڵام بەلامەوە قەت گرنگ نەبوو. ئێستاش بۆم گرنگ نییە. کاتێ ئەو کۆڵەکە گەورەی ژیانم لەدەسدا هەر چەندە خەمبارو نازشێواوی کردم، بەڵام فێری کردبووم دڵسۆزی خەڵک بۆ خۆم نەکڕم... لەبەر ئەوەی خۆی هەر بەو جۆرە بیری ئەکردەوە... لەبەر ئەوەی ژیانی پڕ مەینەت و خەفەتباری سەردەمی منالیی خۆی فێری کردبوو بەسەر پێی خۆیەوە ڕابووەستێ... لەمنالییدا دایکی مردبوو... باوکی ژن بەژنی پێ کردبوو... کچە منالەکەی خۆی دابوو بەکابرایێکی چل ساڵانەو خوشکی گەڕاوەو قەیرەی ئەو کابرای بۆ خۆی هێنابوو.

ئاخ کەچەندە بەهەناسەو دەنگیەوە خەم و پەژارە دیاربوو کاتێ باسی ڕابردووەکانی خۆی ئەکرد. یادەوەرییەکانی ئەوەندە تاڵبوون کەتامی هەنگوینی لەدەمدا تاڵ ئەکرد.

نەنکم ژنێکی ژیرو نەبەز و کۆڵنەدەربوو... کاتێ بە خۆم و ڕابردووەکانمدا ئەچمەوە بۆم دەرئەکەوێت ئەوبوو فێری کردم

چیرۆک بنووسم، شێعر بڵێم و لەمێشکمدا فانتازیا بخوڵقێنم. دەیان چیرۆکی گەلێری و ڕاستەقینەی بۆ گێڕاومەتەوە... لەکاتی لەسێدارەدرانی ئاغاکانەوە بگرە هەتا چیرۆکی دابەشکردنی خێرو شەڕ لەقیامەتداو ماجەرای "دزی یەکدەس"و "تیدل و بیبل" "قالاوە ڕەشەو مام ڕێوی"و "مام چۆنەرێ"و...

داپیرەم زۆر شتی تری فێرکردم وەک قسەکردن...پاراو قسەکردن... بڕوا بکەن لەنووسین و قسەکردنمدا بەدەگمەن بەدوای وشەدا گەڕاوم... من بەزاراوەی ڕەسەنی مەڵبەندی خۆمان فێر کراوم قسەبکەم. زۆر کەس ئەناسم لەبواری وێژەوە، وشەناسی باشن، بەڵام قسەزان نین... لەبەر ئەوە بەڕەسەنایەتی زاراوەوە پەروەردە نەکراون. چەن ساڵ پێش ئێستا برادەرێکم کەدەنگی خۆشبوو بۆ قسەکردن و ئێستا دوبلۆرییەکێ لەکەناڵە کوردییەکانەو لەدراماکاندا دەنگە خۆشەکەی، دەورێکی سەرەکی هەیە بەمنی ووت تۆ زۆر ڕەسەن قسە ئەکەی. بەئاشکرا دیارە هی خۆتن. هەروەها برایم خان وێنسی نووسەو وەرگێڕی بەناوبانگی کورد لەتاران لەماڵی خۆیاندا لەپاش قسەکردنی سەرەتایی لەپڕ ووتی: تۆ زۆر خۆش و ڕەسەن قسە ئەکەی! ... ووتم: قوربان من وا فێریان کردووم، لەماڵماندا وا قسەکراوە، بۆیە وا فێربووم! برایم خان ویستی پرسیارێکی ترم لێ بکات، بەڵام خێرا ووتم: قوربان! داپیرەم فێری کردووم وا قسە بکەم! بزەیەکی نەرم دایگرت و ووتی: منیش داپیرەمم زۆر خۆش ئەویست...



ئێستا کەخەریکم ئەم دێڕانە ئەنووسم، پێموایە خودا شەرەفێکی هەرە گەورەی پێ بەخشیوم... لەبەر ئەوەی بۆ نەتەوەو گەلەکەم ئەنووسم و سەبارەت بەکەسێکی هەرە خۆشەویستی ژیانم ئەنووسم... زۆر کەسان هەبوون کەمنیان خۆش ویستووە، بەڵام هیچ کەس وەک دایەگەورەم هەمەلایەنەو بێ درێخ منی خۆش نەویستوە... خۆی ئەیووت: لەکچ و کوڕ و نەوەو ئێل و عەشیرەتم خۆشەویست تری! کەواتە شایەنی نییە من هەتا مردن بۆی بەداخەوەبم؟ !

جارێکیان ووتی ئەگەر بمرم چی ئەکەی؟ ... خەریک بوو دڵم بوەستێ وەڵامم داوەوا مەڵێ ئەتەوێ خەمگینم بکەی! ووتی باشە ئیتر وا ناڵێم و ناشمرم... دەستی بەپێکەنین کردو ووتی: پیرێژنەک هەبوو دڵ بەدنیابوو و حەزی لەمردن نەبوو. لەبەر خۆیەوە ویرەی ئەکردو ئەیووت: بەهار نەمرم، وەرزی گوڵانە، هاوین نەمرم، گۆشت گەندانە، پاییز نەمرم، گەڵاڕێزانە، زستانیش نەمرم بەفرو بارانە! .... منیش ووتم: ئەی ئەیەوێ کەی بمرێ؟ نەنکم پێکەنی ووتی: هەر ئەوە! ڕۆژێک هەبێ کەمرۆڤ هەبێ بمرێ، چارمان ناچارە!!! بێدەنگ بووم... قسەم نەمابوو...

نەنکم بەشێوەیەکی بەرچاو ئازابوو. نەبەزو دلێرو شێر سفەتبوو. بەگوێی خۆی ئەکرد... ژێر باری قسەی کەس نەئەچوو... سەرەڕای ئەوانە هیچ کات بەخۆی نەئەووت من وەک

پیاو وام، پێی عەیب بوو خۆی بەپیاو بشوبەێنێ، ئەیووت من خۆم بەهیچ پیاوێک ناگۆڕمەوە! ...

ژنیک هەبوو لەگەڕەکەیاندا، پیربوو، بەڵام وەک پیاو پانتۆڵی لەپێ ئەکردو لەگەڵیان دامەو ڕیزێن و شەڕەقسەو گاڵتەجاڕی ئەکرد. جارێکیان ووتم: دایە خانم! ڕات سەبارەت بەئەو ژنە چیە؟ ... بزەیەک گرتی وەڵامی دامەوە: حەز لەیەک شت ناکەم! ووتم چی؟ ووتی: خۆت وانیشان بدەی، بەڵام واش نەبی! ووتم : چۆن؟ ووتی تۆ کام پیاوت بینیوە زگی پڕ ببێ و زاوزێ بکات؟ ووتم: کەس! ووتی: ئەم گەوجە دە پازدە جار زاوە ئێستا پانتۆڵی پیاوانەی بەسەر دەرپێی ژنانەدا کردووەوا ئەزانێ هەبێ بەپیاو! ... پێکەوە دەستمان بەپێکەنین کرد. نەنکم ژنێکی بێ وێنەبوو... ژنبوو...

ئـەو خانمـە بـەڕێـزە فیـرێ کـردم سـەبـارەت بـەژن چـۆن بیربکەمەوە... ژن زۆر جاران لەکۆمەڵگەی کوردیدا زەبوون و داماو بووە... ژێر چەپۆکەی پیاوبووە. ستەمکاریی پیاوانە سـەدان سـاڵ ورەی لەژن سەندبوو: ژن بەژن ئەکران1، لە خوێندا ئـەیانهێنـان2، دووچاری فرەژنیی3 مێردەکانیان ئـەبـوون، وەک مێیینـە4 ئـەژمـار ئەکران، زاییفە بوون یان ئەزموون ئەکرد، بـەئـافرەت6 (عـەورەت) پێناسە ئەکران، کەمینە7 بوون و کەنیز 8 بوون، موتعە9 بـوون و مارەبەجاش10 کردن و ژنبـوون11 تـەنـگ و چـەڵـەمـەو کۆسـپ و



تەگەرەی ڕێگەیان ئەبوو و بەداخەوە کولتووری بێ دەسەڵاتیـی ژن لەکورستاندا کرابوو بەباو و نەریت.

ژنان نیوەی کۆمەڵگەن. ڕاستە توانای جەستەیی یان کەمترە، بەڵام پیاو لەگەڵ ئازاتر لەخۆی هەبێ ململانێ بکات نەک کەم هێزتر لەخۆی! کێبەرکێی پیاو لەگەڵ ژندا تەنیا لە گۆڕەپانە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندا لەپێناوی پێشوە چوونی کۆمەڵگەدا شیاوە. تاکەکان لە خزمەتی ئاساییش و ئاسوودەیی کۆمەڵگەدان. ئەو تاکانە کۆمەڵگە پێکەوە ئەنێن. تواناو پسپۆڕایەتی و شارەزاییەتی هەموو تاکەکان لە چەمکە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکاندا بە گوێرەی بەرژەوەندیە گشتیەکان دەستەبەر ئەکرێن. ئازایەتی پیاو لەورەو دڵ فراوانی ئەودایە. بەهەمان شێوە ئازایەتی ژنیش لەورەو لێهاتوویی و دڵفراوانی ئەودایە... بڕواننە "زێڕەوشان" خانم شێرەژن، حەفسەخان نەقیب، عایلەخانم جاف، میناخانم قازی، حەمایل خان بارزانی، لەیلا زانا، خوشکە لەیلا قاسم، مەیرەم خان، مارگریت جۆرج، ئایشێ شان و دەیان و سەدان ژنی بە ناوبانگ و بێ ناو و نیشانی تر وەک ژنانی ئە نفالکراو، چالاکوانانی بواری وێژەو فەرهەنگ و هونەرو مافپەروەری و مناڵپارێزی و ژنپارێزی لە کوردستان کە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ڕەوتی دنیادا چۆن ژیان بەسەر ئەبەن و تێکۆشان ئەکەن و لا بۆ شکست و چەڵەمە چۆل ناکەن...

**من ناتوانم وەک ژن بیر بکەمەوە لەبەر ئەوە دنیای هەست و سۆزی ژن و پیاو جیاوازە، بەڵام دنیای ژیانیان یەکێکە، کەواتە هەر کەس بەهەست و سۆزی خۆیەوە لەژیانی واقیعدا بژی و ئازاری ئەوی تر نەکات... لەبەر ئەوەی ئەگەر مردین با بەتەواویی لەبیرمان نەبەنەوە... تەنیا بیرو بیرەوەرییە درێژەدەری ژیانی مرۆڤەکانە...**

8/ی ئادار/2011 سەقز. کوردستان

1. ژن لە پێناو ژندا،واتە ژنێک ئەدەن بەزەواجی کەسێک و ژنێک لەبنەماڵەی ئەو زەلامە ئەستێنن. بۆ وێنە خوشک و براییێک لەگەڵ خوشک و براییێک لەبنەماڵەیەکی تردا هاوسەرگیری ئەکەن. لەناو هەندێ گوندەکان و شارەکانی نیشتمانی ئێمەدا باوە، دیارە ژنەکان وەک کەرستەو ئامێرو ماڵ لە نێوان دوو پیاودا مامەڵەی پێوە ئەکرێ. ژن بۆی نییە ڕای خۆی دەرببڕێت... هەر ئەوەندە نییە، دواتر هەر کات ژنێک لە و دوو ژنە بتۆرێ ئەبێ ئەوی تریش ئەبێ بتۆرێ، هەر کات یەکێکیان تەڵاق بدرێت ئەوی تریان ئەبێ تەڵاق بدەن.... حەز ناکەم لەوە زۆرتر لەم بارەوە قسە بکەم...

2. دابی سەردەمی تایفەگەرییە. هێشتا لە ناوچەی ئیلام و ئەرکە وازدا باوە... پێی ئەڵێن "خوون سوڵح". کاتێک لە نێوان دوو هۆزدا خوێن واتە قەتڵێک ئەکرێت هۆزی لێکوژراو هەتا تۆلە نەکاتەوە واز ناهێنێت... بەڵام ڕدێن سپیەکانی هەر دوولا هەندێ جار بڕیار ئەدەن ئەگەر ئەو بنەماڵە وا قەتڵەکەیان کردووە کچێک بدەن بەبنەماڵەی لێکوژراو خوێن ئەکوژێتەوەو تۆڵە پشتگوێ ئەخرێت. ژنی داماویش



نەمارەیی هەیەو نەشیربایی، نەجلی بۆ ئەکڕن و نەزێڕ، زەماوەندیشی بۆ ناکەن... خۆتان بڵێن کردەوەی ماڵە مێردو خەزووران ئەبێ چۆن بێت...

3. چەند ژنی. بەپێی یاساکانی شەریعەتییە هوودو ئیسلام پیاوێک ئەتوانێ جەند ژن مارە بکات: بۆ جووەکان دوو ژن بۆ ئیسلامەکان چوار ژن. لەقەدیمدا جاریەش هەبووە بەلێشاو...

4. ڕەگەزی دووهەم لەبەرانبەر نێرینەدا. نێر ئەبێ بۆ ڕەزایەتی خۆی لە ژیان مێ بەکار بهێنێت...

5. بەژن ئەڵێن واتە بێ دەسەڵات

6. تورکانی عوسمانی وشەی "عەورەت" یان لەزمانی عەرەبییەوە کردووە بە "ئاورەت/ ئاڤرەت" و بەژنەکانیان وایان ئەووت، واتەژن وەک عەیبی وایە هەبێ داپۆشرێت. عەورەت لەشەریعەتی ئیسلامدا بۆ ژن هەموو گیان و جەستەیەتی و بۆ پیاو لەچۆکەوە هەتا ناوکیەتی... دەرکەوتنی عەورەت ئەبووە هۆی بەتاڵبوونی نوێژ. لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بەسەر کوردستاندا وشەی "ئاڤرەت" هاتە ناو فەرهەنگی کوردەکانەوەو وەک وشەیەک سەبارەت بەڕەگەزی بەرانبەر وا تەژن بەکاریان هێنا و لە زاری تورکەکانەوە دووبارەیان ئەکردەوە: ئافرەت. هەر ئەوەندە!

7. بە زمانی فارسی بە واتای کەم، سفەتێکە بۆ ژنان!

8. کەنیز بەعەرەب کراوەی وشەی کەنیشک و کەناچییە بەواتای کچ، جیاوازی نێوان وشەی کەنیز (کچ) لەگەڵ (دوێت یان دۆت) لەتایبەت بوون یان گشتیی بوونی ناوی کەنیزو دوت دایە. دۆت یان دۆخت لەپەهلەوی و ساسانی و گۆرانی کۆندا بەواتای ئەولادی مێینەی باوکە، بەڵام کەنیز یان کەنیشک تایبەتە بەمێینەی منداڵکارو بندار، ئەوانەی وا هێشتا بنیان هەڵنەگیراوە. وا دیارە کاتی هاتنی

ئیسلام، عەربەکان وشەی کەنیزیان لەکوردانی شارەزوور و پاڵەو گۆرانەوە وەرگرتووە.

9. هاوسەرگیری بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەچەن کاتژمێرەوە هەتا چەن مانگ و چەن ساڵ. دیارە لەبەر ئەوەی باسی "ماوە و کات" لەپەیماننامەی زەواجەکەدا ڕاشکاوانە ئەکرێ هەر بۆیە ئەم زەواجەکاتییەو هەمیشەیی نییەو لە لاییێکی تریشەوە بەپێی ئەم زەواجە ژن میراتبەری پیاوەکە نیەو مناڵەکەیش (ئەگەر مناڵ درووس ببێ) لەباوکەکە میرات نابات! ... ژنەکەش نەفەقەو شیربایی نییە، مارەییەکەشی هەر ئەو بڕەپارەیە کە لەسەرەتاوە پێی ئەدرێ....! ! ! ئەم جۆرە هاوسەرگیری بەتایبەتی فیرقەی شێعەیەو هەرچەندە خەڵکێکی بەرچاوی چەن ملوێن کەسیی لەکوردستاندا شێعەن، بەڵام ئەخلاق و عادەت و شەرەفی کۆمەڵگەی کوردی نەهێشتووە ئەم کارە ناڕەوا لەناو کۆمەڵانی کوردی شێعەدا ببێ بەدابونەریت. بەڵام لەناو عەرەب و فارس و تورکدا ئەگەر شێعەبن باوە...

10. لەشەریعەتی ئیسلامدا، کاتێ ژن و مێرد پەیمانی زەواج مۆر ئەکەن، سێ جار ئەتوانن لەیەک تەڵاق وەربگرن و جیاببنەوە. پاشان بچنەوە بۆ لای یەک و دیسان پەیمانی زەواج مۆر بکەنەوە. لەپاش سێ جار تەڵاق ئەو ژن و پیاوە ئیتر مافی گەڕانەوە بۆ لای یەکترو زەواجیان نامێنێ، هەر کات حەز بکەن بچنەوە لای یەکتر، هەبێ کابراییێک ئەو ژنە مارەبکات و بیکات بەژنی خۆی، پاشان تەڵاقی بدات، ئەمجار ژنەکە ئەتوانێ شوو بکاتەوە بەمێردە پێشووەکەی... بەم کارە ئەڵێن جاشکردن، مارەبەجاش!

11. ژن بوون بەواتای هەبوونی ئاپارتایدی ڕەگەزییە... پیاو دەسەڵاتدارەو ژن بێ دەسەڵات و کەم دەسەڵات....



## چیرۆکی ئاشقێنی

کۆترەباریکەنێرە کەلەپاش بێ وەفایی جووتەکەی کەپێشتر دەرحەق بەوی کردبووی بەدوودڵی و ڕاڕاییێکی زۆرەوە هاتەوە بۆ ئەو گوێبانەی کەلەوێدا جووتە مێوینەکەی بەهەڵەدا چوو، یان بەو جۆرەی ئەو بڕوای پێ بوو، لەخشتە بڕابوو، و لەحەوشەیماڵی پیرێژنە جادووبازەکە نیشتەوەو بەخواردنیدانە داکراوەکانی ناو باخچە ئەفسووناویەکەی ئەو ئافرەتە نەفرەتییە، ڕەنگی مرۆڤی لێ نیشتوبوو بەکچە ئادەمزادێکی جوان، ئەگەر جووتەباڵێکی ڕێکوپێکی هەبوایە بەڕاستی فریشتەیەکی نەشمیلی بەهەشتیبوو کەکەوتووەتە داوی دنیای خوارووی ماکییەوە...

بەڵام ئەو فریشتە، ئەوپەرییە، خەڵکی ئەم دنیابوو ئەم دنیا ژێرینە، ئەم دنیا خوارووە کەپێوانەکانیەی خۆیبوو، تایبەتی خۆی بوو، تایبەتمەندیەکانیشی هی خۆی و دانیشتوانەکانی بوو... کۆترەباریکەنێرەکەش ئەمانەی ئەزانی... خۆی خەڵکی ئەم جیهانە ژێرینەبوو. خەڵکی جیهانی ماکیی بوو... بەڵام هێشتا لەهەندێ شت و هەبوونیان تێنەئەگەییشت... لەپاش ئەوەی جووتەکەی بوو بەکچە مرۆڤ و بوو بەکەنیزو کارەکەری ماڵی پیرێژنە جادووبازەکە ئەم تێنەگەییشتنانە دەستیپێکرد... هێشتا سەرسام بوو... تەنیایی نامۆی کردبوو... هەندێجار لەخۆی تووڕە ئەبوو، گوایە بۆچی ئەویش هاوکات لەگەڵ جووتەکەی لەحەوشەی پیرێژنە

جادووبازەکە نەنیشتەوەو دەستی بەدان خواردن نەکرد، بائەگەر چارەنووسیان وای بڕیاردابوو کەببن بەمرۆڤ، بەڵام بەیەخسیری لەخانووی جادووبازدا بژین، ئەویش بە ئەو پاساوەی کەلەلای جووتەکەیەتی و هەست بەهەبوون و هەناسەی یارەکەی ئەکات ئاڵقەی نۆکەری پیرێژنە نەفرەتکارەکەی لەگوێ ئەکرد... ئازادی زۆرخۆشە، بەڵام بەبێ یار، ئازادی دڵ ناحەوێنێتەوە... یەخسیر بوون بەئەوینەوە زۆر خۆشترە لەئازادی بەبێ یار! ....

کۆترە باریکە نێرەکە، وا بیری ئەکردەوە... بەڵام قەت بیری نەکردبوەوە کەمرۆڤ بوون، ئازادی لە جووتەکەی ستاندووە: ئەگەر بتەوێ ببی بەمرۆڤ، ئازادبوونت لێ زەوت ئەکرێ... ئەگەر بتەوێ هەم مرۆڤ بیت و هەم ئازاد بیت هەبێ لەداوی پیرێژنە جادووبازەکە ڕابکەی و خۆت ڕزگاربکەی، هەم لەکۆیلەتی و هەم لەمەینەتی... بەڵام خۆڕاگربوون لەهەمبەر دانەداکراوەکانی باخچە ئەفسووناویەکەی حەوشە ڕەنگنامەکەی جادوبازی "پیرپەندک"، ورەی بەرزی ئەوێت...

لەوە دژوارتر ئەوەیە چۆن جلوجەستەی مرۆڤانە لەبەر خۆت دائەماڵی و ئەبیتەوە بەکۆترە باریکە شادانە ئازادەکە! ؟ کۆترە نێرە نامۆ تەنیا ماوەکە بەدوودڵی و ڕاڕاییەوە بەپاساریی ئەو بانەدا نیشتەوەوا دوایین جار لەگەڵ جووتەکەی نیشتەوەو پاشان جووتەکەی بەبینینی دان و دەخڵەداکراوەکەی باخچەی پیرێژنە جادووبازە نەفرەتییەکە خۆی فڕەدا خوارەوەو لەحەوشە



ئەفسووناویەکەدا نیشتەوەو بەخواردنی ئەو دانەوێڵە نەگبەتییانەبوو بەمرۆڤ...

کۆترەباریکە نێرەکە ئێستا دیسان هاتووەتەوە... بۆ بینینی جووتەکەی... کەئێستا بووە بەمرۆڤ...

دوای ئەم کاتەتێ پەڕبووانەی پاش جیایی، خۆی ئەزانێ جووتەکەی ئیتر نەیتوانیوە خۆی لەکڵفەتی و کۆیلەتی و هەروەها لەمەینەتی مرۆڤ بوون و جلو جەستەی بنیادەم بوون ڕزگار بکات، بەڵام بەیادی جاران و بەبۆنەی دۆسایەتی قەدیم و ئەوینی ڕۆژگارانی ڕابردوو، هاتەوە، بەڵکو جووتەکەی ببینێتەوە... گەرچی بێ وەفایی یارەکەی لەیادی نەچبوو. ئەگەر وەفای ببوایە شوێنی نەوسنی و سکەڕۆیی نەئەکەوت و جووتەکەی، یارەکەی لەگوێ بانی غەریبایەتیدا بەجێ نەئەهێشت و لەحەوشەی جادووبازی نەیارو حیزفرسەتدا نەئەنیشتەوە تاکو ئێستا خەریکی گسک لێدان و مافوورتەکاندن و دەرگاو بان ماڵین بێ. بەبێ باڵ و بەبێ هەستی هەڵفڕین هەر دوو پێی لکاوە بەزەوییەوە.

کۆترەباریکە نێرەکە هەندێ ڕوانییە ناو حەوشەکە... پیرێژنەکە خەریک بوو پەلکەی بۆ کچەکە ئەهۆنیەوە... کچەکە چاوەکانی ڕەش و بەخومار بوو. ئەتووت ئەستێرەن و ئەدرەوشێنەوە... لەپڕ حەزی کرد ئەوێش تووشی ئەفسوونی پیرە جادووبازەکە بێت و ببێ بەمرۆڤ، ببێ بەکۆیلەو نۆکەرو مەینەتکێشی جادووبازەکە... هەرچەندە لەخانووە تاریکێکی پڕ لەجاڵجاڵووکەو مشکەکوێرەو

بۆنی تەڕەشۆونم و نسرمی و برسیتی و نەحەساندن و ماندوویيدا بژی... بەڵام لەگەڵ ئەوینەکەی، جووتەکەیدا ژییان، ئەوانەی لەبەر چاویدا ئەکرد بەشەراب و شەربەت و شەکرەوە...

پیرێژنەکە هەستی بەئاواتەکەی کۆترەباریکەکە کرد. ڕقی هەستا... ئەو نەفرەتی یەقەت هەست و هەنسکی لەئەویندایدا نەبزوابوو... حەسوودبوو. بەرچاوتەنگ بوو. حەزی بەخۆشەویستی نەئەکرد... ڕقی لەکۆترەباریکە نێرەکەش بوو لەبەر ئەوەی بۆ جاری دووهەم هاتبووە سنوورەکانییەوە... حەزی نەئەکرد ئەو باڵندە تەنیا، وەفادارانە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی لەیەک دابڕان... ئەو شوێنە دەروازەی وڵاتی بێ وەفاییە... بەڵام بۆ کۆترەباریکە وەفادارەکە شوێنی دابڕان تەنیا یەک واتای بوو: شوێنی دابڕان! و تەنیا بیانوویەک بوو بۆ گەڕانەوە بۆ مێژوویەک کەئێستابووە بەیادەوەری یەک لەبیریدا...

کۆترەکە لەدەروشینی چاوی کچەکە، هەموو مانایەکی جوان و پڕشنگداری بینی، بەڵام بەئاواتەوەبوو "وەفا"ی تێدا بەدی بکرێ. بەداخەوە بەقەت دەنکەگاڵێک، وەفا لەنیگای جووتەکەیدا نەبوو...

زانیی مانەوەی بێ کەڵکە... هەستی وەفاداری خۆی ئەوی گەڕانبویەوە بۆ شوێنی دابڕان... ئەو شوێنە بۆنی ئەوینی ڕابردووی لێوە ئەهات. بەڵام لەڕاستیدا دەسپێکی بێ وەفایی بوو... ئەوانەی وا هەستی بێ وەفایی یان تێدا هەبوو، لەم



دەروازەوە دەرباز ئەبوون و ئەچوونە جەستەی مرۆڤەوەو لەچاویاندا بێ وەفایی بەدی ئەکرا...

کۆترەباریکە نێرەکە وەڵامی پرسیارەکان و تێ نەگەییشتنەکانی وەرگــرت... هــەســتی زانــایی و ئــازادی ڕاخوشــییە دەروون و ناخیــەوە... دەمــارەکــانی پێکــەوە بزاڤیــان گــرت... حــەزی کــرد هەڵفڕێ و باڵ بگرێتەوەو لەلووتکەی گەردوونەوە بڕوانێتەزەوی...

لەشەقەی باڵیدا... هەڵفڕی... ڕۆییشت با بزانێ لەکوێدا خۆی ئەگرێتەوە... ئەوەشی ئەزانی لەهەر کوێدا خۆی بگرێتەوە بەرزترە لەدەروازەی دابڕان و وڵاتی بێ وەفایی...

چاوی مۆتەکەی بێ وەفایی و چاوەکانی پیرێژنەکە پڕبوو لەهەستی شکست و هەرەس هێنان. چاوە ئەستێرەکانی کچەکە ڕاڕایی و پەشیمانی تێدا بەدی ئەکرا... بەڵام کۆترەباریکەکە ئەوەندە دوورەوە کەوتبووکە لەشینایی ئاسماندا بەقەت خاڵێکی ڕەشی بچووکی لێهاتبوو...

2011/4/26

# تەنیایی

سلێمانی، بەهاری 1977

چیرۆکنووس لەپشت پەنجێرەی مەیخانە کەوەڕوانییە دەرەوە، شەقام تەڕبوو، باران جامی پەنجێرەکەو ئەسفاڵتی ڕێگەکەو شۆستەو قەناوەکە، دارتەلەکان و تەلی تەلەفوون و کارەباو قیرتاوی سەربانەکان و باڵای دارەکان و چرۆ تازەپشکووتوەکان و گەڕەکەکان و گومەزی مزگەوتی "گەورە" و سەربانی بازاڕی "نەقیب" و حەوشەی قوتابخانەکان و ئۆفیسەکان و کڵاو و شەپکەو ئۆڤێر کۆتی پۆلیسەکان و سەرو مێزەرو تاقمی پیاوماقووڵان و چارشێوی ژنان و قژی کچە مەدرەسەییەکان و کراس و پانتۆڵی کوڕە گەنجەکان و کەشوهەوای شاری تەڕ کردبوو... زەوی خووسابوو... قوڕولیتە بەپێڵاوی ژن و مێردێکی لادێییەوە نووسابوو. کابراکە لەپێشەوە ئەڕۆیی و خانمەکەیشی بەدوایەوە بەپەلەو هەندێ بەهەڵاتنەوە ئەڕۆییشت، لەوە ئەچوو بچنە سەر دوکتور... کابراکە گەڕاوەو شتێکی بەژەنەکە ووت، نەیزانی کابرای گوندی بەژنەکەی چی ووت، دیارە دەنگی زەلامەکی نەئەبیست... تەنیا کەسێکی تر لە مەیخانەکەدا دانیشتبوو، کابرایێکی چاوسوور... کۆنە عارەقخۆرێکی پاکبازبوو... ئەگینا کاتژمێر11/30ی پێش نیوەڕۆ هەبێ لەمەیخانەدا بۆ دانیشتبێ؟ مەگەر وەک کابرای چیرۆکنووس سەری لێ شێواوەو بەدوای



پرسیارە نادیارەکەی مێشکیدا سەرگەردانەو بەسەرسامی پەنای بۆ "مەیخانە" هێناوە؟

چیرۆکنووس نەهاتبوو "سووژە" بدۆزێتەوە، حەزی لەهیچ نەبوو، تەنیا ئەیویست چێژ لەبارانبارین وەربگرێ... حەزی لەبۆنی کاگڵی نماوی و تەڕنەبوو... پێی وابوو ئیتر باسکردنی کاگڵی دیوارەگڵینەکان وەک بیستنی گۆرانیەکی تازەباوکراوی ڕادێو و تەلەڤیزیۆن وایەو لەهەموو شوێنەوە بڵاوئەکرێتەوە،... بێ تام و چێژ هەبێ.. قەڵب هەبێ...

کراواتەکەی (بۆین باخ) هەندێ قرخ بوو، تۆزێ گرێکەی شل کردەوە... داوای قاپێکی تری کردو بێ پەروا خواردیەوە... حەزی نەکرد پەسنی تیژایی تامی ویسکیەکە لەمێشکیدا بدات، لەبەر ئەوەی لەچیرۆکێکی خۆیدا کەدوو ساڵ پێشتر بڵاویکردبووە لەو بارەوە بابەتێکی نووسیبوو. پێویستی بەوە نەئەکرد دووبارەی بکاتەوە... نایبێک و دوو سەرباز لەپاشیەوەبە بەر مەیخانەکەدا دەربازبوون... نایبە کەڕەشتاڵەیەکی قورس و زەخم بوو... لای کردەوە، چاوی سوور هەڵگەڕابوو، دەوری چاویشی ڕەش و ڕوانینیشی غەزەباوی بوو... بەئاستەم سپێنەی چاوانی دیاربوو... ڕووی کردەوە بەرەو ئاراستەی ڕوانینی پێشووتری و سەربازەکانیش بە دوایدا ڕۆییشتن. ئەتووت "جاشی قازی"ن... پێکەنین گرتی... قازی لەکۆندا دەستی چاکی ڕۆییشتووە، هەر وەک ئێستا،... کابرایەک لەخزمەتیدا بووەو تەنیا ئەرکی ئەوەبووە بەحوکمی قازی ژنی سێ تەڵاقەی بێ عیدەی "بایین" مارەبکات و

پاشان تەڵاقی بداتەوەبا بۆ مێردەکەی حەڵاڵ ببێتەوە!!! . قازییەکان کاریان گرێدان و پەیوەستکردنە... بەڵام ئەم سەربازانەو سەرۆکەکەیان نەجاشن و نەقازی... ئەمانە هاتوون پەیوەندییەکان بپسێنن و خەڵک لەیەک داببڕن، هەروەها ناخ لەجەستەش بتۆرێنن بەگوللەیەکی ئاسنینی زەردی خاوەن مردووی ڕووسی...

دیسان کپ و کش و مات هەڵگەڕا.... نائۆمێدی و تووڕەیی وەک هەرەس ڕووخا بەسەریدا... بزەی سەر لێوی زەرد هەڵگەڕا...

خوێن لەشادەماریدا لەجمەکەوت. هەستیکرد بیست گرامەکەی ناخی لەدەرونیدا سەرمای زریان لێیدابوو بەشەختەبوو بەسەهۆڵ بوو بەزوقم و لەبۆرییەکانی سیپەلاکیدا جەڕیدا...

هات ئەو هەستەی کەلەدەرونیدا درووست ببوو، بنووسێتەوە نەکا دواتر ئەو هەستەی تێدا درووست نەبێتەوەو نەتوانێ بینووسێ... دەستی دایە قەڵەمەکەی گیرفانی و پەڕەکاغەزێکی لەدەفتەرە بچووکەکەی گیرفانی قاتەکەی لێ کردەوەو دەستی بەنووسین کرد...

"**تەنیایی**"

سلێمانی: بەهاری1977 چیرۆکنووس لەپشت پەنجێرەی "مەیخانە"کەوە ڕوانییە دەرەوە. شەقام تەڕبوو، باران جامی پەنجێرەکەو ئەسفاڵتی ڕێگەکەو شۆستەو قەناوەکە، دارتەلەکان و تەلی تەلەفوون و....

2011/2/11 – سەقز



## پیرۆزباییەک لەمافپەروەرانی توونس

خوشک و برایانی مافپەروەر و خۆڕاگری توونسیم، سڵاو و ڕێز!

ئێستا کەخەریکی نووسینی ئەم دێڕانەم، نزیکەی پێنج کاتژمێر بگرە، کەمتر یان زۆرتر بەگوێرەی هەواڵەکانی مەدیا گشتیەکانی سەرانسەری دنیا جەنابی "زێنە لعابێدین بێن عەلی" سەرۆک کۆماری وڵاتەکەتان وڵاتی چۆڵ کردووە... کەس نازانێ لە"ماڵتا"یە یان خەریکە ئەگاتە "پاریس" یان ڕووی کردووەتە وڵاتانی کەنداو...

ئەمشەو خەڵکی جیهان لەهزر و مێشکیاندا یادەوەریەکی دیرۆکییان تۆمار کرد، داستانی قارەمانیەتی و ئازایەتی ئێوەی نەبەزو کۆڵنەدەر... ئێوەی ئازیزو ئازاو ئازاد... هەزار وشەی جوان و پڕ هەست و ئەمەکدارانەتان پێشەکەش بێت...

سەربەرزم کەچیرۆکێکی نوێ لەپاش ماوەیەکی درێژخایەندا ئەنووسم... دەمێکە بەهۆی گرفتەکانی خۆمەوە دەستم نەداوەتە پێنووسی چیرۆک نووسین... ئەگەر نووسیبێتم، هەمووی سەبارەت بەماف و یاساوەبووە... دیارە فرجەی ئاوڕ دانەوەم لەوێژەو ئەدەب نەبووە... بەڵام ئەدەبیات هێزی دڵی منەو ئەگەر لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا چیرۆکم نەنووسیوە تەنیا لەبەر زانکۆ و وانەکانم بووەو سەرقاڵی تاقی کردنەجۆراوجۆرە زانستیەکان بووم....

با باسی خۆم نەکەم لەبەر ئەوەی ئێوەو داستانی قارەمانیەتیەکەتان لەمن گرنگترە... ئێوەلەمن شیاو ترن کەباستان بکەم. من وڵاتی تونسم بەدارستانە زەیتوونەکانیەوە ناسیوە... پاشان بەوشەی کارتاژەوەو دواتر بەوشەی" زین العابدین بن علی"... لەبەر ئەوەی لە تەمەنی دوازدە ساڵانمەوە هەتا ئەمڕۆ من تەنیا دەنگی ئەو کابرایەم لەوڵاتەکەتانەوە ئەبیست! ! !

ئێستا کەسەرو ڕیشم سپی کردووەو شایەتحاڵی دارمانی دەسەڵاتی بێن عەلیم تێ ئەگەم کات چۆن بەسەر ئەبرێت و دەرفەتەکانیش چۆن لەدەس ئەچن... بەڵام وەک ئێمەی کورد ئەڵێین "بەر بەزەرەر لەنیوەشدا بگریت، قازانجە"، دیسان ئێوە بەرتان بەخەسارو زەرەرگرت و هیوادارم قازانج بکەن و خەڵکێکی زۆریش لەجیهاندا، ئەزانم، وەک من هیوادارن قازانج بکەن...

بمبوورن ناتوانم زۆرتر لەوەی کە لەمێشکم دایەو سەبارەت بەئێوەی خۆشەویست ئەزانم بدوێم، بەڵام ئەزانم وڵاتی ئێوە خاوەن مێژوویێکی کۆنەو سەرکردەیەکی بەناوبانگی وەک هانیباڵ لەچەرخە کۆنەکانی ناوەڕاستدا دەسەڵاتداری کارتاژ بووە... هانیباڵ هەراسی بەڕۆما هێنابوو... ئێوەش ئەمڕۆ چەسپاندووتانە کەهەر یەکەتان تەنگ بەزاڵم هەڵئەچنێ...

من لەنێوان ئێوەو خۆمان و ئەفغانەکان و دارفۆریەکان و بەربەرەکان و قبتیەکان و جوولەکەکان و ئەرمەنەکان و هەموو نەتەوەکانی جیهان جیاوازییەک نازانم... هەموومان پەیوەستین و



ڕۆح و ناخ و گیان و ئاواتەکانمان لەیەک بنەمادا یەک ئەگرێتەوە، ئەویش مرۆڤایەتی و ئاشتەواییە... من دەستی هەموو دایکان وەک دەستی دایکی خۆم ماچ ئەکەم و پێ و پێڵاوی هەموو ئازادیخوازێک لەسەر چاوم دائەنێم... سوپاستان ئەکەم وەبیری منتان هێنایەوە کەئازادی ئاواتێکی دوورە دەست و خەیاڵی نییە، بەڵکو هەروەک جاری جاران باوەشی ئێمە بەماڵی خۆی ئەزانێ و ئەگەر بەهۆی هەڵوەستەی شەرمنانەیان نەزانانە مانەوە تۆراوە، بەڵام چاوەڕوانی ئاماژەیەکی ئێمەیە بۆ ئاشتی و هاتنەوەی بۆ ئامێزو دڵ و گیانمان... تکاتان لێ ئەکەم، ئەم دەسکەوتە پیرۆزەتان بپارێزن و جارێکی تر تکا ئەکەم ئاگاتان لەخۆتان و بەرهەمەکانتان بێ... دڵی یەک ڕابگرن و ئاواتی ڕووناک و خۆش بۆ هەمووان بخوازن...

لەکوردستانی دێرین، لە وڵاتی میتانی و میدی و مینی و ئۆرارتۆی مێژوویەوە هەتا توونس وڵاتی کارتاژی قارەمان و پێگەی ئازادی، گوڵ و هەست و وشەی نازدار و بەختەوەرانەتان پێشەکەش بێت...

براتان، لایەنگری وێژەو قوتابیی بواری مافەکان

سەقز/ 2011/1/13

# ئامەدی

زوو زوو ئەیووت ئامەد گەرمە...، ئەیویست تێ بگا کاتێ ناوی "ئامەد" ئەبا من چی ئەکەم، ئەیویست لە بەرهەڵستی من سەبارەت بەوشەی ئامەد تێ بگات و بۆی دەربکەوێ ئەم سێ ساڵە کەیەکمان نەبینیوە هەر وەک جاران ماوم؟

لەئامەدەوە هاتبوو، خەڵکی گوندێکی دەوروبەری ئامەدبوو. ئەندازیاریی کشتوکاڵی تەواو کردبوو، بەڵام هێشتادا نەمەزرابوو. بۆ سەردان هاتبوو بۆ ئێرە. بۆ وانێ. ووتی: ببورە وەلامی تەلەفوونەکەتم نەداوە، کابرایێکی ڕەگەزپەرسەت لەگەڵماندا بوو، حەزم نەکرد بەکوردی قسەبکەین. ووتم: گرنگ نییە...

ووتی: بچین بۆ کوێ هەندێ دابنیشین؟ وەڵامم داوە: هەر کوێ تۆ بڵێی! ووتی: هەر وەک جاران، ئوزگول سەنتەر. ووتم: باشە...

لەپشت پاساژی ئوزگول سەنتەر داباخچەیەکی زۆر گەورە هەبوو کەجێگەی پشوودان و حەسانەوەبوو. چووین بۆ ئوزگول سەنتەر، لەسەر مێزێکی چۆڵ دانیشتین، لاوێک بەرەو ڕوومان هات و بەخێرهاتنی ئێمەی کرد، ووتی: چی بهێنم؟

ووتمان: دۆندۆرما (ئایس کرێم)! دوو لب (دانە)...

مێرمناڵەکە ڕۆییشت. ئامەدی بەمنی ووت دوو پرسیارم هەیەو دەستی بەپێکەنین کرد. ووتم باشە!. ووتی: بەکورمانجی



بەدۆندۆرما ئەڵێن چی؟ ووتم: شیر جەمەد. ووتی: لەکوێ درووس ئەکرێ؟ ووتم: مەرەش قارەمان! ...

هەردووکمان پێکەوە دەستمان بەپێکەنین کرد... لەپڕ ووتی: ئێوارەیەک ڕێپۆرتەری "ئوزگور گوندەم"م هێنا بۆ ئێرە لەگەڵت ووتوێژ بکات لە بیرت دێت؟ ووتم: باشم لەبیرە، ئەی لەبیرت دێ "ئیلیاس سەڵمان" هات بۆ ئێرە پێکەوە چوین بۆ لای، بەو بەیانییە زووە چەندە مەستبوو، چەندە باسی "سەمەد بێەرەنگی"و "ماسییە ڕەشە بچکۆلە" و "سادق هێدایەت"ی کرد. چەندە مەراقی کوردەکانی لە ئێراندا ئەکرد، چەندە داکۆکی لەنەتەوەی کورد ئەکرد...؟

دۆندۆرمایان هێنا. دەستمان بەخواردن کرد... ووتم: مانگی تەمووزەو ئامەدیش گەرم و جەحووناتە! ووتی: لەئەندازەدا نییە. ئەوەندە گەرمە مرۆڤ یاس و بێ تاقەت ئەکا. ووتم: هەبێ مەلەی "دیجلە" ئێستا خۆش بێ؟ ! ووتی: زۆر خۆشە، بەڵام خۆ ناکرێ تۆ کاروبارت بەجێ بهێڵیت و بچیتە ناو چەمی دیجلەوە هەر خەریکی مەلەبیت! ! !

دەستمان بەپێکەنین کرد ووتم: قەیدی ناکا ئەگەر خەڵکی "ئامەد" کاروباریان لەگەڵ خۆیان ببە نەناو ئاوەوە هەم گەرمایان نابێ و هەم کارەکانیشیان ڕائەپەڕێ؟ ! بەپێکەنینەوە ووتی: ئەوەنیە کاروباری ئەو خەڵکە لەوشکایی و لەشوێنی ئاسایی خۆیدا باش بەڕێوەئەچێ، با هەر ببرێتە ناو دیجلەوە نەکا چەرخی ژیان

لەگەرمادا بوەستێ! ئەوەندە کاروبارەکەی بەخێراییەوە ئەسووڕێ کەچەرخەکەی لەگەرمای کاردا سواوەو هەبێ فێنکی کەنەوە!!! .

ووتم باشە، ڕاست ئەکەی! بەڵام ئەڵێن ئەوێ شوێنێکی پیشەسازی و بەوزەیە... بۆ وا بەگلەییت؟ ! .

ووتی: هیچی تێدا نییە. کارخانەیەکی چیمەنتۆی هەیەو هەندێ کارخانەی بچووک بۆ شرکەو پرکە... کوا پێترۆکیمیا؟ کوا کارخانەی پۆڵاو مۆنتاژ؟ کوا؟ ! لەو لایشەوە ئەڵێن شوێنی کشتوکاڵ و بەرهەمی زەوییە، کوا کاروئیش بۆ من و کەسانی وەک من؟

بێ دەنگ بووم، ڕاستی ئەکرد. خۆی ئەندازیاریی کشتوکاڵی لەزانکۆی "وانێ"دا تەواو کردووە، سەربازی کردووە، دەی لەکوێوە کار پەیدا بکات؟ ! ئامەدو ئەسفەهان لە ئێراندا لەئاستی ڕێژەی دانیشتوان و پانتای دێمۆگرافیای شارەوە، وەک یەک وان. ئەسفەهان شارێکی سەناعی و پیشەییە، پۆلا، پاڵاوگەی نەوت، مۆنتاژ، پێترۆکیمیای لەخۆدا گرتووە، لەبواری تووریستییەوە سەرکەوتووە. خەڵک ڕووی تێ ئەکەن، بەڵام ئامەد هیچی پێ نەدراوە، تەنانەت ڕێزی لەبەر چاو تووریستەکانیش ئەشکێنن، پێیان ئەڵێن ئەوێ بڤەیە...

ووتم: گدیکۆ! (فلانی)... بڕوات ببێ لای ئێمەش وایە، "کرماشان" ئاقێقی ئەنگوستیلەی کوردەوارییە، تەنیا کارخانەی چیمەنتۆی هەیەو هەمبۆرگێرو هەندێ جێگەی شرەو شاتاڵ درووس



کردن. دیارە پاڵاوگەیەکی نەوتی هەیە، ئەویش بڕوات ببێ هیچ کەڵک و خێرێکی بۆ خەڵک نییە. لەزستاندا خەڵک کێشەی سووتەمەنی یان هەیە. هەر ئەوەندە. "ورمێ"ش هەر بەو جۆرەیەیان "سنە". گەنجەکانی لای ئێمەش وەک تۆ دەربەدەر و ئاوارەن. ئەمین سەیری منی ئەکردو دڵتەنگی پێوە دیاربوو. ویستم کەشەکە بگۆڕم، ووتم: لەوانەگەڕێ، ئێستا پاش سێ ساڵ یەکمان بینیوە باچوار قسەی خۆش بکەین. ئەو کچە داخراوە کەوا جارێک هاتم بۆ ماڵتان ئەویش لەوێ بوو، خەریکبوو ماکارۆنی درووس ئەکردو سڵی لەمن ئەکردو لەلای منەوە دانەئەنیشت! ! ! چی بەسەردا هاتووە؟

ووتی: "ئایتەن" ئەڵێی! لەو خونکە ساختەکارانەبوو.. درۆی ئەکرد، پێراربوو بەمامۆستا لە(حەسن کێڤ) خۆی دۆڕاند بەکوڕێکی مامۆستا. کوڕەکە خەڵکی "پاتنۆس" بوو، ئەویش هەر لەحەسن کێڤ مامۆستای خوێندنگەبوو، کوڕە نەیویست، بەڵام ئایتەن مەجبووری کرد کەبیخوازێ. ئەویش خواستی. ووتم: زۆر سەیر لەمن سڵی ئەکرد وای ئەزانی من هاتووم دەستدرێژی پێ بکەم! .

ووتی: نا! نا! خۆی شیرین ئەکرد کەبیخۆی! ... دەستمان بەپێکەنین کرد. ووتم: خۆت ئەزانی دوکتور قەدەغەی شتی شیرینی لە من کردووە لەبەر ئەوەی هەم شەکرەم هەیەو هەم ددانم خراپ ئەکات...!

بەدەنگی بەرز دیسانەوە پێکەناین... لەپڕ چاوم کەوت بەناو چاوی... غەریبی و تەنیایی و بێ کەسی لەناویدا شەپۆلی ئەخست. پێکەنین لەبیرم چوەوە، پێم وابێ هەستی بەهەستم کرد. هات مات ببێ، بەڵام ئەمجار بەزۆرو بەئیجبار دەستی کردەوە بەپێکەنین... تەنیا لەبەرمن...

ووتم: خەفەت و کەسەری خۆم بەلاییێک، ئەتوانم لەگەڵی ڕابێم و نەڵێم ئۆف... بەڵام خەفەتی ئێوە، ڕۆژێک لەڕۆژان، ئەمکوژێ... دیقم پێ ئەکات...

هەر ئەوەندەی ووت: دەردی ئێرە زۆر گرانە...

گریانم ئەهات، بەزۆر خۆم ڕاگرت. چەناکەو لێوم ئەلەراوە، گریانەکەم بەزۆر قووت ئەدا دواوە... دیسانەوە پێکەنیم. ئەویش پێکەنی.. ..پێکەنینەکەی وەک ژار تاڵ بوو.

ووتی دوێنێ لە"بازێد" بووم لەلای مەزارگەی "ئەحمەدێ خانێ"... ووتم: ئەی عەردهەژ (بوومە لەرزە)؟ ووتی: شاری کاول کردووە... وەک برووسکەیەک لەدڵی درا بێ ووتی: وەرە هەر ئێستا بڕۆینەوە بۆ ئامەد.

وای ئەزانی بەم قسە هەنسکی بەزۆر دامرکاوم هەبێ بەبزەیەکی بووژاو... هەناسەییێکم هەڵکێشا ووتم: ناتوانم، هێشتا پیاوی خۆم نیم... هاتن و چوونم بەدەس خۆم نییە. پێناسەکەم هەر ئەوەندە ڕەسمیەتی هەیە کەلەوەزارەتی ناوخۆوە دۆسیاکەم تووشی گرفتی ئیداری نەبێ...



ویستی تەماح بنێتە بەرم. ووتی: "دیجلە"، "دەرگە"، "زەبەش (شووتی)"، ئێستا کاتی خواردنیەتی...

وەڵامم نەداوە... ووتم: دایکت مردبوو؟ ! ! ووتی: ئەرێ، بیست و یەک ساڵە. ووتم: شوکر بۆ خودا لەماڵەوە خوشکەکانت هەن...

ووتی: باشەو باش نییە!

ووتم: ژن بێنەبا لەم بێ ڕەوتییە دەرباز بی.

ووتی: کاکە، کارم نییە. کار ببێ بەسەر چاو! ! !.

لەپڕ ووتی: برادەرێکی خەڵکی دهۆک دۆستمە، بەمنی ووت بچۆ بۆ ئەودیو لەوێ دائەمەزرێی.

ووتم: بۆ چ کارێک؟

ووتی: وەرگێڕ، بۆ زمانی تورکی...

خەمم لێهات... ووتم: باشە، بەڵام مەڕۆ! بەمەراقەوە ووتی؟ بۆ؟

ووتم: ئێرە چۆڵ مەکە... ئەوێ شوکر خەریکن لەخەم دەرباز ئەبن.

ووتی: وەرە باپێکەوە بچین، وڵاتی هەر دووکمانە.

ووتم: تۆ برۆ من برۆم و بحەسێمەوە ئەترسم ئەو لام لەبەر چاو بکەوێ...

ووتی: چۆن شتی وا هەبێ، کێ زێڕی خۆی لەبەر چاو ئەکەوێ؟ ! ! ئەوێیش ماڵی خۆتە...

# سێوێ

ڕاکشابووم. جگەرەم ئەکێشاو تەمەشای ئاسنەکانی سەر میچی ژوورەکەم ئەکرد کەتارماییەکەیان لەژێر گەچەوە دیاربوو. بیرم لەژیانی دوپشکێک ئەکردەوە کەسەر لەبەیان لەناو باغچەی ماڵەکەمدا گرتبووم و لەناو شوشەدا ڕام گرتبوو..

دووپشکەکەم زەردە...

نازانم کێ ئەو مافەی پێ داوم بەو دووپشکە بڵێم هی منە؟ بەڵام خۆم ئەڵێم و خۆم وا بڕیارم لەلای خۆم داوە بڵێم ئەو دەعبایە هی منەو کەسیش فڕی بەسەریەوە نییە.

دووپشکەکەم دووچاوی نیتکەی ڕەشی هەیە. خاڵێکی ڕەش بەسەر پشتیەوەیە. کلکی بڕێتییە لەحەوت بڕکە. دوو دەستی درێژی پێوەیەو لەنووکی دەستیدا لەباتی پێنج قامک دوو شتی تیژ ئەبنە قامکەکانی کەبەچەشنی مقاشن. وا دەچێ ئەگەر ملی ماریشیان بەرکەوێ بەجارێک بی قرتێنن. هەشت لاقیشی هەیە. جار جار بەلاقی دووهەمی، لاقی یەکەمی ئەخورێنێ وەک مێش.

کاتێ دیتم پێم وابێ خەوتبوو نا نا، خۆیدابوو لە کاسیی و سڕی، نەبزوا. دارە خرتەشمدا نەجووڵا. گاردی نەگرت، کلکی قیت نەکردەوە، زۆرم پێ سەیر بوو، لەسەرەتاوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ من زۆر هێمنانەبوو. مەبەستی دوژمنی لەگەڵمدا نەبوو. منیش بەهێمنی لەگەڵی هاتمە کەوان. شووشەی خاڵیم لەماڵەوەبوو.



هێنام و دووپشکەم خستەنێوی. هەندێک سەیرم کرد. بەپێچەوانەی جاران تەز بەلەشمدا نەهات. هەندێ شت وەک مارو دووپشک و ڕەقێنەی پشتی قالۆنچە کەبەقۆندەرە بەعەرزەوە ئەینووسێنی مچۆڕکە بەگیانی ئینساندا ئەهێنێ. بەڵام من وام لێ نەهات. پاشان گوڵێکم هێناو خستمە ناو شووشەکەوە. "گوڵی سوورو دووپشک"، هەردووکیان لەناو شووشەیێکدا، تێکەڵاوی یەک ببوون... سەیربوو. یان باشتر وایە بڵێم پاڕادوکسێک یان پێکهێنابوو.

یەکەم شت کەپێم سەیربوو دیتنی ئەو دیمەنەبوو کەدووپشکەکە دەستی بەسەر پەلێک لەگوڵەسوورەکەدا گرتبوو. باوەشی پێداکردبوو و وا دیاربوو نەیئەویست لێی ئاوەڵا ببێتەوە! !

دووهەم شتی سەیر پشوودانی بوو. دەس و لاقەکانی کووڕ ئەکردەوەو کلکی لەسەر پشتیدا دائەنا. هەر ئەتووت سەگەو کەروێشکەخەو ئەکات! سێهەم شت کەسەیرەو ئیتر نازانم چۆن بۆم ڕوون هەبێتەوە ئەوەیە :ن ازانم نێرە یان مێوە؟ ! زۆر گرنگ نییە، بەڵام لەلای خۆم وا بەڵێن ئەدەم کە لەم کاتە بەدواوە ناوی ئەنێم "سێوێ". گەرچی سێوێ ناوی کیژۆڵانە، بەڵام من بەدووپشکەکەم ئەڵێم "سێوێ". لەبواری سایکۆلۆجییەوە ئەتوانم بڵێم مەبەستی من لەهەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ دووپشکێک دەگەڕێتەوە بۆ چەن ئایتەم:

یەکەم، سەڵتم واتە بێ ژنم و لەبەر ئەوەی هێشتا بێ ژنم ئەو ئاواتانەم کەسەبارەت بەژنی خۆشەویستمە ئەچێتە کلێشەی کچێکی ژیکەڵەو جوانەوەو لەڕامانەکانم دا هەبێ بەکچی خۆم یان باشتر وایە بڵێم، ئەیکەم بەکچی خۆم. بۆیە ئەڵێن پیاو هەتا ژنی نەهێناوە حەز ئەکات ئەگەر ژن بهێنێ، یەکەم منالی کچ بێ، بەڵام پاش ئەوەی کەژنی هێنا و ڕامانەکان ئەبنە ڕاستی و حەقیقەت، بەو هۆیەوە کەپیاو پێداویستی ناخ و لەشی تێر ئەکات هەست بەهەبوونی منالی کچ ناکات یان ئەو ئاواتە زۆر سەرپۆرت و سەرزارەکی هەبێتەوە... لەهەموو ئەو شتانەش گرنگتر ئەوەیە کەمن ئێستا تەنیام. کەس بەدەورمەوە نییەو بەتەنیایی ژیان ئەکەم. حەز بەهاوماڵێک ئەکەم کەپێکەوە بژین و سات و کاتم لەگەڵیدا بەسەربچێت.

لەژیان خەریکە هەبێزرێم. لەژیانی تەنیایی... حەز بەپێکەوە ژیان ئەکەم. قەیدی ناکات کەمن چەن ماوەیەک لەگەڵ دووپشک ژیان بکەم! ...بەڵام پێکەوە ژیان تەنانەت لەگەڵ دووپشکێکدا بە هێمنانە خۆشە...

باکووری وڵات / هاوین/2001



# تێنیای چەکدار

من سەرنووسەری یەکێ لە ڕۆژنامەکانی کاتی دوانیوەڕۆی هەولێرم، پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئێمە لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کورستان هەواڵنێرمان هەیە. هەواڵنێری ڕۆژنامەکەمان لە "کفری"، بەپەلە تەلەفوونی بۆ کردم، هەر ووتم ئەلۆ! خێرا ووتی: مەرحەبا مامۆستا! وەڵامم داوە ڕۆژباش شاخەوان! چۆنی برام؟ ووتی: خۆش بی قوربان!

بەدەنگیەوە پەلەو هەڵپە دیاربوو... ووتم: خێر بێ! قسەت پێ یە؟ .. خێرا ووتی ئەرێ وەڵا... ووتم: ئا بڵێ باسی خۆمانە یان باسی شە قام؟ وە ڵامی دامە وە: باسی گە ڕە کێ کە و بابەتێکی هەرە تاپ... تازە بابە تە...

ووتم: ئەها! نەکا مادەی سەت و چل کەوتبێتە قۆناغی جێبەجێکردن؟ کفری یان خستەوە سەر حوکمی کوردی؟

ووتی: نا! بەڕێزم... ئە وانە نییە... لە دایرەی تەندروستیی شارەوە کردوویانەتە سەر بنەماڵەیەکی کاکەیی...

هەستم کرد بابەتەکە وەک شاخەوان ئەڵێ تازەیە... ویستم هەندێ بێ منەتی بکەم... ووتم: باوکم! خۆ پرسی ئەهلی هەقەکان بابەتەکی نوێ نییە لەم ڕۆژگارەدا...! شاخەوان ووتیەوە: بەرێ وەڵا تازەیە. .. ئەوەی من بینیومە و بیستوومە تازەیە!

هەڵم دایە: ئادەی کاکە شاخەوان! ئەوە خەڵکی سەر شەقامت هەڵجرنگاند! خۆ من درەنگ گەرم دادێم!

شاخەوان خێرا ووتی: بە خودا هیچ فیڵێکی ژورنالیستیم بەلاوە نییە... لەبەر ئەوەش نییە خەڵک بکێشمە بەر ڕۆژنامە فرۆشیەکانەوە بۆ کڕینی ڕۆژنامەکەمان... ووتم: دە باشە با دایخەین و بڕۆین بەلای کارێکی ترەوە... کوڕی باش جا ئەگەر قسەی سەرنج ڕاکێش و هەواڵی نوێ نەدەینە دەستی شەقام خۆ کەس ئاگای لە هیچ نامێنێت...دەستم بە پێکەنین کرد... شاخەوان ووتی: مامۆستا بەچی پێ ئەکەنی؟ پێم ڕائەبوێری...؟ ! وەڵامم داوە؛ تۆزێک بەتۆ ڕائەبوێرم و زۆرتر بە مەیتەڵۆکێکی خۆمان پێ ئەکەنم... هەر ئێستا کەوتەوە بیرم...

شاخەوان بەشەرمێکەوە ووتی: مامۆستا ببوورە! مەبەستم ئەوە نەبوو! ویستم بڵێم...

قسەکەم بڕی , ووتم: نا! لە بواری ویژدانەوە ژورنالیستەکان بەرپرسی پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و هێمایەتی کۆمەڵگەن , بەڵام هەر کەس پیشەو کارێکی هەیەو ئەوانیش ئەبێ نان بخۆن... ئەگەر شەرمنیش بین شەقام دەنگمان نابیسێت... شەقامیش خۆت ئەزانی هەمان ڕوانگەی گشتی و هزری پێناسەکراویکۆمەڵگەیە... ئەوەش هەموو بوارە ڕەفتاری و باوەرمەندییەکان ئەگرێتەوە... فەرهەنگی کۆمەڵگە لەپشت ئەم باسانەوەیەو مێژینەشی ئەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵی ڕابردوو...



نامەوێ باسەکە بگۆڕم، بەڵام مەیتەڵۆکەکەش ئەوەیە کە پەرژینی قاییم بێت بە خەڵکی بێ ئاگا و بێ خەبەر ئەڵێن ئەترێ و هاوسێ ماڵ خەبەری ئەکاتەوە... یان بە پیاوی گێل و بێ ئاگاش ئەڵێن ئاگای لە....وونی خۆی نییە... ئیتر حەز ناکەم لەوە زۆرتر بدوێم , شاخەوان گیان فەرموو لەگەڵتم بۆ بیستنی ڕاپۆرتەکەت...

شاخەوان ووتی: زۆر سپاس کاک ئەردەشێر! زۆر بە سۆدفە لە کۆڵانێکەوە ئەڕۆییشتم بینیم کابراییێک بە جلوبەرگی فەرمییەوە لەبەر دەرکی ماڵێک ڕاوەستاوە و پشتی لە کۆڵانەو ڕووی لەدەرکی ماڵەکەیەو کابراییێکیش لەناو دەرکەکەدا ڕاوەستاوەو هەردووکیان بە توندی قسە ئەکەن... زۆرتر لەوەی لە گفتوگۆ بچێ قسەیان بە زۆران ئەدا لەگەڵ یەکتر... چەند کەسیش تاک و کۆ سەیری ئەکردن. منیش هەر ئەوەندەم پێکرا مۆبایلەکەم دەرهێناو دەنگیانم تۆمار کرد هەڵبەت دیارە نەمهێشت کەس بزانێ خەریکی چیم لەبەر ئەوە ی خێرا خەڵکی تریش بە "چاولێکە ری" مۆبایلیان دەرئەهێناو دەستیان بە ڕێکۆردینگ ئەکرد. هەم هەواڵەکەی من ئە سووتاو هەم دووریش نییە کەسانی زیرەک و بزێو پەیدا ببن و وێنە ی لێ هەڵبگرن و بیخەنە سەر هێڵی ئینتێرنێت و لە یووتیووب و فەیسبووکدا بڵاوی بکەنەوە و لە نانخواردنمان بخەن! ... خۆم پێ نەگیراو بە دەنگی بەرز لەقاقای پێکەنینمدا... شاخەوان بە دەنگێکی سەرکەوتوانەوە ووتی: بە ڕاستیمە گەورەم!

وەڵامم داوە: باشە برا چیمان ووتـوە! تـۆ ڕاسـت ئـەکـەی. .. بڵـێ چت کردووە؟

شاخەوان ووتی: قوربان! نازانم ئێستا دەنگی  ماجەراکەت بۆ بگرم؟ ووتم: ئەرێ! وابکە ئەگەر دەنگەکەت باش تۆمار کردبێ هەر ئێستا ئەڵێم بینووسنەوەو لەژمارەی ئەمڕۆدا بڵاوبکرێتەوە... دیارە ئەگەر شیاوی چاپکردن بێت بێ نۆرە چاپی ئەکەین...

شاخەوان ووتی: بەڵێ وایە... ئەوەندە تێگەیشتم فەرمانبەری دایرەی تەندروستی کفری بەپێی سکاڵای کابرایێک کە گوایە دراوسێکەی گۆشتی براز ئەخوات و بەرازی لە ماڵ خۆیدا ڕاگرتوە ئەچێت بۆ بەر دەرگای ماڵی کابرایێکی کاکەیی...خۆت ئەزانی خواردنی بەراز لەلای هەندێ کوردانی غەیرە موسڵمان باوە... ئێستا دایرەی تەندروستی زەختی خستوەتە سەر ئەو زەلامەو ئەڵێ ئەبێ بەرازەکەت ڕادەستی ئێمە بکەیت و ئەم باسانە...

ووتم: دەنگەکەم بۆ بگرە بزانم لێی تێئەگەم؟ ووتی: باشە! دەنگی  تەلەفوونەکەم دەبڵ کردو ئەمانەم بیست:

قاڵمە قاڵم و هەراو بە زمی دوو زەلام هاتە گوێم...

... برای باوکم تۆ بۆخۆت گۆشتی بەراز ناخۆی مەخۆ! بەمن چی تۆ گۆشتی بەراز ناخۆی!

... بەڵام بەمن هەیە تۆ گۆشتی بەراز ئەخۆی! من ئەڵێم نابێ گۆشتی بەراز بخۆی! .



... بۆ برا؟ مەگەر تۆ میرمەزنی لەم خەڵکە هەڵکەتووی؟ بۆ وا بەم جۆرە کوێخایی و گزیری خەڵکان ئەکەی؟

... کاکە من کوێخا نیم و نازانم گزیر چیە , من فەرمانبەری دەوڵەتم , کارمەندی وەزارەتی تەندروستیم!

... پیرۆزت بێ , لەشت ساغ بێ , خوا تۆ بۆ ئێمە خۆش بکات , بەڵام کارت بەسەر ژیانی منەوە چیە؟

... کاکە! من ڕاسپاردراوی وەزارەتی تەندرووستیم. من بەهۆی ئەرکی ئیدارییەوە هەبێ کارو ڕاسپێردراوەکانم بەجوانی بەجێ بهێنم...

... فەرموو کاکە گیان , کێ پێشی بەجەنابت گرتووە؟

... تۆ!

... من؟ !

... ئەرێ، تۆ بۆ خۆت هەر ئێستا خەریکی ئەبی بەکۆسپی سەر ڕێگای من...

... کاکی من، برا گیان! من کابرایێکی " کاکەیی"م. لەئایین و دیانەتی مندا دەستووری قەدەغەی گۆشتی بەرازمان پێ نەدراوە. ئەم شتەش خودا و عالەم ئەیزانێ. ئێستا تۆ بۆ خۆت کردووە بەمیرەوە؟

... خاڵۆ گیان! من هەر ئەوەندە ئەڵێم  ڕێم بدە بێمە ژوورەوە، ڕێگەم پێ نادەی؟ ئەوەیە زد دوورە خۆ گەز نزیکە! ئەچم بەڵگەی دادگە ئەهێنم...

... بەڕێز گیان! ڕاوەستە بۆ وا جنگزبووی؟ ! دادگە بۆ ئەچی؟ فەرموو , بەڵام ئەمەوێ بزانم چی ئەکەی؟

... دێمە ژوورەوە با ئەو بەرازە وا ئەڵێی ماتۆڕی هۆندایەو گرمەگرم ئەکا پەتی بکەم و بیبەم بۆ وەزارەتی تەندرووستی.

... بیبەی چی لێ بکەی؟ !

... ئەیبەم نیشانی دوکتۆری ئەدەم ئەگەر جەوازی کوشتنی دەربکات , ئەیبەن لەشوێنێکدا سەری ئەبڕن یان بەڕەڵدای ئەکەین با بڕوات شوێنەواری ون بێ!

... برای من , کاکە گیان! ئەم بەرازەیان بەدیاریی لە "گەڕووس"ەوە بۆ من هێناوە. سەرانسەری دنیام بۆ نەخت بکەیتەوەو بەمنی بدەی بەراز بەکەس نادەم. تکایە بڕۆ لەکۆڵمان ببەوە...

... کاکە گیان! با پێت بڵێم , گرمەگرمی دێ , بۆنی سەنێرو تەرسەکەی گەڕەکی گرتووە , پیسە...

... مەڵێ پیسە , من ئەیخۆم , ئێمە ئەیخۆین! بۆ ئێمە پیسخۆرین وا بەبەراز ئەڵێی پیس؟!

... نا! دوور بێ لەڕووتان! مەبەستم سووکایەتی نەبووە بەڕێزم!

... ئەی ئەڵێی چی؟ ئەوە ئەگەر مانگا چڵێسەکانی ناو شار ببوایە وا سەر ئەکەن بەتەنەکە زبڵی ماڵانەوەو هەر گەندو گووژاڵێک ئەخۆن , پیس نەبوون؟ یان مریشک و بۆقلەو قازە کان



وا دەندووک بە هەموو پیسایی ناو کۆڵاناندا ئەدەن؟ بۆ هەبێ تەنیا بەرازەکەی من پیس بێ؟

... کاکە گیان! ئەوانە کرم و دەعبایان نییە , جەڵەب لەزگیاندا نییە! بەڵام بەراز , جەڵەب و کرمی هەیە!

... برای من! تکایە بڕۆی بەدوای کاری خۆتدا , من ئەمانە نازانم...

... بێ دەنگ نەبی کارو ڕەهاتێکی وەهات بەسەردا ئەهێنم , ئێسک و پرووسکت بەدەم قەل و داڵەوەبێ! برا گیان! لەناو زگی بەرازدا واتە لەڕیخۆڵە بچکۆلەیدا جۆرێ کرم بەناوی (تێنیا) هەیە , تێنیای چەکدار , چوار پێنج مەتر درێژە , هەموو جەستەی پڕە لەگەرا. زمانی ئەم کرمە، ماکێکی ژاراوی لەخۆیەوە ئەدەڵێنێ. ئەم مادەیە گۆشتی ئەو بەرازە ژاراوی ئەکات. هەر کەس لەگۆشتی ئەو بەرازە بخوات , نەخۆش ئەکەوێ , ئەویش تووشی تێنیای چەکدار هەبێ... پیسیی بەراز لەبەر ئەوەیە...

... ئەی کاکە! بۆ هەبێ مانگاو مەڕو بزن و وشتر تووشی ئەم دەعبایە نەبن هەر بەرازی قوڕبەسەر نەبێ؟

... ئەو ئاژەڵانەش هەیانە , بەڵام تێنیای چەکداریان نییە!

... کەوابوو هەر بەرازەکە لەگشتیان باشترە...

... بۆچی؟

... بەس نییە بەراز تووشی نەخۆشینی"گاشێتی" نابێ , کەوابوو تکایە لێم گەڕێ بەرازەکەی خۆم بخۆم لەگشتیان بێ قڕە

تره , ئەگەر تووشی جەڵەب و دەعباو تێنیاش بووم , هەر خۆم گیرۆ دەئەبم.... دەواو دەرمان ئەخۆم چاک ئەبمەوە... چاکیش نەبوومەوە ئەوە بزانە مدەم تەواوبووەو خودای گەورە ئەیەوێ بمکوژێت. کە کوشتمی دەسەڵاتی خودامان نییەو چارمان ناچارەو نابێ بێ ئەمری خودا بکەین....

زۆرتر لەوە حەزم نەکرد گوێ لەقسەکانی ئەو دوو زەلامە بگرم , یەک دووجار بانگم لە شاخەوان کرد وەڵامی نەدامە وە. هێڵەکەم پساندو تەلەفوونەکەم داخست...ئەمزانی شاخەوان زەنگم بۆ لێئەداتەوە... بیرم کردەوە شوکر بۆ خودا ماجەراکە سەبارەت بە جێنۆسایدو تێرۆر نەبووە، بەڵام شتەکە گرنگەو پێویستە لە بواری کەلتوورییەوە کاری لەسەر بکرێ بۆ شەقام کە ڕێز بۆ هاوڵاتیانی غەیرە موسڵمان و نەریتە ئایینییەکانیاندا بنرێت. ڕاستە کە نابێ هیچ جۆرە ئاژەڵێک لەناو ماڵ و خانووەکانی شاردا ڕابگیرێن. لەلاییێکی تریشەوە بەڕاوکردنی بەرازو ئاژەڵی کێویش ژینگەی وڵاتەکەمان تێکداوە لەو لایشەوە مەسیحیەکان و کاکەییەکانی کوردستانیش سەربەستن کە بەراز بخۆن. ماف مافە چ بۆ تاک چ بۆ کۆ! کەواتە نابێ مافی ئەوانیش بفەوتێنین. هاوردەی گۆشتی بەرازیش بۆ کوردستان ناکرێت , کەواتە ئەبێ چارەیەک بۆ ئەم پرسە بکرێ... هەر چۆنێک بێ ئێمە بەرەوپێشکەوتنی کولتوری و کۆمەڵایەتی ئەچین... باش وایە هەموو شت ڕەچاو بکەین و لەسەری کاربکەین... بۆ ئەوەی



دانیشتوانی وڵاتەکەمان بە ئاسوودەیی بژین... کاتێ بیر ئەکەمەوە قەومی کوردزمان بەدرێژایی مێژوو چەندە چەرمەسەری کێشاوە بە فتوای هزری خۆم ئەڵێم "ئەم خەڵکە زیاتر لە هەموو جیهان شیاوی ئاسوودەیی و تەندرووستی و خۆشگوزەرانین...".

لەم فکرانەدابووم شاخەوان تەلەفوونی بۆ کردمەوە... وەڵامم داوە: گیانەکەم! ووتی: مامۆستا خۆ هێڵ پچڕا! ووتم : کاکە گیان! سپاست ئەکەم بۆ ڕاپۆرتەکەت! زۆر جوان و بەڕێ و جێ بوو... حەیفە وەک هەواڵ بڵاوی بکەینەوە... ئەمەوێ خۆت وەک ژورنالیستێکی چالاک ئیش بکەی لەسەر قەزیەی کاکەییەکان و بابەتێکی لەسەر بنووسی و لەچەند ژمارەی پەسای پەسدا بڵاوییبکەینەوە... ڕات چیە؟

شاخەوان زۆر خۆشحاڵ بوو... بە دەنگێکی شادمانەوە وەڵامی دامەوە: زۆر سپاس کاک ئەردەشێر! بە چاوان! کارێکی وا بکەم جەنابت لە من ڕازی ببی...

ووتم: هیوادارم خۆت و شەقامیش ڕازی ببن...

تەلەفوونەکەم داخست... بانگم لە سێکرێتێرەکەم کرد , ووتم: کاک بەرزان تکایە ئەم هەواڵە تازە گەیشتوەی کفری ببەو تایپی بکەن و لەژمارەی ئەمڕۆدا جێگەی بۆ بکەرەوە...

تەواو / هاوینی 2003

# سەرئێشەی ئینتێرنێت!

ئەو کەسانەی وا لە پاڵتاک یان ژوورەکانی وێب چەتدا سووڕاونەتەوە ئەزانن من چی ئەڵێم. .. ئینتێرنێت لە دواپین ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا هاوکات لەگەڵ هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی کەنداو گەیشتە لای ئێمەش لە کوردستان... نەوەی ئێستاو زۆر کەسی تر فێربوون ئەم دیاردە , تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەیان بکە ن... زۆربەی خەڵک لە "فاناتیک"ەوە بگرە هەتا "ئەنتەلەکتۆئێل" , لە "بورژووا"وە بگرە هەتا دەوڵەمەندانی "باواندار" یان "نوێ توورەکە" , لە خوێندەوارەوە بگرە هەتا نە خوێندەوار , بە کورتی لەفەرمانبەرانی ئۆفیسەکانەوە بگرە تاکو ئەو کولووپانە وا بەقاچاخ خەریکی داونلۆدکردنی هەموو شتن , لەو کەسانەوە وا لەبازاڕی بوورسادا کار ئەکەن تاکو بیزنێس مەنەکان و سەڕافەکان و ڕۆژنامەوانان و سیاسەتوانان و فەشێن کارەکان و گۆڵد کووێستبازەکان و... سەریان کردە دیاردەی تێکنۆلۆجیکیی ئینتێرنێتەوە... زۆر کەس بەسەر دەستیی ئینتێرنێتدا ژنیان هێنا یان شوویان کرد زۆر کەس دەوڵەمەندبوون زۆر کەس بەقوڕی خەستدا چوون... دیاردەی مامەڵەی ئینتێرنێتی و ڤیزا کارت و تویتێر و یوتیووب و فە یسبووک و هەواڵنێریی ئینتێرنێتیدا هاتن و بوون بەباو... دزیکردن لە بانکەکان و کۆمپانیا گەورەکان سەریان هەڵدا... سیخوڕیکردن و شەڕی نێوان



دەوڵەتەکان چووە قۆناغێکی تازەوە... ماجەرای "ویکیلیکس" و بڵاوبوونەوەی دەیان هەزار بەڵگەنامەی داخراو و سەرهەڵدانی "هەکێر"ەکان و ئاوێشتنی ڤایرۆسەکان بۆ ناو تۆڕی ئینتێرنێت و زۆر شتی تر کە من سەری لێ دەرناکەم بە دوای هاتنی ئەم دیاردەدا هاتن. بە واتاییێک ئینتێرنێت دنیای ژێرو ڕووکردو تەنانەت ژیانی ئەم کابرا کوردە وا بەختی بەرگەشتەبوو "بەبای کزەی کەبابداچوو نەیزانی (پەرژینی قاییم بێت) کەرداخ کردنە"...

ئە م دێڕانەی خوارەوە بخوێننەوە با بزانن چی ئەڵێم...

... jow! تۆ زۆر ڕۆمانتیکی! خۆزگەم بەو کەسەی کەهاوسۆزو دڵداری تۆیە...!!!

... من هاوسۆزم نییە.

... چۆن شتی وا هەبێ!!؟ سی و دوو ساڵت تەمەنە! هەر کەس هەتا ئەم ماوە بژیێ و دڵدارو ئەوینێکی نەبێ هەبێ لەبواری دەروونی و سایکۆلۆژیکەوە کەمایەتی ببێ!

... من پێویستم بەهاوسۆزی نییە!

... چۆن وا ئەڵێی؟

... من ژنم هێناوەو هاوسەرم هەیە.

... زۆر باشە! ... چەن ساڵ هەبێ ژنت هێناوە؟

... دوازدە ساڵە... جاری یەکەم دوازدە ساڵ پێش ئێستا...

... مەگەر جارێکی تر ژنت هێناوە؟

... بەڵێ..

... ئەزموونی یەکەمی ژیانی هاوسەریت بۆچی سەری نەگرت؟

... سەری گرتووە... هەتا ئێستاش بەردەوامە.

... ئەی چۆن ئەڵێی ژنم هێناوە دووجار؟!

... باشە! درۆم نەکردووە. من دوازدە ساڵ پێش ئێستا ژنم هێناوە، دیسانەوە  ژنی ترم هێناوە.

... تێ ناگەم...

... ئاساییە! چۆنە تێناگەی؟ من ئێستا هاوکات دوو ژنم هەیە...

... تۆ... واتە تۆ میردی هەردووکیانی؟

... بەڵێ...

... بمبورە من هەبێ برۆم کارم هەیە...

کاکە "جەودەت" لەو کاتەوە کامپیۆتێرەکەی بەتۆڕی ئینتێرنێتەوە بەستوەتەوە لەگەڵ کچێکی نیوزیلەندی بووە بەدۆستی ئینتێرنێتی. ماوەی ئەم ئاشانیەتییە مانگێک نابێ. هەر کات لەگەڵ ئەو کچە chat (دەمەتەقێ) ئەکات , هەر لەخۆوە هەموو گیانی گەرم دادێ. لەبەرئەوەیە شێخ جەودەت پێیوایە زمانی قسەکردنی ژنان لووس و بەنازە. وشەکان نەرمن!!! و هەستی پیاو ئەبزوێ و پیاو خۆی بۆ کونترۆڵ نابێ...

ڕۆژێ لەو ڕۆژانەی کەکاک جەودەت لەگەڵ ئەو کچە قسەی ئەکرد ئەو ووتووێژانەی سەرەوەیان پێکەوە ئاڵوگۆڕکرد. ئەو قسانە وا بەوشەی Jow دەستی پێکرا!. چوار ڕۆژ پاش ئەم



ووتووێژە نامەیەک هاتبووە "inbox"ی جەودەتەوە. لەلایەن ئەو کچە نیوزیلەندییەوە هاتبوو , کچەکە نووسیبووی:

jow! من چوار ڕۆژە بیر لەخۆت و هەروەها ئەو دوو ژنەت ئەکەمەوە. بۆم ناگونجێ چۆن شتی وا هەبێ؟! ئینسان هەبێ زۆر خەیانەتکار بێ کەکاری بەو جۆرە ئەنجامبدا. شتێکی تر کە بەلامەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە , پیاوێک بتوانێ هاوکات لەگەڵ دوو ژندا باسی وەفاداری بکات! ئەوە درۆیێکی ئاشکرایە. من ئەم درۆزنی و بێ مستەواییەی تۆم هەستکرد , بەڵام ئەوەشم بۆ مسۆگەر بوو کەوا خەریکبووی لەگەڵ منیشدا درۆبکەی. نەرمە نەرمە ئەتویست باسی سۆزو ئەوینم لەگەڵدا بکەی. ئەوەش بەلامەوە زۆر سەیربوو , بۆیە پرسیارم کرد هاوسۆزت هەیە یان نا!... بەداخەوە سەیرتر لەڕەفتارت لەگەڵ مندا , بەلامەوە زانینی ڕاستییەک بوو کە تائێستا تووشی سەرئێشەی کردووم , ئەویش ئەمەیە کەبۆچی تۆ ئەوەندە بێ بەزەیی و بێدادگەری کەزۆڵمی وا گەورەت دەرحەق بە ئەو دوو مرۆڤە کردووە؟!

ئەمەوێ بەڕاشکاوی بڵێم ئەگەر ئەو دوو ژنە تا ئێستا هەستیان بەیەکتر نەکردووە، دیارە زۆر ساویلکەو قوربەسەرن. ئەگینا ئەگەر زانیبێتیان کەتۆ هاوکات مێردی هەردووکیانی و ئەوان هیچ ناڵێن، ئەوەم پێئەکرێ بڵێم، ئەو دوو ژنە نەخۆشن کەوا هێشتوویانە پەندو گوڵمەزی وایان بەسەردا بهێنی. بەداخەوە من لەوڵاتەکەی تۆدا ناژیم ئەگینا هەر سێکتانم ئەدا بەدەستی پۆلیس و دادگەوە

تاكو بە تاوانی پێشێلكردنی مافی مرۆڤ سزا بدرێن... بەڵام هەر باشتر وایە هەم تۆ و هەم ئەو دوو ژنە گێژو حۆلەت بسپێرن بەشێتخانەیەک، بەڵكو ببن بەبەشەر... و من ئیتر لەگەڵ تۆدا chat ناكەم و تۆ هەبێ بەئاواتی منەوە هەتا لەدنیادا ماوی بتلێیتەوە!!! ئیتر سپاس...

پاش خوێندنەوەی ئەم دێڕانە، كاك جەودەت ئاڵوگۆڕێكی هەرە مەزن بەسەریدا هات: خانەنشین بوو. هەردوو ژنەكەی دامابوون بەدەستیەوە. نا! باشتر وایە بڵێم گیریان خواردبوو بەدەستیەوە: شەو هەتا بەیان , سبەی هەتا ئێوارە , بەدیار ئەو كۆمپیۆتەرە پیسەوە! دائەنیشت و چاوی ئەبڕییە شاشەی مۆنیتۆرەكەوە. نەنانی نان بوو , نەئاوی ئاو! هیچی نەئەخوارد... و بۆیە قەت نەیئەتوانی ئەركەكانی ژن و مێرادیەتیش بەجێ بهێنێ!!!

ئەرێ... ئەوەبوو پاش ماوەیەک كاك جەودەت بەهۆی چاوەڕوانبوونی بە دوای ئەو كچە دڵناسكە نیوزیلەندییەوە تووشی ئاڵۆشی ڕۆحی و ئاڵۆزی فكری! هات و لەئاكامدا ژنەكانی هەستیان بەو ڕاستیەكرد Jow تەواو نییەو شێت بووەو هەبێ لەماڵ وە دەری نێن و ئەو كارەشیان كردو ئێستا بەبەرزیی بانانەوە ئەگەڕێن!! ...

ئاكامی ئەخلاقی ئەم چیرۆكە: كاك جەودەت دوو ژنی بوو شێت نەبوو، بەڵام بۆ ئەو كچە غەیرە دینە شێت بوو... لەم



بوارەدا شێخی سەنعانی بەزاندبوو، لەبەر ئەوەی بۆ ئەو كچە نیوزیلەندییە لەدین نەگەڕایەوە!

من بۆ خۆم پێموایە ئەشق لەئارادا نەبووە , جەودەت تەنیا لەژوورێكی websexدا هەڵسووڕاوەتەوە , بەهەڵكەوت لەگەڵ ئەو ژنە سەری ئاشنایی داخستووەو بەڵێ چاوەڕوانی شتیتر بووەو بەهیوابووە ئەو ژنە شتێكی لێ هەڵوەرێ!... بەڵام ئەوەبوو بینیمان ئەو ژنە خۆی نەدا بەدەستەوەو كاك جەودەتیش شێت بوو بردیان بۆ شێتخانە!!!

قسەزلێكم لێ ڕاستەوەبوو ووتی: ئەم هەمووەت بۆ ڕست؟ بڵێ: دوو ژنت هەبێ و ئاشق نەبی باشترە لەوەی كەئاشق ببی و ژنت نەبێ!

باكووری وڵات-2002 / ڕۆژهەڵاتی وڵات 2012

# دەسماڵە کەی نازەنین خانم

لەدوورەدەستی ڕێگەیێکەوەڕی پێوانێکی دەسپێکردبوو کەپەستان و گێچکەی سەردەمێکی بیست ساڵانەی ژیانی لەبنەی دوایین مەنزڵی ئەم چارەنووسە دیاریکراوەیدا بەجێەێشتبوو.

ڕێگەی شاری گرتبووەبەر یان گوندی ماڵە خالۆوانی کە یەکێ لەمڵکەکانی باوکی بوو؟! کاتێ بیری لەئاکامە خوێناوییەکەی باوکی کردەوە خەمێکی زیاتری کردە دڵیەوە. لەمامەڵەکەیدا تەنیا دەسەڵاتیی , کڕینی کاڵای خەم بوو. چارەنووسەکەی، کەلایەنی ئەم مامەڵەبوو , ناپیاوانە خەریکبوو خەمی پێ ئەفرۆشت.

دایکەکەی کەلەبنەماڵەیەکی ڕەعیەت واتە "کرماج"بوو بەئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانی بیست ساڵ پێش ئێستا بیەێنێتە ئەم دنیایەو بمرێ... باوکیشی... کەبەدەست و مەشقی خۆی شانازی ئەکرد , بەجوانیی و قۆزیی و دەوڵەمەندیی و مووچەو کێڵگەکان و باوک و باپیرانییەوە شانازیی ئەکردبوو بەفیدای فیشەکێکی گەرمی "ئەحمەد خان"، خانی ڕکابەر... لەپاش قینێکی حەوت ساڵانەشدا لەجەنگەی شەڕی یەکەمدا، لەو پەت پەتی کافر ماجەرایی گرانی و قاتوقڕو برسیتییەدا کەمرۆڤەکان وەک هەنگەژاڵەی قۆنووی مەینەتبار، پۆل پۆل لەپاڵ یەکدا گیانیان دەرئەچوو، لەبرسیتیدا ئەمردن و "ئەرکان حەرب"ی عوسمانی و "گۆبێرناد"ی ئورووس لەناوچەکەدا دەسەڵاتی گیان و ماڵ و نامووسی موسڵمانانی



"مەمالک مەحرووسە"ی ژێردەستی ئەحمەد شای قاجارە , کوڕەزای خاقانی پەک کەوتوو "موزەفەرە دین شا"یان هەبوو , مامەکانی کەوتنە تۆڵەستاندنەوەی برا کوژراوەکەیان و هەڵۆی ئەجەلیان هەڵدایە مێرگۆڵانی بەختەوەریی ئەحمەد خان و بەختی باڵندەی ئاواتەکانی ئەویان سووتاندو بەسەر کەوتوویی سواری چارەوای چارەنووسی بوون و خۆیان و هۆزەکەیان چەرخیان لەچەمەریدا گێڕاو بەفیشەکێکی تاپڕ یان بەگوللەی بڕناوی یەکێ لەدوو برای برا کوژراو و بەهاژو هووژە وە وەک دەبان چۆن جەرگی کەڵ ئەبڕێ کەللەی خانی پیاو کوژیان هەڵتەکاند و هەناسەیان بڕی. بەڵام لەپاش کوشتنی ئەحمەد خان، دیسان کوشتیانەوە، لەبەر ئەو دەستدرێژی و خۆ لادان و خۆ بادان و بەرزەدەماخیەی ئە حمەد خان، بێ ئەوەی هیچ جۆرە داوای لێ بوردنێکی کرد بێ هەروەک ئەوەی یەکێ لەنۆکەرەکانی خۆی فەلاقە کردبێ. ..

داخی ئەحمەد خان جەرگی برا کوژراوەکانی بەبریان کردبوو , برژاوی قینەبەری... کاتێ سەری بێ جەستەی ئەحمەد خانیان لەبەر پێی "خانی گەورە"دا پێشکەشکرد، خان هەناسەیەکی هەڵکێشاو ڕووی کردە ئەو نۆکەرەی خۆی کەوا سەرەکەی هێنابوو ووتی: سەرفەرازبی حەبیب! ئەو سەرە ببە بۆ خزمەتی "دایە خانم" تاکو دڵی بحەوێتەوەو لەلایەن منەوە پێی بڵێ: من کوڕی ئەوم و تۆڵەی براکەم ستاندەوە... نەفدیەم ویست , نەخوێنبایی و نەپێکهاتن... بەڵکو تۆڵەم کردەوە... دووجار کوشتم....

جارێکیان بەبڵێسەی ئاگری بڕناو، جارێکی تریش بەشەختەی تێخی خنجێری سارد! درۆیان نەکردووە ئەڵێن: قەساسە قاڵمەسە! ... بەقەساس، ئەبڕێتەوە!

کاتێ ڕوانییە باڵای "شاخەڕەش" و بەژنی ئەو چیای بینی خەمەکانی چەن جار زۆرتر بوونەوە. شنەیێک لەلایەن ئەم شاخەوە هات و خۆی خشاند بەسەرو سیمایەوە. کزەیەکی هەندێ سارد لەش و بەدەنی داگرت ئەڵێی تێخی کەتەری مامی کەسێزدەساڵ پێش ئێستا هێنابووی بەمل و گەردنی ئەحمەد خاندا، هێنایان بەملیدا... هەستی بێ تەناهی بوون، ورەی قۆرغ کردبوو...

لـەم جیهانـە بچکۆلانـەی بیـست سـاڵانەی ژیانیـدا، تـەنیـا کێڵگەکانی باوک و باپیرانی ئەناسـییەوە , دە دوازدە پارچـە گونـد کەچەند لەو گوندانە هی باوکی بوو , ئەوانی تریش هی مامەکانی و "دایە خانم" کەداپیرەی بوو بەوپەڕی توانـاوە دایکایـەتـی ئـەکـردو خانمانە , سەرپەرشتی داراییەکانی ئەکرد. ئەگەرچی تاوێ نە تاوێ ئازیەتبارییەکێ لەبراکـان یـان بـاوک یـان کـوڕو مێـردو ئامۆزاکـانی ئەبوو... لەناو ئەم هەموو مردووانەیدا کەگشتیان سـەر بـەبنـەماڵـە "سەر بەدەرەوە"کـان بـوون تـەنیـا یـەکیـان لـەنـوێنی نـەخۆشـیندا مردبوو , ئەوانی تـر لـەخـوێنکردن و تۆڵـەکردنـەوەو شـەڕو شـۆڕدا کوژرابوون. یەکێ عوسمانی گوللەبارانی کرد ئـەویتـر، ڕووسـەکـان دەس بـەسـەریـان کـرد بـۆ سـیبێریاو دووریـان خـستەوە، بـەڵام لـەنێـوەی ڕێگـەدا کوشـتیان، بـاوکی بـەزەرگـی برازاکـەی خـۆی



کوژرابـوو و مـام و ئامۆزاکانیـشی بـەدەسـتی براکـەی قـەتـڵ کرابوون.....

کوڕێکی لە"فەرەنگستان" ئەسپەردەی خاک کرابوو , ئەویتر لەبەرچاوی خۆیدا خرا گۆڕەوە... بەکورتی، خانم , ژنێکی ئازاو نەبەز و کۆڵنەدەربوو، دەس بڵاوبوو , زانا و لێهاتووبوو... بەداخەوە خانووی خانم هیچ کات ئاسایش و هێمن نەبوو.... لەبەر ئەوەی ئەو پیاوانەی کەلەدەوروبەریدا ئەژیان هەموویان شەڕانی و کەللە ڕەق بوون و خۆیان ڕادەستیچارەنووسێکی مەرگاوی ئەکرد... کاتێ کوڕە گەورەکەیان کوشت نەیئەزانی چی بڵێ؟ بە پاساوێک سەبری دڵی خۆی ئەدایەوە کەبووکە کرماجەکەی دوو گیانەو پشت بەخودا کوڕی هەبێ. بەڵکو هەندێ دڵی بحەوێتەوە... یەک دوو مانگ دواتر , بووکەکەی کوڕی بوو... خانم دڵی حەواوە، بەڵام خەم و پەژارە دایگرتەوە: ئەم کۆرپە ساوایە دیسانەوە کێشەی بەرپا ئەکرد... وارسێکی نوێ... ئەم جارەش دیسانە وەشەڕی بەشە ماڵ و میرات لەبن پاڵیەوە لەماڵەکەیدا دەستی پێ ئەکرد...

"دایەخانم" ئەیزانی، کوڕەزا هەتیوەکەی دوژمنانێکی زۆری بەدەور خۆیەوە درووس کردووە... لەبەر ئەوەی هاتووەتە ئەم دنیاوە...

دیسانەوە سەیری شاخەڕەشی کرد... لەبەر پشتوێنەکەیدا دەسماڵە گوڵچنەکەی "نازەنین خانم"ی حەشاردابوو. دەسماڵی

جودایی و دووری , نازەنین کچی خان , کاتی ماڵ ئاوایی لەپەنجەرەی ماڵی ئاغاوە خستبوویە خوارەوە دوێنێ شەو , بەرەبەیان نازەنین ووتبووی: باوکم هەڕەشەی کوشتنی لە تۆ کردووەو ئەڵێ ئەگەر بیگرن هەبێ بەزیندوویی بینێمە چینی دیوارەوە . . .

کەوتەوەبیری "خانم". دایە خانم لەملّکەکەی خۆیدا ئەژیا. دیارە داڵدەی ئەدا... بەڵام هەستێکی ناخۆشی بوو. متمانەی نەبوو... ئەم جارە زۆر دڵنیانەبوو... "شا خان"، کوڕە مامی، کەچەن ساڵێک لەخۆی بەتەمەنتر بوو , هەروەک ئەو بێ باوک و هەتیوبوو , بەڵام لەساو پەنای دایەخانمدا گەورەببوو. شاخان هیچ کات ڕەفتارێکی شیاوی لەگەڵدا نەئەکرد , ئێستاش بارودۆخەکە بۆی لەباربوو تاکو دەستی خۆی بوەشێنێ و داخی دڵی بەسەریدا بڕژێنێ... داخێکی ژاراوی و کەسکون و کۆن , بەجۆرێ کە بۆ هەمیشە لەهەموو شت بێ بەشی بکات... شاخان بەو بەژنە ورگن و شیشمانەیەوە، بەو لووتە بەرزەیەوە هەموو کات فەخری بەسەردا ئەکرد.

لەناو قەدی چیاکەوە سەرکەوت... کاتێ چاوی بەچەمی جەخەتوو کەوت، ورەی ڕووخاوی، ژیایەوە. کەوتەوە بیری دەنگی خۆشی خۆی... هەموو کەس دەنگیان ئەناسییەوە... دەنگێکی شەش دانگ و بەرزو ڕەسەن... لەم دواییانەدا سۆزێکی



ئاشقانەشی تێکەڵ ببوو , سۆزێکی نەرم و نازەنین هەروەک هێمایەتی چرکەی دەسپێکردنی ژیان و لەدایکبوون و هەبوون....

ویستی لەتەنیاییەکانیدا، بەدەم بەژن و باڵای چیای شاخەڕەشەوە گۆرانی یەک بسترێنێ، لەکانگای دڵەوە , لەحەشارگەی ناخی پڕ لەهەست و ئەویندارییەوە , هەستێک کە پڕە لەخۆشەویستی و ئەوین... و ئەم هەستە لەلایەن "مامەخان" ئەو هەڕەشەو مەترسی خرابووە سەر، مامەخان هەڕەشەی کردبوو "بەزیندوویی ئەی خاتە چینیی دیوارەوە"...

"مامەخان" تەنیا بیری لەخۆی ئەکردەوە: هەر ژن بخوازێت و تەڵاقی بدات لەبەر ئەوەی دڵی بەکوڕەوەبوو. کوڕی زۆر... کوڕ، کوڕ، کوڕ تاکو بەشەماڵێکی زیاتر لەمیراتیەکانی باوکی، لەو سفرەو خوانە پڕ پیتە , وەربگرێ. تاکو کوڕەکانی لەڕکابەرییەکانی داهاتوودا پشتی لەبەرانبەر براکەیدا بگرن... لەلاییێکی تریشەوە بتوانن لەگەڵ شاخان , کوڕی براکەی تری کە ماوەیەک پێش ئێستا بەنەخۆشینی سیپەلاک کۆچی دوایی کردووە دەس بەبەرانبەر کێ و ڕقەبەری بکەن و سەری لە سەنگ بدەن... دیارە تا ئەو کاتەش دایەخانم بەڕەحمەتی خودا چووەو "شا خان" تەنیاو بێ پشتیوان کەوتووە.

لەدڵ خۆیەوە ووتی "ئاغا چکۆل" دیارە زۆر سۆزداری ژنە کرماجەکەی بووە کەگوێی بە هەڕەشە و گوڕەشەکانی دایکی نەداوەو لەگەڵیدا زەماوەندی کردووە... کاتێ بیری لەدایک و

باوکی کردەوە , هەنسکبەری بەبینی گرت. فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتەخوارەوە... دەسماڵەکەی نازەنین خانمی لەبەر پشتوێنەکەی دەرهێناو چاوەکانی پێ سڕییەوە... گریانی ئەهات... بەری بەگرین نەگرت... هێشتی فرمێسکەکانی هەڵوەرێن... کاتێ گریا , هەستی ستران ووتن , خۆی لەگەڵ هەستی بێ کەسیەکی قووڵدا گۆڕییەوە...

لەخوار شاخەڕەشەوە، لای چەپ، گوڵەخاشخاشە ئەرخەوانەکانی بینی کەلەبن نەواڵەکەدا ڕوابوون. بۆنی خاشخاش سەرانسەری کوێستانەکەیدا گرتبوو. جارێکیان "مامەخان" ووتبووی: لەگوڵەخاشخاش، تلیاک ئەگرن... مامەخان زۆر حەزی لەتلیاک بوو...

دەسماڵەکەی هەڵگلۆفی و لەلەپیدا گرمۆڵەی کردو لەکێوەکەدا پەڕییە خوارەوە... دەنگی کوللە ناوچەکەی گرتبوو... هەتاو هەتا ئەڕۆیی گەرم و گڕاویی تر ئەبوو... بەدەسماڵەکەی نازەنین خانم عارەقەی سەرو چاوی سڕی. کاتێ کەوتەوە بیری چەندە یەکتریان خۆش ئەوێ هیوا ڕووی تێکرد. تێفکری: دایەخانم لەلای "مامەخان" تکای بۆ ئەکات و هەموو شت ئەبڕێتەوە. خانم بەڵێنی پێ دابوو کاتێ گەورەبێ بەشەکەی پێ ئەدات تاکو بتوانێ لەیەکێ لەگوندەکانی باوکی واتە "ئاغاچکۆل" کەئێستا مامەکان ئیدارەی ئەکەن , ژیان بکات و ژن بهێنێت و ئیتر خۆی دوچاری ماجەرای



سەیرو بچووک نەکات و خۆی تووشی کوشتن و بڕین نەکات... باوکی وایکردو خۆی بەکوشتدا.

هیوا لەدڵیدا گەشەیکرد... کۆششی کرد خێراتر ڕێ بپێوێ... هەبێ لەم چۆمە بپەڕێتەوەو لەچەن گوندی تر گوزار بکات و بگاتە گوندەکەی دایەخانم... دایەگەورە هەبێ ئاگەداری ئەم قسەو باسانەبوو بێتەوە... بەڵکو ئەویش بڕوای بەقسەلۆکەکان کرد بێت و دڵی ئێشابێ... یان نا... بەڵکو تێگەیشتبێ ئەم هەراو بەزمە ساختەکارانەیە لەکوێوە ئاو ئەخواتەوە...

لەدوورەوە سەگوەڕی ئێوارانەی سەگەکانی گوندی "خانم" ئەهاتە گوێی... وا دیاربوو ئەو سەگانەش هەستیان بەڕەوشێکی نائاسایی کردبوو... جرووکەی بایە قوش ئەهات. کێڵگەکان بەشنەی بای کاتی تاریکان ئەشنانەوە... دەنگی نەرمەخشەی گەڵای دارەکان ئەهات.

دوو سەت سێ سەت هەنگاو هەتا گوندە کەڕێگە مابوو، تارمایی دوو زەلامی بینی کەلەقەراغ ڕێگەکەدا هەڵتروشکابوون... وایزانی خەڵکی گوندەکەن... دوو ژەندرمەی بینی , شەبکەی سەربازییان لەسەر کردبوو... هاتنەپێشەوە... لەناو جاڕە گەنمەکەوە یەکێ دەرپەڕیی و هاتە پێشەوە سڵاوی کرد... ناسییەوە: "عەلی مەیتەر" بوو... ئەڵێی لەشتێک ئەترسێ... پێی ووت: چۆنی عەلی؟ دایەخانم و شاخان چۆنن؟ شتێک هاتووە تەئارا؟ عەلی هەندێ ئارامەوەبوو... وەڵامیدا: نەخێر خانزادە!

بەڵام شاخان ئەمری کردووە نەهێڵم جەنابتان بێنە ناو گوندەوە. ژەندرمەکان هاتوون جەنابتان دەس بەسەربکەن و بتانبەن بۆ "ئیجباری"! یەکێ لەو دوو زەلامە هاتە پێشەوە هەندێ سەری دانەواندو بەحورمەتەوە ووتی: قوربان! بەحوکمی سەرۆکی پاسگەی سنووری مەڵبەندی "کولتەپە" ئێوە هەبێ بچن بۆ سەربازی و هەر ئێستاش بێ هیچ پاساوێک خۆ بەدەستەوە بدەن ئەگینا بەبیانووی ڕاکردن لەخزمەتی ئیجباری لەمەحکەمە ی سەربازیدا , تاوانبار ئەکرێن...

کاتێ سواری ئەسپی ژەندرمەبوو , یەکێ لەژەندرمەکان جڵەوی ئەسپەکەی گرت، ئەوی تریان سواری ئەسپەکەی خۆی بوو , ووتی هەتا بگەیینە شار، جێ گۆڕکێ ئەکەین... ژەندرمەکەی تر کەلەغاوی ئەسپەکەی گرتبوو، بەهەندێ دڵگرانییەوە ووتی: سەربازیکردنی ئەم خانانەش بۆ من بووەتە مایەی سەر ئێشەو پەت پەتی! لەکاتی گەنجایەتیمدا کاتێ نۆکەری خان بووم جڵەوی ئەسپە کەم ئەگرت و ئەو سواربوو من پیادە...

ئیتر گوێی بۆ قسەی ژەندرمەکان شل نەکرد... ئاگای لەزەوی بڕابوو... سەیری ئاسمانی ئەکرد... هەوا تاریکی کردبوو , ئەستێرەی "سوەیل" هەڵهاتبوو. لەژێر لچەوە هەڵبەستێکی فولکلۆری ئەووتەوە:

ئەی مانگ من و تۆ هەر دوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەک ئاخی سەردین



ژەندرمەکان "دمەڵیان درگای ببوو"، هەر خەریکی گێڕانەوەی قسەو باسی خۆیان بوون...

دەستیکرد بە بەرپشتوێنەکەیداو دەسماڵە گوڵچنەکەی "نازەنین خانم"ی دەرهێنا. لەتاریکایی شەودا سپیایی دەسماڵەکەی بینییەوە... بۆنی مێخەک و سمڵ و گوڵباخی لێوە ئەهات.... بۆنی پێوەکرد... چاوەکانی دیسانەوە , ئاسمانیان پشکنی. ئەستێرەکانی "لەیلێ و مەجنوون" هەڵهاتبوون... جارێکیان دایەخانم چیرۆکی لەیلێ و مەجنوونی بۆ وەگێڕابوو و شەوێکیش هەردوو ئەستێرەکەی پێ نیشاندابوو , ووتبووی: لەیلێ و مەجنوون، دێوانەو ئەویندارى یەکتربوون، بەڵام بەیەک نەگەییشتن، کاتێ هەردووکیان مردن بوون بەئەستێرەو چوونە ئاسمان، بەڵام چارەنووسیان وابوو ئەستێرە کانیشیان لەئاسماندا لە یەک دووربن...

هەناسەیێکی هەڵکێشاو خۆیدا بەدەس چارەنووسەوە... ژەندرمەکان بێ دەنگبوون و ڕێگەیان ئەپێوا...

تاران/ سەرەتای مانگی گوڵان 2010

## زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی 2012ی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
## بەڕێوەبەرایەتی گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە
## بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

| ژ | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | بابەت | نرخ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|
| 668 | گەلای پاییز | عەبدولقادر عەلی مەردان | بیرەوەری | 5000 | 400 |
| 669 | گەنج گۆمی سیاسەت دەشڵەقێنێ | ئومێد خۆشناو | گشتی | 3000 | 144 |
| 670 | دوران های زبان کردی و مجموعه زبان های ایرانی | و. مستەفا ئێلخانی زادە | زمان | 3000 | 144 |
| 671 | خلاصه تاریخ کردستان | احمد قاضي | مێژوو | 5000 | 448 |
| 672 | بزەی شۆڕش (دیوانی شیعری مامۆستا ڕاوچی) | کۆکردنەوەی کاوەی کوڕی مامۆستا ڕاوچی | شیعر | 3000 | 280 |
| 673 | کاتێك ئەزموونەکان دەدوێن | و.کەریم سۆفی | ئەدەب | 1500 | 128 |
| 674 | سیڤییەکان3 | شێرزاد هەینی | گشتی | 2000 | 256 |
| 675 | مەرگی وەنەوشە | یاسین قادر بەرزنجی | چیرۆکە هەواڵ | 4000 | 432 |
| 676 | گەمەی مێشك | ئا: ڕەمزی مەلا مارف | زانیاری | 7000 | 344 |
| 677 | پیاوی ئەشکەوت دڵێکی هەبوو | شێرکۆ هەورامی | شیعر | 3000 | 332 |
| 678 | گەردوون ناسی لەبەر سێبەری قورئان و زانست | غەریب عەلی عەزیز | زانستی | 3000 | 176 |
| 679 | گەشتەکەی زینۆفۆن | و: محمد مسعود محمد | مێژوو | 3000 | 264 |
| 680 | دیاردەو راڤە | ئازاد دارتاش | گشتی | 2000 | 192 |
| 681 | تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا | پرۆفیسۆر دکتۆر طاهر حەسۆ زێباری | سۆسیۆلۆجیا | 4000 | 288 |
| 682 | الادب الشفاهي الكوردي (مرة أخرى) | علي الجزيري | أدب | 3000 | 224 |
| 683 | پێناسەو ڕاڤەی کۆمپیوتەر | ئاراس نوری ئەحمەد | IT | 5000 | 528 |
| 684 | کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس | کۆکردنەوەو ئا: ئاکار جەلیل کاکەوەیس | مێژوو | 2000 | 208 |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 685 | لە ژێر ساباتی کوردەواری دا | ئەبوبەکر شوان | فۆلکلۆر | 2000 | 256 |
| 686 | ڕێچکەی سەربەخۆیی | عەلی سام ئاغا | سیاسی | 2000 | 104 |
| 687 | مێژووی مەسیحییەت | جمیل عیسی | مێژوو | 3000 | 104 |
| 689 | وشە نامە | حەمەساڵح فەرهادی | ئەدەب | 1000 | 104 |
| 690 | دیوانی عاصم | د. کەمال مەعروف | ئەدەب | 2000 | 280 |
| 691 | ماندوو | فەرزین کەریم | سینەما | 2000 | 144 |
| 692 | هەبوو نەبوو | و. شۆڕش گوڵکار | گشتی | 3000 | 128 |
| 693 | فەرهەنگی ڕەسەن (بەرگی یەکەم) | دانانی: محەممەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز) | فەرهەنگ | بۆ هەردوو بەرگ 10000 | 520 |
| 694 | فەرهەنگی ڕەسەن (بەرگی دووەم) | دانانی: محەممەدساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز) | فەرهەنگ | بۆ هەردوو بەرگ 10000 | 324 |
| 695 | فۆلکلۆری خۆشناوەتی | محەمەد جەمال توتمەیی | فۆلکلۆر | 3000 | 144 |
| 696 | تەنیا خەمی گوڵە مێخەکەکانمە | چنوور سەعیدی | چیرۆك | 2000 | 116 |
| 697 | هەقایەت و قسە خۆشەکانی باوکم | د. ئیدریس عەبدوڵڵا | فۆلکلۆر | 2000 | 304 |
| 698 | سیناریۆکانم | عەدنان عوسمان | سینەما | 2000 | 232 |
| 699 | ناسناو | ئیرەج عیبادی | ئەدەب | 2000 | 112 |
| 700 | هاودیان | فازڵ هاودیانی | مێژوو | 4000 | 208 |
| 701 | توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی 19 – 22/ئەیلولی 2011 | ئا: لیژنەی بەدواداچوونی کارەکانی کۆنفرانس | زمانەوانی | 2000 | 528 |
| 702 | دەستەواژە نوێیەکانی میدیاو پێوەندیپێکردن | و: بەهزاد حەوێزی | راگەیاندن | 2000 | 176 |
| 703 | جوگرافیای دێ نشینی ( کوردستانی عیراق وەك نمونە) | د. خليل اسماعيل محمد م. ئەیوب خەلیل ئیسماعیل | جیۆستراتیژی | 2000 | 200 |
| 704 | وتەکانی ناودارانی کورد و جیهان | ئا – کۆکردنەوەی: مەهدی بێداوی | گشتی | 2000 | 240 |
| 705 | بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەو | و: هاوڕێ سورخابی | سیاسی | 4000 | 640 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | سیاسەتی نێودەوڵەتی | | | | |
| 706 | خۆشی و شۆخی | رەفیق مەلا کەرەم ستونی | گشتی | 2000 | 154 |
| 707 | دوعاو نزای مەناسیکی حەج و عومرەو زیارەتی مەدینەی مونەوەرە | محەممەد ئەمین جەمیل موفتی | ئایینی | 3000 | 208 |
| 708 | موقد الثلج الاسطورة في الشعر الكوردي الحديث | ناجح المعموري | أدب | 3000 | 184 |
| 709 | تیمۆجین – ئاخەرین سامۆرای | ڤینۆس فایەق | ئەدەب | 2000 | 112 |
| 710 | الوسائل البديلة عن القضاء، لحل النـزاعات | زينب وحيد دحام | قانوني | 3000 | 200 |
| 711 | فۆتۆشۆپ CS5 | ن. ئا: نەریمان بەهرام محەمەد | IT | 6000 | 288 |
| 712 | دیوانی میرزا ئەولقادری پاوەیی | کۆکەرەوەو نووسینی موحەممەد رەشیدی ئەمینی | شیعر | 3000 | 520 |
| 713 | نەوت و دکتاتۆریی (ئابووریی سیاسیی وڵاتانی هەناردەی نەوت) | و: د. شەماڵ حەوێزی | ئابووری | 3000 | 96 |
| 714 | نۆبەرەی من لە خەرمانی ئەدەب و وەرگێڕانەوە | ئیحسان سابیر خەیات | ئەدەب | 2000 | 216 |
| 715 | زبانی ئاڤێستا سەرچاوەی زمانی سانسکریت و رێگ ڤێداوە کوردی ئەمڕۆ | ئیسماعیل ئەیوبی | مێژوو | 2000 | 160 |
| 716 | هەورازەکانی دنیا | رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی | چیرۆك | 2000 | 96 |
| 717 | ئاخاوتنگەلێ دەربارەی کورد | و: جەمال گردەسۆری | ئەدەب | 1000 | 104 |
| 718 | پێدەنگی شەوان | ئاسۆ حەسەن | هونەر | 3000 | 304 |
| 719 | بەندیخانەی بۆرسۆئێن | ئازاد کەریمی | کورتە چیرۆك | 3000 | 152 |